# موسابەگی موتکان

## بەدناوکراوترین دەرەبەگ و سەرۆکخێڵی کورد لــەجیهان




پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

زانکۆی سلێمانی



2019

## پێشەکیی:

خوێنەری بەرێز، ئەم نووسینەی بەردەست گێڕانەوەیەکی دێکیومێنتارییە بۆ یەکێک لەبەناوبانگترین کەیسەکانی دەیەی هەشتەمی سەدەی نۆزدەیەم لەمێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانییدا، ئەویش کەیسی موسابەگ و دادگاییکردنەکەیەتی لەشاری ئەستەمبوڵ لەپایزی ١٨٨٩دا، ئەو موسابەگەی وەک دەرەبەگ و سەرۆکخێڵێکی بەهێزو جەربەزەی کورد لەولایەتی بدلیسەوە لەکوردستان برایە ئەستەمبوڵ و لەوێ بەویست و بەبەرچاوی نوێنەری وڵاتە زلهێزەکانی جیهانەوە دادگایی کرا.
لەراستییدا، دادگاییەکەی موسابەگ بەتەنیا رەهەندێکی نێوخۆیی نەبوو، بەڵکو لەئەنجامی چەندین هۆکار، رەهەندی نێونەتەوەیی بەخۆوەبینی و دواتریش بووە خاڵێکی جیاکەرەوە بەرەو قۆناغێکی مەترسیدار لەپەیوەندیی دەوڵەتی عوسمانیی و زلهێزە ئەوروپییەکان لەلایەک و هەروەها لەپەیوەندییەکانی نێوان ئەرمەن و دەوڵەتی عوسمانیی و هەروەها لەنێوان کوردو ئەرمەنیش لەلایەکی ترەوە.
رەهەندی نێودەوڵەتیی ئەم کەیسەی موسابەگ لەوێوە سەرچاوەی دەگرت، کە بوون و دەسەڵاتی موسابەگ، وەک پێشێلکارییەک و سەرچاوەیەکی هەڕەشە بۆسەر بەندی ٦١ی پەیماننامەی بەرلینی نێونەتەوەیی و هەروەها لەمپەرێک لەبەردەم چاکسازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەولایەتەکانی رۆژهەڵات، لەلایەن زلهێزەکانەوە لەقەڵەم دەدرا. جگەلەوەی، حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەزگای مسیۆنێرییە پرۆتستانتەکانی سەربەخۆیان لەناوەوەو دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانیی، لەمێژبوو موسابەگی خانەدانی کوردو دەسەڵاتداری دەشتی موشیان بەدوژمنیکی سەرسەخت و پیاوێکی مەترسیدار دەبینی و هەمیشە بەوە تۆمەتباریان دەکرد کە لە٢٢ی مایۆی ١٨٨٣دا، پەلامارێکی دڕندانەی کردۆتە سەر دوو قەشەی هاوڵاتی ئەمریکیی لەبدلیس و بەوەش پێشێلی رۆحی ریکەوتننامەی نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانیی و ئەمریکای کردووەو شایەنی سزادان و تۆڵەلێسەندنە!
پێوستە بوترێت کە لەلایەکی دیکەوە، ئەم کەیسە جگە لەرەهەندە نێونەتەوەیی و دیپلۆماسییەکەی، رەهەندی دیکەی مێژوویی، سیاسیی، یاسایی هەیە کە دەکرێت هەریەک لەوانە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆو وردیان

لەبارەوە بکرێت. کەیسێکە لەدۆخێکی زۆر ئاڵۆزو هەستیاری ژیانی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی و ململانێی نێوخۆیی و دەرەکیی ئیمپراتۆریی عوسمانییدا دەرکەوت، ئەو دۆخەی سەرەتاکانی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامگەرایی دەوڵەتیی و ناسیونالیزم و سۆسیالیزم و هورووژمی ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی تێدا بەرجەستە بوو. ئەوەی هەیە ئەم کەیسە، بابەتێکە وردەکاریی و رووداوەکانی هەتاوەکو ئێستا لەمێژووی کورددا نادیارەو هەواڵەکانی تۆمارنەکراون. ئەم کارەی بەردەست لەبنەڕەتدا هەوڵێکە بۆ تۆمارکردنی بەشێکی بنەڕەتیی ئەو هەواڵ و رووداوانەی تایبەتە بەکەیسەکەی موسابەگ و خستنەبەرچاوی بەشێک لەوتۆمارو بەڵگەنامانەیە کە لەنێو ئەرشیفخانەکانی دەوڵەتانی بیانیی پارێزراون، ئەوەی نەک هەر ئەرکێکی ئاسان نییە بەڵکو بەشی خۆی گران و ماندووکەریشە.

دەبێت لێرەدا ئەوەش بڵێم، کە سەرەتا ئامانجی ئێمە نووسینی تەنیا وتارێک بوو لەیادی ١٢٩ ساڵوەگەڕی دادگاییەکەی موسابەگ لەئەستەمبوڵ، بەڵام کاتێک بەنێو ئەو ئەرشیفدا گەڕاین، ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەو هەواڵە رۆژنامەییەکانمان سەبارەت بەو بابەتە کەوتەبەردەست، ئەوەش هانیدان تەنیا بەوتارێک نەوەستین و مل لەئامادەکردن و ئەنجامدانی ئەم بەرهەمەی بەردەست بدەین کەساڵێکی خایاندو لەیادی ١٣٠ساڵوەگەڕی دادگاییەکە بڵاودەکرێتەوە.

دڵنیاشم ئەم بەرهەمە رچەشکێنە، کە بەری ماندووبوونێکی سەختە، کەلێنێکی گەورە لەمێژووی نوێی کورد پڕدەکاتەوە.. لەگەڵ رێزدا.

پ. دکتۆر یاسین سەردەشتی
زانکۆی سلێمانی/ 23 ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

## گۆڕانکارییەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و دەرکەوتنی پرسی ئەرمەنیی و ڕەوشی کوردستان لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا.

ئاشکرایە کە سەدەی نۆزدەیەم سەردەمێکی چارەنووسسازو پڕ گۆڕانکاریی بوو لەژیانی ئیمپراتۆریی عوسمانییدا، ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا تەواوی کایەو جومگە سەرەکییەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و ئیداریی گرتەوەو کاریگەریی لەسەر تەواوی ئاستەکانی نێوخۆ و پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئمپراتۆرییەکە هەبوو. ئەو لاوازیی و پەڕپوتییەی کە ماوەیەکی زۆر بوو لەئاکامی زنجیرەیەك هۆکاری کاریگەر رووی لەدەوڵەتی عوسمانیی کردبوو، وێڕای تەواوی ئەو فشارە دەرەکییانەی کە لەلایەن زلهێزە ئەوروپییەکانەوە دەکرایە سەر ئیمپراتۆرییەکە، هەموو ئەوانە هاندەربوون فەرمانڕەوایانی عوسمانیی هەوڵی نوێبوونەوەو چاکسازیی بدەن و روو لەمۆدێرنە بکەن و وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا بکەنە مۆدێلێك بۆ لاساییکردنەوە. شایەنی باسە، سەرەتاکانی ئەم هەوڵە پێش دەستپێکردنی سەدەی نۆزدەیەم، لە سەردەستی سوڵتان مستەفا و سەلیمی سێیەم (1761-1808) لەبواری سەربازییدا دەستپێکردبوو، بەڵام لەگەڵ هەڵاتنی خۆری سەدەی نۆزدەیەم و چوونە سەرتەختی سوڵتان مەحمودی دووەم (1808-1839)، سەرەتای قۆناغێکی نوێ لەگۆڕانکاریی و مۆدێرنە دەستیپێکرد، ئەو قۆناغەی کە لەمێژووی عوسمانییدا بە قۆناغی " تەنزیمات" ناودەبری و لەنێوەرۆکدا ئامانج لێی گواستنەوەو وەرچەرخانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بوو بەرەو مۆدێلێکی نوێی دەوڵەتداریی و بەڕێوەبەرایەتییو فەرمانڕەوایەتیی کە لەسەر بنەمای ناوەندگەرایی و دامەزراندنی حکومەتی بیرۆکراتیی و بنیاتنانی دەوڵەت – نەتەوە راوەستابێت. ئەوەی هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ستراکتۆری رژێمە کۆنەکەو پێکهاتەی مێژوویی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و جەوهەری فەرمانڕەوایەتیی و دابەشبوونی نفوزو دەسەڵات لەئیمپراتۆرییەکەدا پێکدژو ناکۆك بوو، جگە لەوەی، پیلان و چاوتێبڕینی هێزە دەرەکییە ئەوروپییەکان و پێکدادانی بەرژەوەندییەکانیان هۆکاری چەندین گرفت و ئاستەنگ بوو لەبەردەم ئەم هەوڵی وەرچەرخان و گۆڕانکارییانە، بەشێوەیەك، تادەهات ئیمپراتۆرییەکە لەنێو خەستەلیتەی رۆچووی قەیرانگەلێکی قووڵ و

لەچارەنــەهاتوودا نغرۆ دەبــوو کــە جگــە لەچارەنووسێکی رەش، هیوایــەکی تری بۆ بەردەوامی لەبەردەمدا نەبوو.[1]

لەراستییدا، گوزەر بەئاراستەی بنیاتنانی دەوڵـەتی ناوەندگـەرای بیرۆکراتـی لەسـەر داروپــەردوی میراتیـی ئیمپراتۆرییــەکی ئـاینیی، کـە دەسـەڵات تێیـدا لەســـەر بنـــەمای ناناوەندگـــەرایی و هەرێمگـــەرایی و بژاردەگـــەرایی دامەزرابوو، یەکێك لە هەرە بنەڕەتییترین ئەو گرفتانە بوو کە وەرگـەڕانێکی شـڵەژاو و لــەناکاوی لەهــەناوی کۆمــەڵگای عوسـیمانییدا هێنایــەئاراو ئیمپراتۆرییەکـەی تووشـی جـەنگێکی نێوخـۆیی کـرد لەگـەڵ هەرێمـە نیمچـە سەربەخۆکان و دەسەڵاتە لۆکاڵییە ئۆتۆنۆمییەکاندا لە رۆژئاواو رۆژهـەڵات، ئــەو جەنگــەی جگەلــەوەی کــە زیــانێکی بێشـوماری رۆحیــی و مــادیی و مەعنەویی بـە دەوڵـەت و گـەلانی نێو ئیمپراتۆرییەکـە گەیاند، سـەرەتایەکیش بـوو بـۆ هاتنەکایـەی خولیاگـەلێکی دژەدەوڵـەت و دژەئیمپراتۆرییەکـە لـەنێو بەشێکی گـەورەی دانیشـتووانی دەوڵـەتی عوسـمانیی، ئـەوانـەی لەسـەرەتادا هەوڵیاندا دژایەتیی سیاسەتی ناوەندگەرایی سوڵتان مـەحمودی دووەم بکـەن و بەڕوویـدا بووەسـتن، وەك ئـەوەی نـەك هـەر لەبـەلقان و سـربیا و یۆنـان و هەرێمە کریستیانییەکانی رۆژئاواو دواتر میسری محەمـەد عەلیدا روویانـدا، بگرە لەنێو گەلێکی موسوڵمانی وەك کوردیش لەکوردستان قـەوما، ئەوانـەی جگەلــەوەی بــەدرێژایی مێــژووی ئیمپراتۆرییەکــە لەحاســت دەســەڵاتی خەلافەتدا وەفاداربوون و هێزێکی کاریگـەرو بـەرگرییکار بـوون لەقـەوارەی ئیمپراتۆرییەکە دژی دوژمنـانی لـە رۆژهـەڵات و لـەباکوور (ئێرانییـەکان و رووسەکان).[2]

شایەنی باسە، ئەوەی زیاتر دۆخە ئاڵۆزەکەی دەوڵەتی عوسمانیی ئـاڵۆزترو ناســەقامگیرتر دەکــرد بریتییبــوو لــە دەســتێوەردان و فشــارو پیلانگێڕیــی بەردەوامی دەوڵەتە زلهێزە ئەوروپییەکانی وەك روسیاو فەرەنساو بریتانیـاو نەمســاو ئــەڵمانیا و دواجـاریش ئەمــەریکا لــەکاروباری نێوخـۆیی دەوڵــەتی عوسـمانیی و قۆزتنــەوەی دۆخەکـە بـوو لــەپێناو بــەدیهێنانی بەرژەوەندییـە

[1] بۆ زیاتر :

Ried، James J. Cirisis in the Ottoman Empire: prelude to Collapse: 1839-1878 (Franz Steiner Verlag Stuttgart، 2000).

[2] جليل جليلي ، من تاريخ الأمارات الكردية في الأمبراطورية العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع عشر، ترجمة: محمد عبدو النجاري، بيروت، 1987.

بازرگـانیی و سیاسـی و سـتراتیژیی و تایبەتـەکانی خۆیانـدا. بـەکورتترین سـەرنج لـە پەیوەندییـە دەرەکییـەکانی ئیمپراتـۆریی عوسـمانیی ئـەو راستییە دەسـەلمێت کـە لـەماوەی سـەدەی نۆزدەیەمـدا تـا چ رادەیـەکی مەترسـییدار دەوڵـەتی عوسـمانیی بۆتـە خانـەخوێ و ئامـانج و گۆڕەپـانی یەکلاکـەرەوەی ململانـێ و دەسـتێوەردانی بەرژەوەنـدیی ئـەم زلهێـزە ئەوروپییانـە و تـا چ رادەیـەیکش ئـەم ململانـێ و دەسـتێوەردانانە، کاریگـەریی گـەورەو چارەنووسسازیان لەسەر ئاڵۆزبوون و ئاڵۆزتربوونی گرفتە هەمەلایەنـەکانی ئمپراتۆرییەکـە هـەبووە، بەتایبـەت، دەبـێ بـزانین کـە هەریـەك لـە روسـیاو بریتانیـا، بەشـێکی گـەورەی ململانـێ و پیلانـە کۆلۆنیالییـەکانی خۆیـان دژ بەیەکتر لەسەر خاکی عوسمانیی ئەنجامدەدا.

هـەروەها خولیـاو ئامانجـە فراوانخوازییـەکانی روسیای قەیسـەریی لەسـەر حیسـابی دەوڵـەتی عوسـمانیی و دواجـار هێـرش و پـەلامارەکان و ئـەو جەنگانـەی کـە روسـیا لەسـەرەتاو ناوەڕاسـتی و دواچـارەکی سـەدەی نۆزدەیەمدا دژی ئیمپراتۆرییەکە هەڵیدەگیرساندن، نەك هـەر بـەزیانی مـادیی و مرۆیـی و مەعنـەویی گـەورە و سـەپاندنی چەنـدین رێکەوتننامـەی شکۆشـکێنانەو نابەرابـەری لـەدژی عوسـمانییەکان لێدەکەوتـەوە، بـەڵکو زەمینەیەکی فرە لەباریشی بۆ دەستێوەردانی زیاتر لـە کێشە نێوخۆییـەکانی ئیمپراتۆرییەکە دەڕەخساند، کە تادەهات هەلومەرجـەوم قەیرانـەکانی قووڵتر دەکـردەوە و سـەرئەنجامیش بەلەدەسـتدانی زیـاتری سـەروەریی و دابڕینـی زێـدەتری خـاکی ئیمپـارتۆریی عوسـمانیی کۆتاییـدەهات و دەرفەتگـەلێکی زیاتری لەبـەردەم ئـەو زلهێزانـە دەڕەخسـاند کـە دەستوەردانی زیـاتر بکـەن و پیلانی زیاتر بۆ هێنانەدی بەرژەوەنییەکانیان دابڕێژن، وەك ئـەوەی لەبـەلقان و بەشـی رۆژئـاوای ئیمپراتۆرییەکـە روویـدا، بەشـێوەیەك هێشـتا خـۆری سەدەی تەواو ئاوا نەببوو کـە دەوڵـەتی عوسمانیی تـەواوی بەشـی ئـەوروپیی ئیمپراتۆرییەکـەی لەدەسـتدا و یـەك بەدوایـەکی گـەلانی ئـەو ناوچانـە پـاش زنجیرەیـەك ململانـێ و پیکـدادانی خوینـاویی، جیابوونـەوەو سـەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، کە دواهەمینیان بولگارییەکان بوون.

کاریگـەریی جـەنگی روسـیی-عوسـمانیی (1877-1878) لەسـەر ئیمپراتـۆریی عوسـمانیی وێرانکـەربوو، بەشـێوەیەك نـەك دەرئەنجامەکـەی بەتـەنیا بووەهـۆی لێـدانی گـورزی کەمەرشـکێن لەخـەونی چاکسـازیی و بوژانـەوەی ئیمپراتۆرییەکـەو هێنانـەدی جێگیریـی سیاسـی و ئـابووری و

ناچـارکردنی دەوڵـەتی عوسـمانیی بۆ رازییبـوون بـە لەدەسـتدانی تـەواوی قەڵەمڕەوەکەی لەبەلقان، بەڵکو بەشێکی هەر گەورەی رووداوەکانی جـەنگ، لەبـەرەی بـاکوری رۆژهـەڵاتی ئیمپراتۆرییـە، لـە قـارس و ئـەرزڕۆم و ئەردەهانـدا روویانـداو پاشـتریش ئـەم ناوچەیـە بـووە ناوەنـدی ململانـێ و چاوتێبڕین و چڕبوونەوەی پیلانەکانی وڵاتانی ئەوروپیی بەرژەوەندییدار بۆ زیـاتر فشارخستنەسـەر دەوڵـەتی عوسـمانیی. ئـەوەش نـەك هـەر بـووە هۆی گۆڕانی جەوهـەری لەپێکهاتـەی دانیشـتووانی ئیمپراتۆرییەکـە و لەدەسـتدانی زۆرینـەی دانیشـتووانە کریسـتیانییەکەی لەبـەلقان و تێکچـوونی هاوسـەنگیی بـەلای پێکهاتـە موسـوڵمانەکەی دانیشـتوواندا، بـەڵکو تـۆوی نـاکۆکیی و پـەرتبوون و ورووژان و دابـڕان و پێکدادانیشـی بـۆ بەشـێکی هەسـتیاری ئیمپراتۆرییەکـە لـەباکووری رۆژهـەڵات گواسـتەوە، کـە بـەهیچ جۆرێـك چاوەڕیی ئایندەیەکی گەشی لێ نەدەکرا.[3]

دیـارە بـەگوێرەی بەنـدی 16ی پەیماننامـەی کـە لـە3ی مـارتی 1878دا، لـەنێوان هـەردوو دەوڵـەتی روسـیای قەیسـەری سـەرکەوتوو و دەوڵـەتی عوسمانی دۆڕاودا گرێدرا، روسیا جگە لەسەپاندنی هەژمونی خۆی بەسـەر ناوچەی باکوری رۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیی، بناغەی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆم بۆ کەمینە کریستیانییەکەی ناوچەکە، کە ئەرمەنییـەکان بـوون، لـەژێر سەرپەرشـتیاریی روسـیا خـۆی دامەزرانـدبوو. ئـەوەش بریتانییەکانی بەتوندیی سڵەماندەوە، چونکە ئەوان ئـەم هەژمونـەی روسیایان لە ناوچەکە بەگورزێك لە پەیکـەری خۆیـان و بەرژەوەندییەکانیان لەتـەواوی ناوچەکە دەدایە قەڵەم کە لەزۆر رەهەندەوە زیـانی بۆ بازرگـانیی و ناوبانـگ و پێگـەی کۆلۆنیالییـان لەناوچەکـە و جیهانـدا هـەبوو، چونکـە شـاڕێگەی کـاروانی بازرگـانی ئێـران و عوسـمانیی بـە ترابزۆنـدا تێدەپـەڕی و بـوونی روسـەکان نـەك هـەر ئـەو بازرگانییـە، بـەڵکو تـەواوی باشـووری بـە کەنداویشـەوە دەخسـتە مەترسییەوە. هەربۆیـە بریتانیـا زەمینـەی کـۆنگرەی بەرلین و پەیماننامەی بەرلینی لە 13ی یۆلیۆی 1878دا، رەخساند، کـە تێیدا زامنـی پاشەکشـەی سـوپای روس لەوناچانـەدا کـراو هـەروەها بـەگوێرەی بەنـدی 61ی پەیماننامەکـە، دەبـوو بـابی عـالی بـێ دواکـەوتن چاکسـازیی

[3] ئێریک جەی زوچەر، مێژووی چاوچەرخی تورکیا، وەرگێرانی: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتی، چاپی دووەم، سلێمانی،ل ل ١٢١-١٣٥.

لەدۆخی ئەو هەرێمانەدا ئەنجامبدات کە ئەرمەنیان تێدا نیشتەجێیە و زامنی ئاسایشی ئەرمەنەکان دژی دەستدرێژیی کورد و چەرکەسەکان بکات.[4]

بەم شێوەیە، گۆڕانکارییەکانی ئەم قۆناغە، زەمینەی خولقاندنی کێشەگەلێکی نوێی لەناوچەکەدا هێنایەئارا و کردیە چەقی ململانێ و پێکدادانی بەرژەوەندی هێزە ئەوروپییەکان و دەوڵەتی عوسمانیی و گەلان و رەگەزە ئیتنیی و ئاینییە جیاوازەکانی ناوچەکە و گلاندنییە نێو گێژاوی ئەو ململانێ و بەرژەوەندییانە، بەتایبەتی کوردو ئەرمەن کە دوو پێکهاتەی دیارو سەرەکیی دانیشتووانی ئەم ناوچەیان پێکدەهێنا، ئەو ناوچەیەی کە لەرووی مێژووییەوە، بەشێکی بنەڕەتیی و دانەپچڕاوی لەکوردستان پێکدەهێناو لەناوەو دەرەوەی ئیمپراتۆرییەکەش بەو ناوەوە ناسرابوو.

لەلایەکی ترەوە، زەقبوونەوەی پرسێکی نوێ بەناوی "پرسی ئەرمەنیی" لەنێو ئیمپراتۆریی عوسمانییداو خزانی ئەو پرسە بۆنیو رەهەندی نێودەوڵەتیی پاش جەنگی رووسی-عوسمانیی و کۆنگرەی بەرلین، کاربەدەستانی بالای ئیمپراتۆرییەکەی تاڕادەیەکی زۆر شڵەژاندبوو، بەشێوەیەك ئاراستەی رووداوەکان بە بارێکدا دەڕۆیشتن کە ئاماژەی مەترسییداری ئەوەی دەدا هەمان ئەزموونی پێشووی بەلقان لەبەشێکی گرنگی رۆژهەلاتی ئیمپراتۆرییەکە دووبارە بێتەوە، ئەمەش لەقۆناغیکدا بوو کە سوڵتانێکی بەجەختی وەك عەبدولحەمیدی دووەم (1876-1909) تەختی خەلافەت و دەسەلاتی بالای دەوڵەتی مسۆگەرکرد، ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بەرنامەی بۆ چەسپاندنی دەسەلاتێکی دیسپۆت و سەنترالیزەو داخراوی داڕشت و لەپێناو چەسپاندنی دەسەلاتی رەهای خۆی و یەکخستنی توانای دەوڵەت بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییە نێوخۆییەکان و دژبە دەستێوەردانە دەرەکییەکان تێکۆشا، بەرنامەیەکی ئەوتۆ کە پایەکانی لەسەر سیاسەتی یەکێتیی ئیسلامیی یان ئیسلامگەرایی داڕێژرابوو، ئەوەی بەشێکی بریتیبوو لە نزیککردنەوەو راکێشانی بژاردەی کۆمەڵگا موسوڵمانەکانی ئیمپراتۆرییەکە لەپێناو یەکخستنی تواناکان بۆ رووبەرووبوونەوەی

---

[4] S. ASLIHAN GÜRBÜZEL، HAMIDIAN POLICY IN EASTERN ANATOLIA (1878-1890 ) ، MASTER's THESIS، BİLKENT UNIVERSITY **A**NKARA، 2008،p20.

مەترسییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسیی و کارگێڕیی.

## سەرنجێك سەبارەت بە پرسی ئەرمەنیی

وەك ئاشکرایە، یەکێك لەدیاردە زەقەکانی جیهانی مۆدێرن بریتییە لە دەرکەوتنی ناسیونالیزم و جوڵانەوەی گەلان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی. ئەم دیاردەیە زادەی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فەرهەنگییەکان و هەروەها وەرچەرخانە مێژووییەکانە کە بەتەنیا لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا قەتیس نەما، بەڵکو وەك دیاردەیەکی جیهانگەرای دنیای مۆدێرن، پەلی بۆ وڵاتانی دووردەستی دیکەی جیهانیش کێشا و تەنانەت لەدواکەوتووترین وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقاشدا، ڕەنگیدایەوە.

دەوڵەتی عوسمانییش کە وەك هەر هەر ئیمپراتۆرییەکەی دی کە چەندین وڵات و هەرێمی جیاوازی لەخۆدەگرت و لەچەندین قەوم و مەزهەب و ئاینی جۆراوجۆر پێکهاتبوو، لەم دیاردە پەتائاسایە بەدوورنەبوو، بەتایبەت، لەسەدەی نۆزدەیەم و لەپاش بەریەککەوتن و وابەستەبوونی دەوڵەتی عوسمانیی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و فیکرییەوە بەسیستمی جیهانی مۆدێرن، ئەو دیاردەیەی کە سەرەتا لەبەلقان و لەنێو گەلانی کریستیانیی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرییەکەدا دەرکەوت و پاشان ڕووی لە گەلانی ناوەوەو ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەکەش کرد.

جوڵانەوەی ناسیونالیستی ئەرمەنیی، یەك لەو جوڵانەوە بەرچاوانەی ئیمپراتۆرییەکە بوو کە لەکۆتا چارەکی سەدەی نۆزدەیەمدا بەزەقیی دەرکەوت و ڕەهەندێکی نێوخۆیی و دەرەکیی مەترسیداری بەخۆوە بینی.

لازاریف، دەرکەوتنی جوڵانەوەی ناسیونالیستی ئەرمەنیی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە دەگێڕێتەوە کە لەستراکتۆری ئابووری-کۆمەڵایەتیی گەلی ئەرمەنییدا هاتۆتەئارا، بەتایبەت، پاش هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی دەرەبەگایەتیی و دەرکەوتنی سەرمایەداریی و ڕۆڵی بۆرجوای ئەرمەنیی، بەتایبەت بۆرجوای بازرگانی و بانکیی، لەژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەرمەنەکاندا، هەروەها دەرکەوتنی توێژی ئەنتڵێجێنسیای ئەرمەنیی و بایەخدان بە بواری زمان و کەلتوورو برەودان بەهۆشیاری نەتەوایەتیی، ئەوەی سەرەتا لەناوچە ئەرمەنییەکانی بندەستی ڕوسیای قەیسەریدا، بەتایبەت لەشارەکانی تفلیسی و یەریڤان، سەریهەڵداو پەرەیگرت و پاشان

رووی لە ئەرمەنەكانی دانیشتووی ئیمپراتۆریی عوسمانیی كرد،[5] ئەوانەی نە لەرووی پێكهاتەی چینایەتییەوەو نە لەرووی مەزهەبیی و وەلائی كۆمەڵایەتییەوە هۆمۆجین و هەماهەنگ نەبوون، بەڵام لەئاكامی سەركەوتنەكانی روسیا لەجەنگەكانی دژ بەدەوڵەتی عوسمانیی و هەروەها چالاكیی ناسیونالیستانی ئەرمەن لەدەرەوە، بەتایبەت لەوڵاتانی ئەوروپای رۆئاوای وەك فەرەنساو بریتانیاو بوونی پرسی ئەرمەنیی بە ئامرازێكی سەرەكیی دەستێوەردان و فشارخستنە سەر دەوڵەتی عوسمانیی ، بەتایبەت پاش پەیماننامەی سانستیڤانۆو كۆنگرەی بەرلین، هەموو ئەمانە جوڵانەوەی ناسیونالیستی ئەرمەنیان گواستەوە بۆ قۆناغێكی زۆر هەستیارو بگرە مەترسییداریش، ئەو جوڵانەوەیەی بەپاڵپشتیی روسیای قەیسەریی و وڵاتانی كۆڵۆنیالیزمی ئەوروپایی (كریستیانیی)، سەرەتا خوازیاری ناچاركردنی كاربەدەستانی عوسمانیی بوون، كە كاروباری كارگێڕیی و فەرمانڕەوایەتیی شەش هەرێمی كوردستان لەرۆژهەڵاتی ئیمپراتورییەتەكە " وان، موش، خەرپوت، دیاربەكر و ئەرزڕۆم " رادەستی ئەرمەنەكان بكەن و بەشی هەرەزۆری دەرامەتی ئەو ناوچەیە بۆ چاككردنی ژیانی دانیشتووانە ئەرمەنییەكە خەرجبكرێت و پاشتریش لەنزیكترین دەرفەتدا، ئەم هەرێمانە بەتەواوی دابپچڕن وبیخەنەسەر ناوچە ئەرمەنییەكانی بندەستی روسیاو تێكڕا و پێكەوە دەوڵەتێكی نەتەوەیی بەناوی ئەرمینیای مەزن لەسەر دابمەزرێنن.

هەر لەم رووەوە پێویستە چەند راستییەك سەبارەت بە ئاكارو خواست و هەڵوێست و تایبەتمەندیی جوڵانەوەی ناسیونالیستی ئەرمەنیی بخریتەبەرچاو، ئەوەی پاشان كاریگەریی زۆر مەترسیداری لەسەر پەیوەندییەكانیان بە خەلكی كوردستانەوە لێكەوتەوە.

- ناسیونالیستانی ئەرمەن جگەلەوەی لەتەواوی بڵاوكراوەو ئەدەبیاتی سیاسی و فیكریی خۆیاندا، سانسۆری ناوی كوردستانیان كردبوو، جاروباریش بەناچاریی كە ناوی دەهێنرا، وەك ناوچەیەكی درێژكراوەی بیابانی سوریی و مسیۆپۆتامیا لەقەڵەمیان دەدا، ئەوان تەواوی هەرێمە ناوەندییەكانی كوردستانیان، بەتایبەت شەش هەرێمەكە، بەئەرمینیای رۆژئاواو و بەشێكی بنەڕەتیی لەخاكی نەتەوەیی ئەرمەن ناودەبرد،

[5] بڕوانە بەشی دووەمی كتێبی: الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة: عبدي حاجي، دار الرازي، بيروت، 1992،ص 141-142.

بەوپاساوەی گوایە ئەم ناوچەیە لەرووی مێژووییەوەو لەقۆناغی پێش زایندا بۆ ماوەی چل ساڵ لەبندەستی دیکران ی ئیمپراتۆری ئەرمەنییدا بووە!!نەك هەر ئەمە، بەڵکو داواشیان لە وڵاتە ئەوروپییەکان دەکرد کە ناوی کوردستان نەهێنن و لەبری ئەوە ئەرمینیا بەکاربێنن، ئەوان رەخنەی ئەوەیان لەبریتانیا هەبوو کە بۆچی لەکاتی باسی ناردنی کۆنسول بۆ ناوچەکە، دەنووسن کۆنسوڵ بۆ کوردستان و نالێن بۆ ئەرمینیا!! هەروەها رەخنەی ئەوەشیان لە کۆنگرەی بەرلین هەبوو کە لەبەندی 61دا،ناوی ئەرمینیای رۆژئاوا وەك ناوی ئەو هەرێمانە نەبراوە کە لەدەوڵەتی عوسمانییدا ئەرمەنییەکانی تێدا نیشتەجێن![6]

- ناسیونالیستانی ئەرمەن هەمیشە لە بڵاوکراوەو نووسینەکانیاندا، هەوڵیاندەدا ژمارەی خەیاڵیی سەبارەت بە دانیشتووانی ئەرمەن لە شەش هەرێمەکەدا، بڵاوبکەنەوە هەروەها وا لەبێگانە و رۆئاواییە ئەوروپییەکانیش بکەن رێژەی ئەرمەنەکان بەشێوەی زۆرینە لەو ناوچانە پێشانبدەن. لەکاتێکدا، لەتەواوی ئەو هەرێمانەدا ئەرمەن کەمینەیان پێکدەهێنا، بە هەرێمی وانیشەوە کە جگە لەناوەندی شارەکە نەبێت، هەر کەمینەبوون.[7]

- ناسیونالیستانی ئەرمەن لەبەرامبەردا ، بەئەنقەست رێژەی کوردیان لەو شەش هەرێمەی کوردستان بە کەمینە دادەناو کوردیان وەك بوونیکی نامێژوویی و نەخوازراوو شەڕەنگێزو دەمارگیر ناودەبرد، گوایە سوودیان لەدەرفەتی مێژوویی و پێکهاتەی چەکداریی و خێڵەکیی خۆیان وەرگرتووەو بەفەرمانی عوسمانییەکان هاتوونەتە ناوچەکەو کردویانەتە پاوانی ئاژەڵ ومێگەلەکانیان باج و سەرانەیش بەدەوڵەت نادەن و بوونەتەبار بەسەر دانیشتووانی ئەرمەنەوە. بەمانایەکی تر، کوردان کە زۆرینەی دانیشتووانی ئەو شەش هەرێمە بوون، لەنێو پرۆژەی سیاسیی و نەتەوەیی ئەرمەنییەکاندا هیچ پێگەیەکیان نەبوو، هەربۆیە لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتە ئەرمەنییەکە، دەبوو یان بارکەن و بڕۆن و ناوچەکە جێبهێڵن، یان قڕبکرێن.

---

6 S. ASLIHAN GÜRBÜZEL، HAMIDIAN POLICY IN EASTERN ANATOLIA (1878-1890 ) ، p32.

7 Brad Dennis، Kurdish –Armenian Relation in the late Ottoman Empire:power structures and interactive behavior، Master Thesis، The university of Utah، 2008.p 78.

- ناسیونالیستانی ئەرمەن پێیانوابوو رووخاندنی میرنشینە کوردییەکان و پەرتەوازەکردنی میرو بنەماڵە فەرمانڕەواکانی ناوچەکەو دوورخستنەوەیان لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ناوچە دووردەستەکانی دەرەوەی کوردستان، دەرفەتێکی زێڕینە بۆ بەدەستەوەگرتنی فەرمانڕەوایەتیی سیاسی و سەربازیی ناوچەکە، بەپاڵپشتیی وڵاتانی ئەوروپیی و ناچارکردنی دەوڵەتی عوسمانیی تاکو وەك دیفاکتۆ ئەم واقیعە پەسەندبكات، ئەوەی لە بەدبەختی ئەوان لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە بەوپەڕی توندییەوە دژایەتیی کرا. لەراستییدا، سوڵتان عەبدولحەمید، هەمیشە لەدەستوەردانی وڵاتە زلهێزەکانی رۆژئاوا لەکاروباری نێوخۆی دەوڵەتی عوسمانیی پەست وبێزاربوو، بڕوای تەواویشی بە بەدنیازیی ئەو دەوڵەتانەو پیلانەکانیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەکە هەبوو، بەتایبەت پاش ئەوەی بریتانییەکان لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، پەلاماری میسریانداو داگیریان کرد، فەرەنسییەکانیش تونسیان داگیرکرد، لێرەوە ئیدی هیچ تەمومژێك لەبەردەم سوڵتاندا سەبارەت بەدنیازیی رۆژئاواییەکان و بێبایەخییان بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی عوسمانیی نەمایەوە، هەربۆیە تا دواساتی تەمەنی، خۆی لەجێبەجێکردنی مادەی 61ی پەیماننامەی بەرلین دزییەوە. سوڵتان پێی وانەبوو کە بەقازانجی کەمینەیەکی کریستیانیی و بەدژی زۆرینەیەکی موسوڵمان لە شەش هەرێمەکەی کە بەکوردستان و هەروەها ولایاتی شەرقیەش ناودەبرا، هیچ ریفۆرمێك بکات و ئۆتۆنۆمی بداتە ئەرمەن و هەمان ئەزمونی مۆنتینیگرۆ لەکوردستان دووبارە بکاتەوە. ئەو پیی وابوو، ئەگەر قەرارە دەوڵەت چاکسازییەك بکات ئەوا دەبێت بەشێوەیەکی گشتگیر لەسەرجەم بوارەکانی ئابووری و ئاسایش و فەرهەنگیی ناوچەکە و بەقازانجی تەواوی رەعییەت ئەنجام بدرێت.[8]

پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکرێت کە، ئەوەی بۆ بولگارییەکان و مۆنتینیگرۆییەکان لوا، بۆ ئەرمەنەکان نەلوا، ئەوان لە ژینگەیەکی تەواو کریستیانییدا بوون، نە کەمینە بوون و نە لەنێو زۆرینەیەکی موسوڵمان و نە لەسەر خاکی میللەتێکی دیکە پەرتەوازەبوون، چونکە نە کورد ئامادەبوون دەست لەبوونی خۆیان و خاکەکەیان بۆ ئەرمەن هەڵگرن و نەسوڵتان و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانیش ئەو ئامادەگییەیان تێدابوو بەدەستی

---

[8] S. ASLIHAN GÜRBÜZEL، opcit، p32

خۆیان هەمان ئەزمون و چارەنووسی بەلقان و رۆژئاوای ئیمپراتۆرییەتەکە لەئەنەدۆل و ویلایەتەکانی رۆژهەلاتی دەولەتەکەیاندا دووبارە بکەنەوە. سولتان عەبدولحەمید سەبارەت بە مەترسیی داپچڕینی ولایەتەکانی رۆژهەلات و دابەشکردنی ئەنەدۆل و بەدنیازیی ولاتانی رۆژئاوایی لەحاست خەلافەتی عوسمانیی دەیوت:" تاکو دوێنی بوو لەبەلقان پەلەکانیان بڕین، ئێستاش دەیانەوێ بەناوی پرسی ئەرمەنەوە لەئەنەدۆل سکمان بدڕن و کۆتاییمان پێبێنن." لێرەوە سولتان تەواوی داواکاریی و چالاکی ناسیونالیستانی ئەرمەنی بەپیلانگێڕییەکی مەترسیدارو ئامرازێکی دەستی ولاتانی بێگانە لەدژی قەوارەی ئیمپراتۆرییەکە لەقەلەم دەداو ئامادەبوو دژی بوەستێت.[9]

- رێکخراوە ناسیونالیستەکانی ئەرمەنیی و ئەو ئاکارو چالاکیی و پیلانگێڕییانەی بۆ بردنەپێشەوەی پرسی ئەرمەنیی گرتبوویانەبەر گەورەترین و مەترسیدارترین رۆڵ و کاریگەریی لەسەر ژاراوییکردنی فەزای ئاشتی کۆمەلایەتیی و خولقاندنی رووداوە نەخوازراوەکانی مێژووی ناوچەکەو تەقاندنەوەی توندوتیژییەکان هەبوو. رێکخراوەکانی وەك: یەکێتی رزگاریی (1872)، خاچی رەش (1878)، پارتیزانی نیشتیمان (1882)، ئەرمەنکان (1885)، دواتریش هونچاك (1887)و ئنجا فیدراسیۆنی شۆڕشگێڕیی ئەرمەنی (داشناق /1890)، رێکخراوگەلێکی نهێنیی و ملیشیایی و چالاکبوون لەنێو دانیشتووانی ئەرمەنیی لەشارەکانی ئەرزڕۆم و وان، خوازیاربوون بە بە پالپشتیی چەکداریی و مادیی و مەعنەویی روسیاو ولاتانی ئەوروپای رۆژئاواو هەروەها یارمەتی کۆنسولخانە بیانییەکانی نێو ئیمپراتۆریی عوسمانیی، ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانیان لەدامەزراندنی دەولەتی ئەرمینیای مەزن بێننەدی. وێڕای ئەم رێکخراوانەی کەبەسەر بۆچوون و تێڕوانینی فیکری و رێبازی جیاوازدا وەك: کۆنسێرڤاتیڤ و لیبرال ، بۆرجواو سۆشیالیست، میانەرەو رادیکالدا، دابەشبوون، هەروەها لەنێو خۆشیاندا لەناکۆکییەکی بەردەوامدابوون، چەندین دەستەو باندو گروپی چەکداری ئەرمەنیی دیکە لەدەرەوەی خاکی عوسمانیی، بەتایبەت لە ئێران و روسیاو ئازەربایجانەوە، روویان لەناوچەکە دەکردو بۆ دووبەرەکیی و ئاژاوەنانەوە، تاوانی گەورەیان دژی خەلکی ئاسایی لەکوردو ئەرمەنیش

[9] السلطان عبدالحمید الثاني آخر السلاطين العثمانيين الكبار، ترجمة وتقديم: الدكتور محمد حرب،الطبعة الثالثة، دار القلم ،دمشق ، ص ص 120-135.

ئەنجامدەداو تۆوی لێکترازان و پێکدادانیان دەناشت. ئەمانە لاوازیی ئیداریی و ئـەمنیی دەوڵـەتی عوسـمانییان لەناوچەکـە بـە قـازانجی خۆیـان قۆزتبۆوەو لــەژێر پــەردەو پاســاوی دامەزرانــدنی دەوڵــەتی ئەرمــەنیی و دژایــەتیی ستەمکاریی دەرەبەگایـەتیی کـوردیی، لـەنێو جووتیـارانی ئەرمـەنی هـەژارو بێدەرەتان، خەریکی پاگەندەو وروژاندن و هاندانیانبوون کە یـاخیببن بـاج و موڵکانەو بزنانە نەدەن و دواتریش بەرەو راپەڕینی چەکداریی پەمپیاندان.[10]

- رێکخـراوە مسـیۆنێرییە رۆژئاواییـەکان لەکوردسـتان، بـەدرێژایی مـاوەی هاتن و مانـەوەیان لەسەدەی نۆزدەیەمدا، رۆڵێکـی مەترسییداریان لەهانـدان و وروژانـدنی رەگـەزە کریسـتییانییە کەمینـەکانی ناوچەکـە، بـەدژی زۆرینـە موسـڵمانە هاونیشـنەکانیان گێـڕا، بەمــەش زۆربــەی ئــەو رێکخراوانــەو ئەندامــەکانیان هــەر بەرواڵــەت کــاری مژدەبــەرییان دەکــردو مســیۆنێری راســتیینەبوون، دەنــا لەواقیعــدا بەشــێکبوون لــە ســەرخانی سیاســی و دەسـەڵاتـداریێتیی وڵاتـە کۆلۆنیالییـەکانی رۆژئـاواو چالاکیی و کارەکانیشیان لەچوارچێوەی خزمـەت بـەکارو بەرنامـەو پلان و پیلانـی ئـەو دەوڵەتانـە بـوو لەئیمپراتۆرییــەتی عوسـمانییدا. ئەمانــە کــە توانــاو شـیاویی ئــەوەیان نــەبوو گروپیکی بچووکی ئاینـە جیاوازەکانی دیکـەی ناوچەکـە بـەکاری مژدەبـەریی بکــەن کریســتیانیی، پشــتیان لــەو ئەرکــە کــردو بەســەر خــودی کەمینــە کریستیانییەکانی ناوچەکـەدا دابـارین و هـەر رێکخـراوەی لەهـەوڵی ئـەوەدا بـوون، ئـەو کریسـتیانییانە بـەلای ئـەو مەزهـەب و کڵێسـایەدا رابکێشـن کـە خۆیـــان بەشـــێکبوون لێـــی و بیانکەنـــە رەعیـــەتی ئـــەو کڵێســـایانەی لەبنەڕەتدا،هەریـەك لەوانــە، تایبــەت و لەژێرچــەترو سیاســەتی دەوڵــەتێکی زلهێـــزی ئەوروپییـــدابوون وەك : ئارسۆدۆکســـی روســـیی، کاســـۆلیکی فەرەنسیی، ئینجیلیی ئینگلیزیی، پرۆتستانتی ئەمریکیی.

شـایەنی باسـە، کەمینەیـەك لـەنێو مسیۆنێرە بیانییەکانـدا هـەبوون، کـە پـاش مانــەوەیان بۆماویــەکی زۆر لەناوچەکــەو تێکــەڵبوونیان بــە خەڵکەکــەی و تیگەیشـتنیان لــە کــەلتورو ژیانیــان، لەراسـتیی خەسـڵەت و تایبەتمەنـدیی دانیشـــتووانە موســـوڵمانەکە، بەتایبـــەت کـــورد، تێگەیشـــتن و هەنـــدێك خزمەتیشیان کـردووە، بـەڵام بەگشتیی، رێکخـراوە مسیۆنێرییە ئەوروپییـەکان

---

[10] بۆ زیاتر سەبارەت بەو رێکخراوانەو چالاکییەکانیان بڕوانە:
Louise Nalbandian، The Armenian Revolutionary Movement، University of California Press، Third printing، 1975.

بە بایەخدانیان بە رەگەزە کەمینە کریستیانییەکان و ئەو کارانەی بۆیان دەکردن لەکردنەوەی خوێندنگا و بنکەی تەندروستیی لەناوچەکانیان، بوونە چەتریکی بیانیی بۆ کریستیانییەکان و تادەهات لەرەگەزە موسوڵمانە هاونیشینەکانیان دووریان دەخستنەوەو پەراوێزیان دەخستن. جگە لەوەی بەشێك لەمسیۆنێرەکان، لەدەرەوە ببونە بڵندگۆ ی بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەو هەواڵی ستەملێکراویی ئەو رەگەزە کریستیانییانەی ئیمپراتۆرییەتەکەو لەنیوخۆشدا، لەرێگەی خوێندنگاکانیانەوە، تۆوی بیری یاخیبوون و شۆڕشگێڕیی و ناسیونالیستیی و دژایەتیی دەوڵەت و خەڵکەکەی دەوروبەریان لەنێودا دەچاندن.[11] ئەو ئاکارەی ببووە مایەی نیگەرانیی و دڵەڕاوکێ و جێی گومانی رەگەزە موسوڵمانەکان، بەتایبەتی کورد لەکوردستان، ئەوانەی درکیان بە ئاکامی کاری ئەو مسیۆنێرە ئەوروپییانە و رێکخراوەکانیان و دەوڵەتەکانیان لەناوچەکەدا دەکردو پێیانوابوو، بوون و چالاکی ئەوانە دواجار بەزاڵبوون و باڵادەستی کەمینە کریستیانییەکان و لەدەستچوونی نفوزو کاریگەریی و بەرژەوەندیی و دواجاریش زەوی و موڵکەکانیان وژیانیان کۆتاییدێت.

ئەو راستییەی لەم رووەوە دەبێت هەمیشە جەختی لێبکریتەوە ئەوەیە کە، تەنانەت ئەو نووسەرانەشی لە کلاوڕۆژنەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەرمەنیی و بەگیانی کریستیانییەوە قسەیان لە رووداوەکانی ئەم قۆناغە کردووە، دانیان بەوەدا ناوە کە، لەتەواوی مێژووی ناوچەکەو ژیانی چەندین سەدەی ئەرمەن لەسایەی میرنشینە کوردییەکاندا، ئەرمەنەکان ژیانێکی زۆر شایستەترو شیاوتریان گوزەراندووە بەبەراورد لەگەڵ ئەو دۆخە پرمیحنەتەی لەسایەی دەسەڵاتی راستەوخۆی کارگێڕیی عوسمانییەکانیدا تووشیبوون.[12] وێڕای ئەوەی کە بەدرێژایی مێژووی پێکەوەژیانی کوردو ئەرمەن، مێژوو هیچ رووداوێکی گشتگیری

---

[11] لەم رووەوە وەدیع جوەیدە ئاماژەی بەو ترس و دڵەراوکێیەی کوردو گومانیان لەمسیۆنێرەکان داوە، بەتایبەت ئەمریکیی و ئینگلیزەکان، هەر لەسەردەمی بەدرخان پاشاوە. بڕوانە:
پرۆفیسۆر.دکتۆر وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد (بنەماو پەرەسەندنی)، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی.دکتۆر یاسین سەردەشتی،چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل ١٥٩-١٦٢.

[12] Tessa Hofmann and Gerayer Koutcharian، The History of Armenian-Kurdish Relations in the Ottoman Empire، Armenian Review، vol. 39 (4-156)، 1986، p8.

تۆمارنـەکردووە تێیدا جیـاوازیی ڕەگـەزو زمـان و ئـاین بووبێتـە هۆکـاری دابەشـبوونێکی قـووڵ و دابـڕان و پێکـدادانی خوێنـاویی لەنێوانیانـدا. بگـرە بەپێچەوانـــەوە، نموونـــەکانی ئاشـــتییانەی پێکـــەوەژیان و تێکـــەڵاویی و هەماهەنگیی و تەنانـەت نزیکی کـەلتوریی و هاوسۆزیی ،بەتایبـەت لـەنێوان چینەکانی خوارەوەی کۆمـەڵگا کـە لەهـەمان دۆخـی هـەژاریی و بێدەرەتانییدا بـوون، واقیعێکـی دیـارو روونـی قۆناغـە مێژووییـەکانی رابـردوون. ڤ. گەردلیڤیسکی لـەم بارەیـەوە دەڵێت کـە جیـاوازیی ئـاین هیچ ڕۆڵێکـی لـەنێوان کـوردی موسـوڵمان و ئەرمـەنی کریسـتیانییدا نـەبینیوە، بەشـێوەیەك کـە سـەردانی ئەرمەنـەکان لەمزگـەوتی موسـوڵمانان و چـوونی کـورد بـۆ کڵێسـاکانی ئەرمـەن شـتیکی ئاسـایی بـووە.[13] هەرچەنـدە، هەنـدێك لـە نووسەرانی ئەرمەنیی و کریستیانیی، بەجۆرێك پەیوەندییەکانی ئەم قۆناغەی نێوان کوردو ئەرمەنیان وێناکردووە، وەك پەیوەندیی نێوان ئاغاو ڕەنجبەر، ئـەوان ئەرمـەنیان لەسایەی سیسیتمی دەرەبەگایـەتیی و موڵکدارو دەرەبەگـە کوردەکـان بـە "(سـێرف/کۆیلـەی زەوی) نـاوبردووە.[14] بـەڵام ئەمـە تـەنیا ڕوویـەکی بابەتەکـەیـەو ئەوانـەی کـە بـەوردیی لـەمێژووی ژیـان و پێگـەی ئەرمـەنیان لەسـایەی ئیمپراتـۆریی عوسـمانییدا کۆڵیوەتـەوە دەرکدەکـەن کـە ئەرمەنەکان لەچوارچیوەی سیستمی میللەتدا کـە بۆ ڕەگـەزە ناموسڵمانەکان دانرابوو، خاوەنی بەشێکی سەرەکیی ماف و بـەرژەوەندیی و پێگـەی تایبـەت و دانپێـدانراوی خۆیـان بـوون. جگـە لـەوەی کـە ڕژێمـی دەرەبەگایـەتیی و دابەشـبوونی چینایـەتیی و ئـەرك و مافـە دەرەبەگایەتییـەکانی سەرشـانی جووتیاران، شتێك نەبوو تەنیا تایبەت بیت بـە جووتیـارانی ئەرمـەنیی، بـەڵکو لـەوەدا لەگـەڵ تیکـڕای گـەلانی دیکـەی عوسـمانییدا، بـەکوردو چەرکـەس و عـــەرەب و تورکـــەوە..هتـــد بەشـــداربوون. ئـــەوەی هـــەبوو ڕەگـــەزە ناموسـوڵمانەکانی نێـو ئیمپراتۆرییەکـە، لـەبری خزمـەتی سـەربازیی بـاجی پارێزراویان خرابووەسەر. لەکوردستانیش، جووتیارانی ئەرمەن هەمان ئەو ئەرك و پابەندبوونە چینایەتییانەی دەخرایە ئەستۆ کـە جووتیـارانی کـوردیش لەئەستۆیان بوو. نەك هـەر ئەوەنـدە، بـەڵکو لێهـاتوویی ئەرمەنـەکان لـەبواری کاری دەستیی و پیشـەگەریی و بازرگانی، پێگەیەکی زۆر تایبـەت و باشتری

---

[13] مقتبس من: الدكتور كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ،ترجمة: محمد الملا كريم، الطبعة الثانية، بغداد،ص 260.

[14] Tessa Hofmann and Gerayar Koutcharian، opcit، p8

پێبەخشیبوون لەشارەکانی کوردستانداو بەو پێیەش ژیانێکی بەختەوەرو خۆشیان دەگوزەراند.

ئەم دۆخە، لەئاکامی گۆڕانکارییە رادیکاڵەکانی سەدەی نۆزدەیەم لەئیمپراتۆریی عوسمانیی و دەرکەوتن وپەرەگرتنی کاریگەرە کارتێکەرە دەرەکییەکانی وەك جەنگەکانی روسیی-عوسمانیی و رووخاندنی میرنشینە کوردییەکان و چالاکیی رێکخراوە مسیۆنێرییەکان و چالاکیی و هەوڵە وررووژێنەرەکانی رێکخراو و باندە ملیشیاییە ئەرمەنییەکان، جگە لە بەنێودەوڵەتییکردنی پرسی ئەرمەنیی و پێشاندانی کورد وەك مەترسیی لەسەر بوونی ئەرمەن و لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم بەدیهاتنی خەونی نەتەوەییان، هاوکات لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکانی کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت بۆ گرتنەبەری سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە سەبارەت بە کوردوئەرمەن، تێکڕای هەموو ئەمانە، داکشانێکی خێراو نەرێنییان لە پەیوەندییەکانی نێوان کوردو ئەرمەن لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا هێنایەئارا، کە دواتر رووداوی نەخوازراو و دڵتەزێنی لێکەوتەوە.

- رێبەرایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەرمەنیی، لەسەرەتاو پەرەگرتنی پرسەکەیانەوە، بەدەگمەن نەبێ، بڕوایەکیان بە پەیوەندیی توندوتۆڵ و هەماهەنگیی چەسپاو و هاوکاریی لەسەر بەرنامەی هاوبەش، لەگەڵ بژاردەی باڵای کۆمەڵگای کوردستان نەبوو. ئەوان بەو ئومێدەی کە بەروسیا هەیانبوو، جگە لەو چاوتێبڕینەی لە شەش ویلایەتەکەی باکوری کوردستان هەیانبوو، پێیان وانەبوو بتوانن لەگەڵ کوردانی موسوڵمان بەرەو کاری هاوبەش دژی ستەمکاریی دەوڵەت بکەن، هەربۆیە لەکاتی رووخاندنی میرنشینە کوردییەکانی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە نەك هیچ هەوڵ و پشتگیرییەکیان لەخۆیان پێشاننەدا، بەڵکو تەماشاکارێکی نەرێنییش بوون. لەڕاستییدا، روداوەکانی سەردەمی بەدرخان پاشای میری بۆتان، ئەو راستییە تاڵەی لەمێژووی کورددا سەلماند کە تا چ رادەیەك وڵاتانی کۆلۆنیالی رۆژئاوایی و ریکخراوە مسیۆنێرەکانی ژێرسایەیان، دەتوانن کەمینە کریستیانییەکانی کوردستان بکەنە ئامرازێك بۆ دژایەتیی بەرژەوەندیی و مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان و لێدانی دەسەڵاتە لۆکاڵییە کوردییەکان و لەناوبردنیان.

بەرووخاندنی میرنشینە کوردییەکان، دۆخێکی شڵەژاو ناسەقامگیر لەکوردستاندا هاتەئارا، میرنشینەکان کە دەسەڵاتی خۆجێی مێژووکردی

کوردیی بوون لەکوردستان، وێرای ئەوەی مۆدێلێکی سونەتیی حوکمڕانیی بوون، بەڵام توانیبوویان سەقامگیریی سیاسی و ئیداریی و کۆمەڵایەتیی لەناوچەکەدا بپارێزن و لەلایەکەوە جڵەوی خێڵە کۆچەرو نیمچە کۆچەرەکان بگرن کە دژی یەکتر بجەنگن یاخود پەلاماری خەڵکە نیشتەنییەکە بدەن، وەیان لەبەرامبەر کەمینە ئاینییە کریستیانییەکاندا توندوتیژیی بنوێنن. بەڵام بەنەمانی میرنشینەکان، دەرکە لەسەر ناسەقامگیرییەکی فراوان کرایەوە، بەتایبەتیی کە عوسمانییەکان، پاش رووخاندنی میرنشینەکان، نەیانتوانی سیستمیکی کارای بەڕێوەبەرایەتیی و کارگێڕیی و ئاسایشی تۆکمەو شیاو لەناوچەکەدا دابمەزرێننکە سەقامگیریی و ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن. لەوەش زیاتر، سیاسەتی جیگیرکردنی عەشیرەتە کۆچەرو نیمچە کۆچەرەکان، بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لەئاکامی گۆڕانکارییە ئابوورییەکان و پەرەگرتنی سیستمی سەرمایەداریی و گرانبوونی بەهای بەروبومی کشتوکاڵیی، وایکرد ئەو ئاغا و بەگ و شێخانەی کورد و خێڵەکانیان، هەوڵی زێدەکردنی نفوزو باڵادەستیی خۆیان و دەستبەسەرداگرتنی زەوی و فشارخستنەسەر گوندنشینەکان بدەن، بەتایبەت لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا، کە سیاسەتی راکێشانی سەرەکخێڵ و ئەعیانی موسوڵمانی کوردو پێدانی بەرات و چاوپۆشینی لەزێدەبوونی نفوزیانی کردبووە رێباز، تاوەکو سوود لەتوانای جەنگاوەریی خێڵەکانی کوردو مۆبیلیزەیان ببینێت لەپێناو دژایەتیی فراوانخوازییەکانی روسیاو رێگرتن لەچالاکیی چەکدارانەی باندە ئەرمەنییەکان لەناوچەکەو هەروەها بۆ پاراستنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتیی و ئاینیی لەئەنەدۆڵ و سەپاندنی هەیبەتی دەوڵەت و کۆکردنەوەی باج و موڵکانە بۆ گەنجینەی حکومەت.

رێبەرایەتیی ئەرمەنیی، تەنانەت لەم دۆخەشدا، خوازیاری هاوکاریی و هەماهەنگیی لەگەڵ سەرۆکە ناسراوو قسەرۆیشتووەکانی کورددا نەبوون، بۆنموونە، ئەوکاتەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری جوڵانەوەکەی خۆی لەپێناو کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆدا راگەیاند، هەڵوێستێکی فرەژیرو هۆشیارانەی بێوینەی لەهەمبەر کریستیانییەکان (بەئەرمەن و ئاسوورییەوە) نواند و بەڕێزو میهرەبانییەوە مامەڵەی لەگەڵ کردن، کەچی ئەوان لەئامانجەکەی شێخ سڵەمینەوەو بەدەمییەوە نەچوون و خۆیان

لەجوڵانەوەکــەی بــەدوورگرت،[15] بــەو خەیاڵــەی ســوود لــە هــەر رووداو جوڵانەوەیەکی نارازییانەی کورد دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانیی بۆ پرسە بنەرەتییەکــەی خۆیــان وەرگــرن، ئــەوەی تــا رادەیــەکی زۆر، دەرفەتــە مێژووییــەکانی لەبــەردەم هەریــەك لــە کــوردو ئەرمــەن لــەبواربرد و تــاوەکو قۆنــاغێکی درەنــگ هــەر هەماهەنگییــەکی راســتیینەی سیاســی و هاوبەشــی لــەنیوان هــەردوولادا پەکخســت، ئــەوەی تــەنیا بــەقازانجی دەســەڵاتدارانی داڕووتێنەری عوسمانیی بوو لە کوردستان .[16]
- دواجــار، وێــڕای رووخانــدنی دەســەڵاتی میرنشــینە دەرەبەگایەتییــەکان لەکوردستان لەلایەن عوسمانییەکان و هەوڵدانیان بۆ چەسپاندنی سیاسەتی ناوەندگەرایی و بەستنەوەی کوردستان بەناوەندی دەوڵەتی خەلافەتەوە، بەڵام رژێمــی دەرەبەگایــەتیی و نفــوزی ســەرەکخێل و ئاغــاو شــێخەکانی کــورد، بەتایبــەت لەناوچــە شــاخاوییە دوورەدەســتە ســەختەکان، هــەر بــە بــەهێزیی و تۆکمــەیی مایــەوە و ئــەوان خــاوەن فەرمانڕەوایــەتیی راســتیینەی بەشــێکی بنــەڕەتیی ناوچەکــە بــوون. ئــەم تــوێژە باڵادەســتەی کۆمــەڵگــای کــوردیی، خوازیــاری پاراستنی جیاوگــە کۆمەڵایەتییــەکانیان و مافــە چینایەتییــەکانیان بــوون لەهەمبــەر رەعیــەت وجووتیــاران و نیشــتەنییەکاندا. جێبــەجێکردنی ئەرکە چینایەتییەکان و پابەندبوون پێیــەوە بابەتگــەلێك بــوون کــە لەلایــەن ئــەم تــوێژەوە هــیچ ســازش و وازلێهێنــانێکی هەڵنــەدەگرت، بەتایبــەت وەرگرتنــی باجی دەیەك و بێگاریی جووتیاران و وەرگرتنــی بزنانــەو پوشانــەو رۆنانــەو هێلکانەو گوریسانەو سەرانەو سورانەو ..هتد.[17] ئەگــەرچی پێشتر زۆربــەی بابەتی کێشەی خێڵەکان و ناوچە گوندنیشینەکان لەسەر زەویوزارو پاوان و دزینــی مــاڵات و گــاران دەقــەوما، لێرەبــەدوا، ملکەچنــەبوون بــۆ باجــدان و ئەنجامــدانی ئەرکــە دەرەبەگایەتییــەکان، یاخییــانی رووبــەڕووی ســزادان دەکردەوە وەك سووتاندنی خەرمان و پاوان و کادانەکانیان یاخود سووتاندنی مــاڵ و تەنانــەت گوندەکانیشــیان. دیــارە لەهەنــدێك ناوچــە کــە دەرەبەگایــەتیی کوردیی تێدا بەهێزبوو، جگە لەرەعییەتی کورد، ئەرمەنیشیان لــەخۆدەگرت،

---

[15] پرۆفیسۆر.دکتۆر وەدیع جوەیدە، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد ، ل ١٨٥٠١٨٦.

[16] بۆزیاترسەبارەت بە پەیوەندییەکانی کوردو پرسی ئەرمەنیی:
طاهر توفیق، الکرد والمسألة الارمنیة (1870-1920) ، دار الفارابي ، بیروت ، 2014.

[17] Brad Dennis، opcit، p84.

ئـەوەی لـەکاتی قـەومـانی حاڵـەتیکی وادا دەبـووە بابـەتێکی پرۆپاگەنـدەیی بـەرفراوانی رێکخراو و لایەنـە ئەرمەنییـەکان، ئەوانـەی جگـە لـەوەی هانی جووتیـارانی ئەرمـەنیان دژی دەرەبـەگی کـورد دەدا، بـەردەوامیش بـۆ راکێشـانی سـۆزی وڵاتـانی زلهێـزی رۆژئـاوایی و رای گشـتی کریسـتیانی جیهانیی، ئەم حاڵەتە تـاکو تەرایانـەیان وەك تـاوانی کۆمـەڵکوژیی دژ بەگـەلی ئەرمـەنیی کریسـتیانیی وێنـادەکرد و دەیـانکردە راپـۆرتی شـکاتکاریی و رەوانــەی تــەواوی کونســوڵخانەکانیان دەکــرد، بەتایبــەت کۆنســوڵخانەی بریتـانیی لەئەسـتەمبوڵ، ئـەو دەوڵەتـەی وەك چاودێرێکی چەسپاندنی مـادەی 61ی پەیماننامـەی بـەرلین، هەمیشـە لەسـەر خـەتی فشـاربوو لـەبابی عـالی، ئەمە جگە لە هەڵمەتی میدیایی و ئەو حاڵەتە فەردییانە لەمانشێتی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ئەورووپییدا دەکرانـە هـەواڵی ورووژێنـەری بەپەلـە و ترشوخوێیەکی زۆری پێوەدەکراو تائەوپەڕی زێدەڕۆیی تێدادەکرا.

سـەرچاوە ئەرمەنییـەکان، یـان هاوسۆزەکانیان، بـاس لەوەدەکـەن کـە جووتیـارانی ئەرمــەن لەســایەی دەرەبەگایــەتیی کوردییــدا، زۆر زیــاتر لــە رەعییــەتی کــورد دەچەوسـێنرانەوەو ئـەرك و پابەنـدبوونی زێـدەتریان دەخرایـە ئەسـتۆ. بۆنموونـە، گەردلڤیسکی لەوبارەیەوە دەڵێت:" ئەو ئەرمەنانەی لەسەر زەوی کـوردان دەژیـان، وەك کۆیلـە دەکـڕدران و دەفرۆشـران...دەبـوو بـۆ دەرەبـەگی کـورد کاربکـەن." [18] هەروەها لازاریف دەڵێت:" لەسایەی حوکمی عوسمانییدا، بەتایبـەتی بـەهۆی ئـەو سیاسەتە دواکەوتووانەیەی لەلایەن سوڵتان عەبدلوحەمیدەوە گیرابووەبەر، تادەهات چنگۆڵـەی دەرەبەگـە کوردەکـان، لەسـەر گونـدە ئەرمەنییـەکان توندترو بـەهێزتر دەبووئەوانـە باجیـان لێدەسـەندن و ئـەم باجانەشیان ناونـابوو "گاورانـە". زۆربـەی جووتیـارە ئەرمەنـەکان لەئـەرمینیای رۆژئـاوادا(مەبەسـتی شـەش ویلایەتەکـەی کوردستانە) ناچاربوون جگە لەو باجە زۆرانەی دەیدەن بەحکومەت، سەرانەشیان بدایــە بــە دەرەبەگــە کوردەکــان، بەشــێوەیەك گەیشــتووبە ئــەو رادەیــەی کــە قەشەکانیشـیان ناچـاربوون ئـەم بـاج و سـەرانەیە بـدەن. ستەمی ئاغـاواتی کـورد دەرحەق بـە ئەرمـەن لـەم سنورەدا نەوەستا، وێڕای گاورانـە، شێوەی تـری بـاج و موڵکانە دەستێنرا، تەنانەت هەندێك سەرچاوە دەگێڕنەوە کـە لەهەندێك ناوچـە چۆن بوکی ئەرمەنیی لەیەکەم شەوی هاوسەرگیرییدا دەبران بۆ لای دەرەبـەگی کـورد." [19]

---

[18] وەرگیراوە لە: الدكتور كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى،ص243.

[19] وەرگیراوە لەهەمان سەرچاوە،ل ٢٤٢.

# موسابەگی موتكان و قەیرانی نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانیی و وڵاتە یەكگرتووەكان

## موسابەگ كێیە؟

كاتێك ناوی موسابەگ دەهێنرێت، دەبێت دان بەو راستییەدا بنرێت، كە بۆناساندنی كەسێكی دەسەڵاتدارو سەرۆكخێڵێكی گەورەو خاوەن بنەماڵەیەكی دێرین و ناسراوو كاریگەری بەوشێوەیەی كورد، كە نەك هەر لەسەر ئاستی كوردستان و ئیمپراتۆریی عوسمانیی ناو و ناوبانگی ناسراوە، بەڵكو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لەكۆتایی سەدەی نۆزدەیەم وەك بەدناوێكی ناسراوی جیهانیی خراوەتەپێش چاو، چ سەرچاوەیەكی تایبەت و نووسراو بەكوردیی لەبەردەستدا نین، ئەوەی لەم بارەیەوە دەكرێت یارمەتیدەربن لە پێشكەشكردنی چەند زانیارییەك سەبارەت بەژیان و خودی ناوبراو، تەنیا بریتییە لەو دێكیومێنتانەی كە لەئەرشیفی وڵاتانی بێگانەی وەك بریتانیاو ئەمەریكا و هەروەها لەمیدیاو رۆژنامەكانیاندا بڵاوكراوەتەوە، ئەمەو جگە لەو نووسراوانەی كە مسیۆنێرەكان یان رێكخراوەكانیان سەبارەت بەرووداوەكانی كوردستان و دەوڵەتی عوسمانیی یاداشتیان كردووەو ناوی موسابەگیان لە كتێب و راپۆرتەساڵانەكانیاندا هێناوە. وێڕای هەموو ئەوانەش هێشتا زانیارییەكان لەسەر ژیان و كەسایەتیی ناوبراو یەكجار كەمن و هەموو ئەوانەی باسیان كردووە، نەك هەر بێلایەن نین بەڵكو بەتەواوەتی نەیارو بگرە دوژمنیشن. هەر لەم بارەیەوە، لەم یەك دوو ساڵەی دوایدا، چەند بابەتێك لەتوركیا بەتوركیی و هەروەها بەئینگلیزیی لەسەر مێژووی ئیمپراتۆری عوسمانیی نووسراون كە تێیاندا ئاماژە بە ناو و كەیسی موسا بەگ هاتووەو دەكرێت لەو رووەشە، كەمێك سوود لەو سەرچاوانە بكرێت.

هەرحاڵ، دەتوانین بەكورتیی موسابەگی موتكان بەم شێوەیەی خوارەوە بەخوێنەرانی كورد بناسێنین، ناوبراو لەساڵی 1853 لەگوندی "جینیار" لە هەرێمی "خویت"ی سەربە سنجەقی "موش" لەباكووری كوردستان لەدایكبووە، موسابەگ كوڕی میرزابەگە، كە یەكێكبوو لە كەسایەتییە زۆر بەناوبانگ و دەستڕۆیشتوو و خانەدانە موڵكدارەكانی كورد لە سنجەقی موش، كە فەرمانداری موتكی و ئەخلات و ئەزاكپور بوو. میرزابەگ

لەبنەماڵەیەکی ناسراوی کوردبوون لەناوچەکە کە بنەماڵەی "سەید" ناسراون. موسابەگ تاوەکو ساڵی 1889دا، خاوەنی سێ ژن و چوار منداڵ بوو، کە دووانیان کوڕبوون بەناوی زوبێرو عیزەت،و دووانیشیان کچ بوون. موسابەگ دووەمین کوڕی بنەماڵەکەی بوو، براگەورەکەی ناوی خەلیل بوو، لەتەمەنی 12 ساڵیدا، بەرووداوی سورابوونی ئەسپیکی شێت لەیەکێك لەگەوڕی کڵێسای گوندێکی ئەرمەنییەکاندا، گیانی لەدەستدا، سێ برای تریشی لەخۆی بچووکتر هەبوون بەناوی: کازم و نوح و هەروەها جەزیر، ئەوەی دواییان لە بەڵگەنامەکاندا بەجیزۆش یان جاسۆ، ناودەبرێت. موسابەگ، خوشکیکی بەناوی "میهری" و خاڵێکی بەناوی سلێمان بەگ و هەروەها ئاوەڵزاوایەکیشی بەناوی عومەربەگ هەبوو، کە ناویان لەبەڵگەنامەکاندا هاتووە. دایکی موسابەگ خوشکی بەحری بەگی کوڕی بەدرخان پاشا بۆتان بوو، لێرەوە موسابەگ کچەزای بەدرخان پاشا و هەروەها بەحری بەگیش خاڵی بوو، جگە لەوەی کە ژنی سێیەمی موسابەگیش کچێکی بەحری بەگ بوو، واتە بەحری بەگ هەم خاڵ و هەم خەزوری موسابەگ بوو، لەوەش زیاتر، خوشکێکی بەحری بەگ کە پوری موسابەگ دەکات، یەکێکبوو لەهاوسەرەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، بەوەش سولتان عەبدولحەمید مێردی پوری موسابەگ بوو. بەحری بەگ یەکێکبوو لە بەپرسە باڵاو زۆر دەسەڵاتدارو دەستڕۆیشتووەکانی دەوڵەتی عوسمانیی و لەپێشدا موتەسەریفی ناوچەکەی "پێرا"و دواتر فەرمانداری هەرێمی "سکۆتاری" بوو لەئەستەمبوڵ، ناوبراو لەناوەندی دەسەڵاتدارێتیی ئیمپراتۆرییەکە و لە نێو دەرباریشدا، پێگەو رێزو نفوزێکی زۆری هەبوو .

موسابەگ، لە بدلیس پەروەردە ببوو، هەرچەندە سەرەتا لەلای باشترین مامۆستای ناوچەکە خرابووە بەر خویندن، بەڵام هەرزوو پاش مردنی خەلیلی برای، وەك کورەگەوەری باوکی، ئەرکێکی زۆری کەوتە سەرشان و لەخوێندن دوورکەوتەوە. موسابەگ، هەروەك لەوێنەکانیدا رادیارە، کەسێکی زێدە رێکئەندام و قۆزو قنجوقیت وپۆشتە و بەخۆناز بوو، باڵایەکی ناوەنجیی و رووخسارێکی سەرنجڕاکێش و خانەدانانەی هەبوو، ئەو زیرەك و وریا و دەسەڵاتخوازبوو. ناوبراو لە تەمەنی 26 ساڵیی و لەساڵی 1879دا، لەسەر پێشنیاری سامیح پاشا لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیی موش دامەزرا و بەهۆی وریایی خۆی و لەئاکامی پەیوەندیی بنەماڵەیی و ئەو دۆستایەتییەی لەگەڵ عارف پاشای والی موش و ساڵح پاشای قایمقامەوە

هەیبوو، وەك مودیرناحیە دامەزرێنراو ئەركی بەڕێوەبەرایەتیی شارەدێی "عەلیاغا"ی پێسپێردرا كە دەكەوتە نێوان وان و بایەزیدەوە، ئەو ناحیەیەی چەندین گوندی كوردیی و ئەرمەنیی لەخۆگرتبووە.

موسابەگی موتكان، كە بە موسابەگی خویتلیی یان موشلو موسابەگ و هەروەها بە حاجی موسابەگیش ناسراوە، دەستی بەسەر تیرەكانی میمكلی و تاتقان و خویتدا كە سەر بەعەشیرەتی موتكان بوو دەرۆیشت و خاوەنی پێنج گوند و ماڵ و دیوەخانێكی گەورەبوو. ناوبراو وەك دەرەبەگێكی خانەدانی كوردو وەك سەرۆكخێڵێكی بەهێزو هەروەها مودیرناحیەو فەرمانداری دەوڵەت، لەپاش كوژرانی میرزابەگی باوكی لە پێكدادانێكی نێوخۆییدا لەگەڵ تیرەیەكی تری كوردی ناوچەكە بەناوی "بالیكی" لەساڵی 1884دا، تەواوی دەشتی موشی خستەژێرسایەو نفوزی خۆیەوە، ئەو دەشتەی كە چەندەها گوندی كشتوكاڵیی گەورەی تێدابوو و دەكەوتە نێوان شاری موش و بدلیسەوە. ئەو جگە لەپێداراگەیشتنی گوندەكانی خۆی، لەساڵەكانی كۆتایی دەیەی هەشتاكانی سەدەی نۆزدەیەمدا، باجی دەیەكیشی بۆدەوڵەت كۆدەكردەوە. موسابەگ، پەیوەندییەكی بەهێزی بەشێخە لۆكاڵییەكانی ناوچەكەوە هەبوو، لەڕووی داراییشەوە، كەسێكی دەوڵەمەندو سامانداربوو، جگەلەوەی خاوەن هێزێكی چەكداری 1100 چەكداربوو، كە 110 كەسیان سوارەبوون و براو و خزمەكانیشی بەشێكی سەرەكیی ئەو هیزە تایبەتەبوون كە پاسەوانییان لێدەكرد.

لەراستییدا، وێرای هەوڵەكانی دەوڵەتی عوسمانیی بۆ كۆنترۆڵكردنی هەرێمەكانی كوردستان و سەپاندنی ناوەندگەرایی بەسەریدا، بەڵام هێشتا لەسەرەتای هەشتاكانی سەدەی نۆزدەیەمدا، دەسەڵاتی راستیینە لەهەندێك ناوچەی وەك سنجەقنی موش، بەپێچەوانەی هەرێمەكانی وان و دیاربەكرو ئەرزڕۆم، لەدەستی دەوڵەتدا نەبوون و لەدەستی دەسەڵاتدارانی خۆجێیی كوردابوون. سنجەقی موش لەبنەڕەتدا، بەشێكبوو لەویلایەتی وان، بەڵام لەساڵی 1880وە، خرابووە سەر ویلایەتی بدلیس.[20]

---

[20] [20] Brad Dennis، opcit، p82.



موسابەگی موتکان( 1853-1928)




**بەحری بەگ کوڕی بەدرخان پاشا**




نەخشەی ولایەتی بدلیس ١٩٠٠

سنجەقی موش لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم



سنجەقی موش لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم

## موسابەگی موتکان و کەیسی هێرشکردنە سەر قەشە ئەمریکییەکان

هەروەك پێشتر لەیەکێك لەو لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بە کەیسی هێرشکردنە سەر خانمە مسیۆنێری ئەمریکیی "میس میڵتۆن" لەسەر خاکی کوردستان و لەنێو دەوڵەتی عوسمانیی ئەنجامانداوە، سەبارەت بە کوردو هەڵوێستی لەحاست هاتنی مسیۆنێرە ئەوروپییەکانان بۆ کوردستان نووسیومانە: " لەکاتێکدا کوردان، ویڕای ئەوەی چارەی مسیۆنێرەکانیان نەدەویست و پێیان وابوو کە هاتنی ئەوان، هێزو پاڵپشتی دەداتە ئەرمەن و ئاسوورییەکان کە هاوسێیەکی سەرسەخت و نەیاری کوردبوون و بەو دواییەش بەهۆی پشتگیریی وڵاتانی ئەوروپی و بایەخی مسیۆنێرەکانەوە تەواو لەخۆیان بایی ببون، بەڵام هێشتا نموونەیەکی ئەو تۆ نین کە لەکوردستان بەبەرفراوانی هێرش کرابێتە سەر گیان وماڵی مسیۆنێرەکان و مەسەلەی بەئامانجگرتنیان بووبێتە حاڵەتیکی هەمیشەیی. چونکە هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، میرنشینە کوردییەکان توانیبوویان ئارامیی ناوچە کوردییەکان رابگرن و رێگا لەدزیی و راووڕووت بگرن، بەڵام پاش رووخاندنی ئەو میرنشینانە، دیارەی تاڵانکردن و دەرکەوتنی باندی جەردەیی لەناوچە کوردییەکان دەرکەوت، لەم رووەوە تەنیا نموونەیەکی کەمی وەك ئەوەی موسا بەگی کوردمان هەیە کە لەئابی 1883دا، لەناوچەی بتلیس، هێرشی کردە سەر هەردوو مسیۆنێر ناپ (Knapp) و دکتۆر رینۆڵدز(Reynolds)، دەوڵەتی عوسمانی پاش گرتنی موسابەگ، ئازادی کرد، ئەوەی بووە هۆی ناڕەزایەتیی ئەمەریکاو داوای قەرەبووکردنەوەیان کرد، ئەو کەیسەی تا ساڵی 1890 درێژەی هەبوو." [21]

لەڕاستییدا، کەیسی هێرشکردنە سەر قەشە ناپ و پزیشکە ئەمریکییەکەی هاوڕێی "دکتۆر رینۆڵدز" لە 22ی مایۆی 1883 و لەگوندی "غواری" سەر بە شاری موش لەباکووری کوردستان، یەکێکە لەهەرە ئەو کەیسە

[21] پرۆفیسۆر دکتۆر یاسین سەردەشتی، هێرشکردنە سەر (میس میڵتون) لە کوردستان و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی عوسمانیی-ئەمریکیی. لێکۆڵینەویەکی بەڵگەنامەیی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٨، ل٤٩-٥٠.

ئـاڵۆزو ورووژێنەرانـەی هۆکـارێکی سـەرەکیی و دەسـتپێکی قـەیرانێکی درێژخایەن و دیپلۆماسیی نێوان دەوڵەتی عوسمانیی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. ئەو کەیسەی کە بۆ یەکەمین جار ناوی موسابەگی خستەسەر زاری دیپلۆماتکـارانی ئـەمریکیی و بریتـانیی و سـەرەتای ناسـراویی و هەروەها بەدناویی ناوبراویشە لەسەرئاستی نێودەوڵەتیی، بەشێوەیەك کە ناوی هیچ کەسایەتییەکی عوسمانیی لەم قۆناغەدا هێندەی موسابەگ نەبۆتە جێگـای بایـەخی دیپلۆماتکـارانی ئەمـەریکیی لـە ئیمپراتـۆری عوسـمانیی و هەروەها تەواوی ئەو نووسین و بیرەوەرییانەی دواتریش کە گەڕیدەکان و مسیۆنێرەکان سەبارەت بە ئاسیای بچووك و ئیمپراتۆرییەکە نووسیویانە، ناوی موسابەگی تێدا هاتووەو بەش و باسی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە.

دەربارەی ئەم رووداوە، "سەلوی سەعد ئەلغالبی" لەنامەی دکتۆراکەیدا کە سـەبارەت بـە پەیوەندییـەکانی نێـوان دەوڵـەتی عوسـمانیی و وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، نووسیویەتی :

" لەسـاڵی 1883دا، رووداوی هێرشکردنە سەر مسیۆنێرانی ئـەمریکایی (کناب و دکتۆر رینۆڵدز) لە وان لەلایەن چەتە عوسمانییەکانەوە، بووە هۆی یەکـەمین داواکـردن سـەبارەت بـە قەرەبوکردنـەوەی مـادیی، دەوڵـەتی عوسمانییش بەوە وەڵامی دایەوە کە یاساکانی وڵات رێپێنادات و ناتوانرێت قەرەبوکردنەوەی مادیی لەبەرچاوبگیرێت. سەرۆکی چەتەکان "موسابەگ"، ئامادەیی خۆی راگەیاند کە قەرەبو بداتە میستەر "کناب/ بەئینگلیزیی بە ناپ دەخوێنرێتەوە نەك کناب" بەبڕی چوارسەد لیرەی توركیی و شەش هەزار کیتەڵە رۆن، هەروەها دەستیشی ماچ بکات و داوای لێبوردن بکات، بەڵام ئەمـە بـەهۆی بێتاواننانـاسـاندنی موسـابەگەوە لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی عوسمانییەوەو هەروەها بەردانی لە زیندان، رووینەدا، ئەوەی دواتر وای لە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا کـرد بەتونـدیی نـاڕەزایی دەربڕێـت. لەبەرامبەریشدا، سـوڵتان لـە مانـا ئاماژەییـەکانی ناڕەزایەتییەکـەی وڵاتـە یـەکگرتووەکان بێزاربـوو، ئـەوەی کـە ئامـاژەی نـەبوونی دادپەروەریـی لەدەوڵەتەکەیدا دەگەیاند. دەسەڵاتدارانی عوسمانیی تاکو ساڵی 1890 سزای موسابەگیان نەدا، ئەو کاتە لەئەستەمبوڵ دوورخرایەوە.[22]

[22] دکتورة سلوى سعد الغالبي، العلاقات العثمانية الأمريكية 1830-1918، مكتبة مدبولي، القاهرة،2002، ص 251. شایەنی باسە ئەم زانیاریانە هەڵەیە چونکە نە موسابەگ چووە بۆلای ناپ و نە کەیسەکەش تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم کۆتاییهات و نەپەلامارەکەش لەوان روویداوە.

لـەم بارەیـەوە، ژێنـراڵ والاس، بەڕێوەبـەری کاروبـاری کۆنسـوڵخانەی ئـەمریکیی لەئەسـتەمبوڵ، لـە13ی جـونی 1883دا، نامەیـەکی ئاراسـتەی ئەحمـەد عـەریفی پاشـای وەزیـری دەرەوەی عوسـمانیی کـردووەو هـەواڵی هێرشکردنەسـەر دوو مسـیۆنێرە ئەمریکییەکـەی "نـاپ و رینۆڵـدز" لەلایـەن کوردەوەو لـەنزیکی گونـدی غـوارێ لەهـەرێمی بدلیس، پێڕاگەیانـدووە. ئـەو دەڵێت کە رووداوەکە 31ی مانگی رابردوو/مایۆ روویداوەو هـەوڵێکبووە بۆ کوشـتن، کـە یـەك لـەو دووانـە کـە دکتـۆر رینۆڵـدزە، لـە دە شـوێنەوە برینـی پێوەیـە کـە زامـی شمشـێرە، دەسـت و دەمـی هەردووکیشـیان بەسـتراونەتەوەو راکێشراونـەتە نێو دەوەنەکانـەوە و جێهێڵراون تاوەکو بمرن.
والاس بـە عـەریفی پاشـا دەڵێـت:" ئامـانج لـەم پەیامـە ئاگادارکردنەوەتانـە و بـەگوێرەی دوا زانیـاریی و هـەواڵگریی تایبـەت بـەخۆم، والـی لـەم بارەیـەوە زۆر کەمتەرخەم و بێبایـەخ بووە و پشتگوێخستنی لـەم رووەوە گرتۆتەبـەرو تاڕادەیـەکیش بەرپرسـە لەهـەلاتنی جـەردەکان. بـەڕێزتان کـە خزمـەت بـە پرسی دادپەروەریی و مرۆڤایەتیی دەکەن، پێویستە لـەم بارەیـەوە تائەوپـەڕی هەوڵ و کۆششی جدیی بکرێت لەپێناو قۆڵبەستکردنی چەتەکان..."
هەرلـەم رووەوە، میسـتەر مینس، نووسـەری کۆمیتـەی بـاڵاو سکرتێری بۆردی ئەمریکیی مسیۆنەکان، لە 19ی جونی 1883دا، نامەیەکی ئاراستەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا میستەر فریلیگوینسن، سـەبارەت بـە پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیانی ئـەمریکیی لـە ئیمپراتۆریی عوسمانیی کـردووە، ئـەوەی کـە پێچەوانـەی ریکەتننامـەی نیـوان هـەردوو وڵاتـە. هـەروەها میسـتەر مینس ئـەوەی بـە وەزیـری دەرەوە وتـووە کـە بـەو دواییـە لـە سـکرتێرێکی بۆردەکەیانەوە لەئەستەمبوڵ بەبـەرواری 29ی مـایۆ، نـامەیەکی پێگەیشتووە و باسـی ئـەوەی تیایـە کـە تووشـی دڵـەڕاوکی بـوون کاتێـك هـەواڵی هێرشکردنەسـەر هەریـەك لەقەشـە نـاپ و دکتـۆر رینۆڵـدزیان لـە بـدلیس، بیستووە، ئـەو دووەی یەکـەمیان لەبدلیس و ئـەوی تریشیان لەبنکـەی شـاری وانە. ئەوان لەلایەن پیاوانیکی یاساشکێنەوە پـەلاماردراون و دکتۆر رینۆڵدز دە برینی پێوەیە کە جێگەی شمشێرە، چاوەڕێی وەڵامـی تەلـەگرافێك دەکـەین بۆ هـەواڵی زیـاتر، ئـەم پـەلامارە پێویسـتی بـە وەڵامدانەوەیـەکی توندە لـە واشنگتۆنەوە."

دیاره وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە بەتەواوی بناغەی دەزگاو پەیوەندییە دپلۆماتییەکانی لەدەوڵەتی عوسمانیی بەشێوەیەکی چەسپاو دانەمەزراندبوو، لەناوچەی موش و بدلیس بنکەی مسیۆنێریی و نوینەرایەتیی ئەمەریکیی نەکردبۆوە، هەربۆیە سەرەتا هەوڵیدا بەهۆی تواناو شارەزایی دبلۆماتکارانی بریتانییەوە لە ئەستەمبوڵ و شارەکانی دیکەی کوردستان و دەوڵەتی عوسمانیی، هەواڵی ورد سەبارەت بە پەلاماری ئەو دوو مسیۆنێرەی هاوڵاتی خۆی کۆبکاتەوە.

لەم رووەوە، وەك لە لەنامەی "جۆن داڤیس"ی یەکەمین بریکاری وەزیری دەرەوی ئەمریکا، بۆ کۆنسوڵی ئەمەریکیی لە کۆنسوڵخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەستەمبوڵ لە رۆژی 10ی جولای 1883دا، هاتووە:" پاش گەیشتنی پەیامەکەت سەبارەت بە بەهێرشکردنەسەر هەریەك لە ناپ و رینۆڵدز، لەنزیك بدلیس لەلایەن کوردانەوە، کارەکانت لەو بارەیەوە پەسەندکراوەو پەلاماردەرەکان دیارییدەکرێن و بەشێوەیەکی دروستیش سزادەدرێن، تۆش پێویستە سوپاسی وزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بگەیەنیتە میستەر ویندهام نوێنەری خاوەنشکۆی بریتانیی لەئەستەمبوڵ لەپای ئەو هاوکارییەی کەبەهۆی کونسوڵی بریتانییەوە لەئەرزڕۆم لەبارەی ئەو نارەزایەتییەی لەحاست ئەم پەلامارە پێشاندراوە."

دیسانەوە، لە رۆژی 6ی سێپتەمبەری 1883دا، کۆنسوڵی ئەمریکیی لەئەستەمبوڵ، لەنامەیەکیدا، عەریفی پاشای وەزیری دەرەوەی عوسمانیی بۆ سزادانی تاوانباران و پەلاماردەرانی ناپ و رینۆڵدز ئاگادارکردەوە. ناوبراو بەپەژارەوە باس لەوە دەکات کە فەرمانەکانی ئەستەمبوڵ بۆ گرتن و دادگاییکردنی هێرشبەران بەلاڕێدا براوە، راستە بەشێکی کەمی ئەو کەلوپەل و پارانەی لەلایەن هێرشبەرانەوە براون گەڕێندراونەتەوە، بەڵام والی بدلیس لە قۆڵبەستکردن و پەلکێشکردنی تاوانباران بۆبەردەم دادگا، پشتی پێنابەستریێ، ئەو والییەکە کە زانیاریی بڕواپێکراو لەسەر گەندەڵیی و بەرتیلخۆریی هەیە. هەروەها هەواڵی گشتیی هەیە کە ئەو بۆخۆی لەگەڵ کوردە دزو جەردەکانی ویلایەتەکەدا شەریکەو یان لەژێر کاریگەریی و ترسی ئەواندایەو چاوپۆشییان لێدەکات."

هەروەها، والاس بە وەزیری دەرەوەی عوسمانیی دەڵێت:" من ناتوانم لەبری هاوڵاتییە موسوڵمانەکان هیچتان پێبڵێم، بەڵام دەتوانم سەرنجتان بۆهاوڵاتیانی وڵاتەکەم رابکێشم. ئەوانەی لە ولایەتی بدلیس دەژین و

سـەروماڵیان لەمەترسییەکی زۆردایـە، لـەپای متمانەنـەبونیان بـە حکومـەت، لـەڕێگای کونسـوڵخانەوە داوایـانکردووە تکـا لـەبابی عـالی بکـەین بۆئـەوەی بپـارێزرێن. لەڕاستییدا، هـەتاکو ئەفسـەرێکی نـەترس و بـوێرو جەربـەزە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو هەرێمە دانەنرێت، هـەر ڕۆژێ دەبێت هـەواڵی ئاژاوەی نوێ و کۆمەڵکوژیی کریستیانییەکان ببیستی."

*General Wallace to Aarifi Pasha.*

UNITED STATES LEGATION,
*Constantinople, June* 13, 1883.

HIGHNESS: I beg to inform you of an attack upon two American missionaries, Rev. Mr. Knapp and Dr. G. C. Reynolds, by Koords, near the village of Ghuorie, in the region of Bitlis. The assault took place on the 31st of May last, and was accompanied with both robbery and attempted murder. One of the gentlemen, Dr. Reynolds, received ten cuts with a sword. Both of them were tied, gagged, and dragged into the bushes, and left to die. The object of the present communication is to inform you, according to my latest intelligence, that the governor has manifested the most singular indifference in this affair, and may fairly be charged with the responsibility of the robbers' escape.

Your highness will serve the cause of humanity and justice by ordering that the most energetic measures be taken for the apprehension of the robbers.

I think it only necessary to make the suggestion to your highness, and avail, &c.,

LEW. WALLACE.

*Mr. Means to Mr. Frelinghuysen.*

BOSTON, *June* 19, 1883.

SIR: The Prudential Committee of the American Board of Commissioners for Foreign Missions respectfully call your attention to recent violations of rights of American citizens in the Turkish Empire. There are, as you well know, many of our citizens engaged in educational and missionary labors in Turkey. We suppose that cases of attempted violation of treaty rights have been reported to the United States Government by General Wallace, our minister at Constantinople, particularly in the cases of Rev. H. Y. Perry, of Kara Hissar, and Rev. Lyman Bartlett, of Cesarea. We have just received a letter from one of the secretaries of the American Board, temporarily in Constantinople, dated May 29, in which he says: "We are made anxious by a telegram announcing that Rev. G. C. Knapp, whose residence has been in Bitlis, and Rev. G. C. Reynolds, M. D., of Van, have been attacked by lawless men, and that Doctor Reynolds was smitten by ten sword-cuts. We wait a reply to telegram for farther particulars. This assault calls for vigorous measures at Washington."

Doctor Reynolds and Mr. Knapp, we presume, were traveling in the country at the time.

We are sure it is only necessary to call the attention of the State Department to the condition of things, of which the treatment of Messrs. Perry, Bartlett, Knapp and Reynolds are illustrations, to secure such interposition from our Government as the circumstances demand.

Very respectfully, &c.,

J. O. MEANS,
*Clerk of the Prudential Committee and Secretary of the American Board.*



لویس والاس( 1827-1905)



ئەحمەد عەریفی پاشا(1819-1895)

*Mr. Davis to Mr. Wallace.*

[Extract.]

DEPARTMENT OF STATE,
*Washington, July* 10, 1883.

SIR: * * * Your dispatch No. 234, of June 18, reporting the particulars of the flagrant attempt upon the lives of the Rev. Mr. Knapp and Dr. G. C. Reynolds, by Koords, near Bitlis, has been received.

Your action in the premises is approved, and it is trusted that the offenders will be secured and properly punished. You will convey the Department's thanks to Mr. Wyndham, Her Majesty's representative at Constantinople, for his courteous assistance through the British consul at Erzroom in the matter of the complaint of the assaulted gentlemen.

I am, &c.,

JOHN DAVIS,
*Acting Secretary.*

*Mr. Wallace to Aarifi Pasha.*

UNITED STATES LEGATION,
*Constantinople, September* 6, 1883.

HIGHNESS: Referring to the cases of Mr. Knapp and Dr. Reynolds, Americans attacked upon the highway, robbed, and left for dead by Koords in the neighborhood of Bitlis, it is with the greatest regret that I find it necessary to renew my demands heretofore presented upon the subject. My regret, I beg to say, is heightened by consideration of the failure of the orders you were good enough to issue in behalf of the Sublime Porte for the apprehension and punishment of the offenders. The goods and money taken from the American gentlemen have been restored but in small part, while the robbers are at large. Of course I cannot know what reports have been received by your highness touching the affair, still I think you will excuse me for saying that the facts are as I here state them, and for adding, with necessary plainness, that the Sublime Porte cannot rely upon the governor to bring the robbers to justice. The information touching that official's administration of his office is from most credible sources, and justifies me in requesting and urging an investigation of his official conduct; for bribery and corruption are openly charged against him, and it is a common report in Bitlis that if he is not actually confederated with the thieves, robbers, and lawless Koords of the vilayet, he is at least overawed by them, and to such a degree that good men of all nationalities and creeds are living in constant fear, knowing it useless to approach him with petitions for redress.

Now, your highness, I cannot assume to speak in behalf of the many good Mussulmans who are thus misgoverned, or to ask redress for them, and I do not; but I make certain of your seeing, and agreeing with me, that it is my duty to call attention to the situation of my own countrymen who live in Bitlis and the vilayet. They are in serious danger to life and property, and share the general distrust of the governor to such extent that they prefer to appeal through the legation to the Sublime Porte for protection. There can be little doubt, in fact, that unless some good, determined, fearless officer is sent to administer the affairs of the province, you may look for news of riot and massacre of Christians any day. I beg to repeat that the mischiefs there brewing cannot be too speedily made a subject of vigorous inquiry and prevention.

I avail, &c.,

LEW. WALLACE.

دیاره میستەر والاس، بەهۆی ئەو نامە تایبەتییەی کە لە رۆژی 24ی مایۆی رابردوو، لەلایەن خودی دکتۆر رینۆلدزەوە بۆی نێردرابوو، تارادەیەك ئاگاداری چۆنێتیی رووداوەکە بووە. سەرەتای نامە درێژەکەی دکتۆر رینۆلدز بەباسی هاوینی 1882 دەستپێکردووە، کەچۆن میستەر والاسی بینوەو پێیڕاگەیاندووە کە لەناوچە ناوخۆییە دووردەستەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی، هاوڵاتیانی ئەمریکیی هەن و پێویستیان بەوەیە لەلایەن کۆنسوڵەوە بپارێزرێن. ئنجا باس لەوەدەکات کە حەوت ساڵ پێشتر، کۆمەڵەیەکی مژدەبەریی کریستیانیی لۆکاڵییان بۆ بەرێوەبردنی کارەکانیان و پێشخستنی پێکهێناوە، کە ساڵانە لەبەهاردا کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەبەستێت، ئەوەی ئەمساڵ بڕیاربووە لەنزیك شاری موش ئەنجامبدرێت.

رینۆلدز، پێش ئەوەی لەوان دەربچێت، چاوی بەوالی کەوتووەو واڕێکەوتوون کە پێویست بەوە ناکات زەبیتییە لەگەڵ خۆیان بەرن، کاتێك چۆتە بدلیس و قەشە ناپی بینیوە، لەوێش چاویان بە والی بدلیس کەوتووەو پێیان وتوە کە رۆژی دواتر دەچن بۆ موش. بەو هۆیەی کە دەشتی موش ئاوەدان و پڕگوندبووە، لەسەرئەوە رێکەوتوون کە زەبتییە لەگەل خۆیانە نەبەن و والیش هیچ پێشنیازێکی ئەوتۆی پێنەکردوون.

گەشتەکەیان بۆ موش بێ کێشەبووەو لەنیوەڕۆی رۆژی 21ی مایۆ بڕیاری گەڕانەوەیان داوە. پاش حەوت سەعات رۆیشتن، گەیشتوونەتە شوێنی حەوانەوەی شەویان لەماڵێك بوون لەگوندی غواری کە کوردێکی بەناوبانگی لێ نیشتەجێبووە بەناوی میرزا بەگ، لەو ماڵەدا چوارئەرمەنیی تێداژیاوەو هۆدەیەکیان پێداون بۆحەوانەوە.

وەك باوە، لەگەڵ هاتنی کەسانەی غەوارەو بیانیی، خەلکی گوندیان لێ کۆبۆتەوەو ئەوانیش لەبەرماندوێتیی رێگا، زۆر حەوسەڵەی قسەکردن و دواندنی ئەو خەڵکەیان نەبووە و پێیانوتوون شوێنەکە چۆڵبکەن و ئەوانیش زۆربەیان رۆیشتوون، دواتر قەشەناپ و رینۆلدز خەریکی خواردنی شێو بوون، لەوکاتە چەند کەسێکی دیکەی گوندەکە خۆیان بەزۆوردا کردووە. رینۆلدز تێبینی ئەوەی کردووە کە لەکاتی هاتنەژوورەوی ئەوانە، ئامادەبووان جۆرە رێزێکیان نواندە، بەلام ناپ و رینۆلدز نەیانزانیوە ئەمانە کێن و لەسەر خواردن و حەوانەوەی خۆیان بەردەوامبوون. لەم کاتەدا یەکێك لەخزمەتکاری گەشتەکە بەگوێی دکتۆر رینۆلدزدا چرپاندوویەتی و وتویەتی: یەك لەوانەی هاتوون موسابەگی کوڕی میرزابەگە!!

پاش ئەمە، رینۆڵدز وەك رێزنواندن چایەکی بۆ موسابەگ تێکردووەو بۆی ناردووە، بەڵام ئەو وەرینەگرتووەو رەتیکردۆتەوە. رینۆڵدز دەڵێت: ئیدی تۆ دەتوانی قەزاوەت بکەی ئایا هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ئەم رووداوەو ئەوانی تردا هەبووە کە دواتر روویانداوە؟! لەوانەیە لای وابێت کە رێزی تەواومان لێ نەگرتبێت و بایەخمان پێنەدابێت!

بەگوێرەی نامەکە، هەردوو مسیۆنێرەکە، بەیانی کاتژمێر حەوت رۆژی 22ی مایۆی 1883، بەرەو بدلیس بەرێکەوتوون و ئەوانەشی لەگەڵیان بوون، خەریکی بەستنی کۆڵوبارەکانیان بوون و نیازیان بووە لەگوندێکی سەرەڕێگا بوەستن تا ئالیك بدەنە ئەسپەکانیان، پاش کاتژمێرێك و نیو رۆیشتن، پیاوەکان لەبەر نەبوونی جۆ لەگوندەکە نیوکاتژمێرێك لەناپ و رۆنۆڵدز دوادەکەون. ریگەکە لە بناری شاخێکەوە بەرەو دەشتی موش دادەگەڕێت کە پێیدەوترێت "ئارزۆدنۆس"، لەگەل هاتنەخوارەوە بەو پێدەشتەدا، رینۆڵدز لەئەسپەکەی دیتەخوارو بەپیادە دەڕوات. پاش ماوەیەکی کەم سێ کورد دەبینن کە سەرنجیان رادەکێشێت، چونکە بەپیادە دێن و یەکیکیان سەرشێتانە گۆرانییەکی ناوازە دەچڕێت، پاشان ئەوەیان کە گۆرانێکە دەڵێت، لەدکتۆر رینۆڵدز دێتەپێش و بێئەوەی هیچ قسەیەك یان داوایەك بکات وەحشییانە بەشمشێرەکەی هێرشدەکاتە سەری چەند جارێکی لێدەدا بەشێوەیەك خوێن بەسەروچاوو مل و گیانیدا دەچۆڕێت. هەروەها بەوهۆیەی رینۆڵدز ویستویەتی بەرگریی بکات و دەستی بکرێت، چەند لێدانیکیش بەر دەستوپلی کەوتوون و برینداربوون، دواتر بەهەرسێکیان رایانکێشاوەتەوە نێو دارەو دەوەنەکان و پوتەکانیشیان لەپێداکەندووە.

رینۆڵدز هەروا رووداوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" هەمان کات یەك لەو سیانە هەڵیکوتایە سەر میستەرناپ و بەکوتەك ئەیکێشا بەسەرو گوێلاکیدا و ناچاریکرد لەسەر ئەسپەکەی دابەزێت، ئەوسا ریشی میستەرناپی گرت و رایکێشاو بەرینەدا، هەرچەندە، میستەر ناپ سەعاتەکەی خۆشی دایە، دوای ئەوەی لیدانێکی توندیان سرەواندە پاژنەی، خستیانەسەر چۆك و پێلاوەکەیان داکەند و رایانکێشایە نێو داورودەوەنەکان. ئنجا جلەکانیان لەبەرداکەندین و پاڵیانخستین و دەستیان نایە بینمان و بەدوای پارەدا دەگەڕان و رووتانکردینەوە، پاشان دەستو چاویان بەستنینەوەو قاچیان گرێداین و دوای تاڵانکردنمان جێیان هێشتین.

پاش ئەوەی هەراکە نیشتەوە، بەدەنگی "ئحم" یەکترمان ئاگادارکردەوە و زانیمان کەماوین، ئەوسا بەدەنگی نزم کەوتینە دواندنی یەکتری، ئنجا کەوتمە سۆسەی ئەوەی بزانم چەندە دەستم بەتوندی بەستراوەتەوە!!"

پاشان دکتۆر رینۆڵدز دەتوانیت دەستوپێی خۆی و دواتری قەشەناپیش بکاتەوە، هاوکات چوارکەسەکەی دیکەش کەلەگەشتەکە لەگەڵیان بوون دەگەنە ئەو شوێنە، بەڵام ئەمان پێیان وایە کە ئەوانە دزەکان بن گەڕابێتنەوە، هەربۆیە خۆیان دەشارنەوە و پییان باش بووە بێدەنگیی خۆیان بپارێزن...دواتر کە ئەوانیش رۆیشتوون ئنجا لەنیو دەوەنەکان هاتونەتە دەرەوە و بەپیادە تاگوندێك رۆیشتوون بەناوی "گۆتسی"، پێش ئەوەی بچنە نێو گوندەکە یەکێك لەپیاوەکانی خۆیان لەگەڵ سەربازێك و هەروەها گوندییەك، چاویان پێیان کەوتووە، ئەوان ئەسپەکانی هەردوو مسیۆنێرەکەیان پێبووەو وتویانە کە پێش ئەوەی بگەینە ئەو شوێنەی ئێوەی لێ پەلاماردراون، دوو پیاومان بینیوە بەسەر ئەسپەکانەوە و وتویانە ئەسپەکانیان لەو دەشتە دۆزیوەتەوەو گرتوویاننەتەوە"!

دواتر، دکتۆر رینۆڵدز باسی خۆی و قووڵیی برینەکانی سەرو دەستی دەکات و دەگێڕێتەوە کە چۆن خوین بە جەستەیدا چۆڕاوگەی بەستووەو لەدۆخیکی مەترسییداردابووە، چونکە دوو لەو برینانەی بەسەرییەوە بوون قووڵبوون. پاش پێچانی برینەکانی و رۆیشتن بۆماوەی هەشت کاتژمێر، گەیشتوونەتە ماڵی میستەر ناپ لە بدلیس.

رینۆڵدز بە میستەر واڵاس دەڵێت:" بەهای ئەو کەلوپەلانەی لێمانبراوە زۆرنییە و هەر بایی 30 لیرەیەکە، ئاشکرایە بەشێوەیەکی سروشتی، ئەم رووداوە ئەگەر بەوردیی بەدواداچوونی بۆ نەکرێت، وادەکات هەڵوێستی هەموو ئەمریکییەکان لەم ناوچەیەدا بکەوێتە دۆخێکی ناپارێزراوەوە، جگەلەوەی، زۆر لەسەر ژیان و پێگەی کریستیانەکانی ناوچەکە کاریگەر دەبێت.

تاوەکو ئێستاش هیچ شکایەتیکمان لەدژی والی نییە، تەنانەت پێش ئەوەش کەنامەکەمان کەبەرجەستەی کەیسەکەمان دەکات بگاتەدەستی، بۆخۆی پزیشکی حکومیی ناردۆتە لامان و سەیری برینەکانی کردووم بەنیازی بەڵگەوەرگرتن، هەروەها بەڵێنی خۆی داوینێ کە هێزی سەربازیی سوارە دەنێرێت تاوەکو ئەنجامدەرانی ئەم کارە بدۆزنەوەو بیانهێنن بۆ شارەکە..تائێستا جگەلەو پزیشکە حکومییە هیچ بەرپرسێکی تر بانگیان

نـەکردووین و نەهاتوونەتـە لامـان، تەلـەگرافیکمان بـۆ میسـتەر ئایرسـی کۆنسـوڵی ئینگلیزیـی لـە ئـەرزڕۆم نـاردووە و داوامـان لێکـردووە ئەگـەر دەتوانێت بێت و هاوکارییمان بکات."

شـایەنی باسـە، لەسـەرداوای کۆنسـوڵی بریتـانیی لەئەسـتەمبوڵ، میسـتەر ئێڤـرت ی کۆنسـوڵی بریتـانیی لەکوردسـتان، میسـتەر ئـایرس ی جێگـری کۆنسوڵی بریتانیی لەشاری وان راسپاردبوو، کە بـەنهێنیی زانیاریی لەسـەر ئـەو پـەلامارەی کراوەتـە سـەر دوو مسـیۆنێرە ئەمریکییەکـە کۆبکاتـەوەو بەرپرسانی سەرەوەی خۆی لێ ئاگاداربکاتەوە. میستەر ئایرس، پاش گـەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی ورد، هەندێك زانیـاریی سـەبارەت بـە رووداوەکـەی 22ی مایۆی لە16ی ئوتدا، داوەتە میستەر ئێڤرت و بۆی نووسیوە کە چۆن لەسـەر داوای ئـەو لێکۆڵینـەوەی لـەو پـەلامارە کـردووەو لەبەرئـەوەی دەسـەڵاتی سـنووردارابووەو نـەیتوانیوە زانیـاریی لەدەسـەڵاتداران وەربگرێـت، بـەڵام توانیویـەتی سـێ لـەو چـوار کەسـەی پەلامارەکـەیان ئەنجامـداوە بزانێـت. دانیشتووانە کریستیانییەکەی گوندی کوبیان"خـاڤینیر" کە موسابەگی کوڕی میرزابەگی تێدا نیشتەجێیە،ئەوەی سەرکردەیەکی کوردی بـەهێزە، جـەختیان لـەوە کردۆتـەوە کـە بۆچوونەکـەی دکتـۆر رینۆڵـدز بەتـەواویی دروسـتەو موسـابەگ پێـی وابـووە کـە ئـەو پێشـوازییە ساردەی ئـەو دوو مسـیۆنێرە، سـوکایەتیەکە پێیکـراوە. وێـڕای ئـەوەی، کـە ئـەوان لەسـەرەتادا بەتـەواویی کەسـایەتیی ئـەویان نەناسـیوە، بـەڵام ئـەو جـەختی تۆڵەکردنـەوەی بۆخـۆی کردۆتـەوە، تۆڵەکەشـی بـەو شـێوەیە کردۆتـەوە کـە رینۆڵـدز گێڕاویێتیـەوە. هەرچەنـدە کەچوارکـەس لـەو رووداوەدا بەشـداربوون، یـەکێکیان لـەنێو دارودەوەنەکاندا بووە کە بۆکاتی پێویست دانراوە، موسابەگ خۆی سـەرۆکی باندەکـە بـووەو بـەڵام پۆشـاکی بـەگێتیی لەبەردانـەبووەو خـۆی گۆڕیـوە، عەبایەکی رەشی بەخۆیداداوەو هەر ئـەویش بووە بەشمشێرەکەی پـەلاماری دکتـۆر رینۆڵدزی داوە. موسابەگ وێـڕای ئـەوەی یـەکێك لەخزمـەتکارەکانی گوندەکەی خۆی لەگەڵدا بووە کەناوی نەزانراوە، دوو کوردی تری لەگوندی "مارنیك" لەگەڵدا بـووە بـەناوەکانی شـەریف ئۆغڵـون عوسـمان و ئەسـکان ئۆغلون حەسەن.

کاتێك والی بدلیس هەواڵی پەلامارەکـەی زانیوە، زەبتییـەی نـاردووە بـۆلای میرزابـەگ کـە تاوانکـاران بگـرن، بـەڵام میرزابـەگ زەبتییـەکانی بردۆتـە گوندی "ئەفزۆت" و چوارکوردی خێڵێکی تری وەك ئەنجامدەرانی تاوانەکە

داوەتــە دەســتیان. پــاش ئــەوەی قۆڵبەســتیان کــردوون و بردویــانن، شــەو لەڕێگـەی چەنـد کەسـێکەوە، لەپەنجـەرەی زیندانەکـەوە، بەشـیك لەکەلوپەلـە دزراوەکانی دوو مسیۆنێرەکەیان فڕیداوەتە لای چوارکەسەکە، بەڵام هـەموو شتەکان نەبووەو هێشتا هەندێکی ماوە. ئـەوەش بۆئـەوە کراوە کە زەبتییە لـە بـۆنی ئــەو گونــدە دوورخەنــەوە کــە ئــەو کــەســانەی تێدایــە بەراســتیی لەڕووداوەکە تێوەگلاون. چ قەشە نـاپ و چ دکتـۆر رینۆڵدزیش، نـەیانتوانیوە هیچ یەك لەو چوار پیاوە بناسنەوە، بەڵام هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆکن کـە یەکێك لەوانەی پەلاماریانداون تاڕادەیەکی زۆر شێوەی لەموسابەگ چووە، هەروەها جێگەی گومانیشە کە هەریەك لەو دوو مسیۆنێرە بتوانن ئـەو پیـاوە راستەقینانە بناسێنن، چونکە ڕووداوەکە زۆر خێرا روویداوە، بـەڵام میستەر ناپ پێیوایە کە دەتوانێت سەرۆکی باندەکە بناسێتەوە.
زۆر مەحاڵە چاوەڕێبکەین کـە هەواڵدەرەکانم وەك گەواهیدەر بێنـە دادگـا و بەدڵنیاییـەوە ئـەوە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ژیانیـان لەدەستبدەن، چونکـە هـەر لەیەکـەم سـەرنجەوە زەحمەتـە بتـوانین بـە بەڵگـەی سـەلمێنەر یـەك لەوانـە راپێچـی دادگـا بکـەین. بـەڵام تەنانـەت ئەگـەر موسـابەگیش یـەکێك نـەبێت لـەتاوانکارەکان، ئـەوەی جێگـەی پرسـیار نییـە ئەوەیـە کـە خـۆی و بـاوکی بەرپرسـن لـە تـەواوی ئـەو توندوتیژییانـەی لەهەرێمەکـەدا ئەنجامـدەدرێت، لەنیو خەڵکدا قسەیەك هەیە کە دەوترێ: بـێ ئاگاداری ئـەوان باڵنده ناتوانێت بفڕێت، هەروەها ئەم موسابەگە چەتەو پیاوکوژیکی بەدناوە.
ئەوەنـدەش پەیوەنـدی بەپرسـی پاسـەوانەوە هـەبووە، دکتـۆر رینۆڵـدز داوای زەبتییـەی نـەکردووە کـە لەگەشتەکەدا لەگـەڵیبن، بـەڵام پێش ئـەوەی بـڕۆن، ئــەوەی لەفەرمانـداری گشـتیی بـدلیس پرسـیوە، کـە داخـۆ هـیچ مەترسـییەك لەرێگادا هەیە؟ وەڵامەکەش ئەوە بووە کە ئاسایش بەتـەواوی لـە مەملەکەتدا بەرقەرارە، هەربۆیە دکتۆر رینۆڵدز بیری لـەوە نەکردۆتـەوە کـە پاسـەوانی پێویست بێت.
پێویسـتە تــەنیا ئــەوە زێدەبکــەم کــە ســزادانی موســابەگ کاریگــەرێتیی سوودبەخشی لەسەر کوردەکانی دەوروبەری بدلیس دەبێت. "
هەروەها ، میستەر ئێڤرتی کۆنسوڵی بریتانیی لەکوردستان، لـە31ی ئـوتی 1883دا، میسـتەر ویندهامی کۆنسـوڵی بریتـانیی لـە ئەسـتەمبوڵ لەهەنـدێك زانیاریی ئاگادارکردۆتەوە، ناوبراو نووسیویەتی کە بەگوێرەی ئـەو نامانـەی میستەر ناپ بۆ هاوڕی مسیۆنێرەکانی لەوان ناردووەو ئەمیش چەند بەشێکی

لێ خویندۆتەوە، هەروەها بەپێی ئەو نامە تایبەتەی کە خودی قەش ناپ بۆی ناردووە، درکی بەوە کردووە کە دۆخی مسیۆنێریی و لایەنگرانی کڵێسای پرۆتستانتی ئەمریکیی لە بدلیس باش نییە، رۆژانە، خۆی و ئەو ژنە مامۆستایەی لەوێیە بەردیان تێدەگیرێ و ئەو شوێنانەش پەلاماردەدرێن کە بەم دواییە بەگوێرەی فەرمان و رێپێدانی بابی عالی دایانمەزراندووە. قەشە ناپ ئاڵۆزیی رەوشەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە هەنگاوی جیدیی و رازییکەرانە بۆ ئەو توڕەییەی جونی رابردوو" لەبنەرەتدا مایۆیە" نەنراوە...

ئێڤرت، داوادەکات کە وەزیری ئەمریکا ئاگادار بکرێتەوە کە بەدەم دۆخەکەوە بچن و والی بدلیسیش لە رەوشەکە ئاگاداربکرێتەوە."

سەبارەت بەوەی کە کێ بەشمشێر لە دکتۆر رینۆڵدزی داوە؟! ئێڤرت دەڵێت کە چاوەڕێی راپۆرتی میستەر ئایرسە و دەشتوانێت ئەوە بڵێت کە موسابەگی کوڕی میرزابەگ، ئەو کەسەیە دکتۆر رینۆڵدزی دادرووە."

لەسەربەنی ئەو زانیارییانەی کە میستەر والاسی کۆنسوڵی ئەمریکیی لەئەستەمبوڵ، لەمسیۆنێرەکان و دپلۆماتکارانی ئینگلیزیی و هەواڵگرەکانی خۆیان لەمەڕ رووداوی پەلاماردانی هەردوو مسیۆنێرەکە لەبدلیس بەدەستیهێنابوو، کەوتەوە پەیوەندییکردن بە بەرپرسانی بالآی عوسمانییەوەو لەرۆژی 10ی سێپتەمبەری 1883دا، دیسانەوە نامەیەکی دیکەی بۆ وەزیری دەرەوەی عوسمانیی "عەریفی پاشا"نارد و سەرنجی وەزیری بۆئەوە راکێشاوە کە نە چەتە پەلاماردەرەکان گیراون و نە کەلوپەلە دزراوەکانیش بەتەواویی بۆ مسیۆنێرەکان گەڕێندراونەتەوە.

دواتر والاس، وردەکاریی پەلامارەکە بۆ عەریفی پاشا دەگێڕیتەوە، گوایە میستەرناپ و دکتۆر رینۆڵدز شەوێك لەماڵیك بوون ونەیانتوانیوە پیاڵەچایەك پێشکەشی موسابەگ بکەن، کە کوڕی میرزابەگەو سەرۆکێکی بەهێزی کوردەو لەگوندی کوبیان "خاڤینیر" نیشتەجێیە، موسابەگ ئەوەی بەسوکایەتیی داناوەو دواترئەوان کوپێك قاوەیان بە رێزەوە بۆناردووە، رۆژی دواتر، موسابەگ چۆتەسەر رێگایان، چوارکەس پەلاماریانداون، کە یەکێکیان خزمەتکارەکەی خۆیەتی لەگوندی کوبیان و دوانەکەی تریشیان شەریف ئۆغڵون عوسمان و ئەسکیان ئۆغڵون حەسەنە کەدانیشتووی گوندی مۆرینکن.

موسـابەگ كـە خـۆی سـەرۆكی دەسـتەكە بـووە، بەدەسـتی خـۆی دكتـۆر رینۆڵدزی بریندارکردووە و بەجێشیهێشتووە بـەو خەیاڵـەی بـەدەم قەڵبـەكـانی شمشـێرەكەیەوە مردبێـت. هاوەڵەكانیشـی، میسـتەر ناپیـان كوتیـوە تـاكو ئەویشـیان بـەو دەردە بـردووە، پاشـان رایانكێشـاوەتە نێـو دارودەوەنـەكان و كەلوپەلە گرانبەهاكانیان بـردوون. والاس پاشـان هەموو ئـەو زانیارییانـە بۆ عـەریفی پاشـا دەگێڕێتـەوە كـە پێشـتر میسـتەر ئایرسـی بریتـانیی بـۆ ئەمریكییەكانی كۆكردبۆوەو ئنجا باسی ئەو راپۆرتـە دەكـات كـە دادوەرەكـە سەبارەت بە سزادانی تاوانباران و گێرانەوەی كەلوپەلەكانیان نووسیویەتی و دەڵێـت كـە ئـەو راپۆرتـە راسـت نییـەو لـەوەش زیـاتر سـەرۆكی بكـوژان، موسابەگ، تەواوی ئەو ماوەیە بەئاسانیی سوڕاوەتەوە."

دواتر، والاس دۆخەكە بەو شێوەیە وێنا دەكات كە لەناوچەیە لەبری ئـەوەی تاوانكاران سزابدرێن، هـەروەك بـابی عـالی و وەزیـری دەرەوە بەڵێنیانـداوە، كـەچی دەپـارێزرێن. هـەروەها باسـی خراپیـی ئاكـاری والـی بـدلیس دەكـات و دەڵێت تـاوەكو ئـەو لـەوێ بێت سزادانی تاوانكـاران بێهودەیـە. پاشـان والاس پێشنیاری نـاردنی ئەفسـەرێكی ئازادەكـات كـە بچێت لێكۆڵینـەوە لـە ئیدارەی والـی بدلیس بكـات و خـۆی لـەبری ئـەو كاربگرێتەدەست، ئـەوەی وادەكـات ژیــانی خــەڵكێكی زۆری كریســتیانیی لــەوێ رزگاربكــات كــە ئێســتاكە لەمەترسـییدایە، بەشـێوەیەك بتـوانن چێـژ لەمافـە مـەدەنیی و یاسـایی و ئاینییەكانیان ببینن كە ئێستا نییانە.

هـەروەها دەبێت موسابەگ و چەتـەكان كـە شـەریف ئۆغڵـون عوسـمانەو ئەسـكیان ئۆغڵـون حەسـەنە، قۆڵبەسـتبكرین و بەتونـدیی سـزابدرێن، بەوشـێوەیەی ئەوانـەی كـە ئێستا لـەژیانی خۆیـان دەترسـن، بتـوانن لـەدادگا گـەواهیی خۆیـان بـدەن. لەهـەموو حاڵەتەكانـدا، میرزابـەگ و موسـابەگ كـە سەرۆكخێڵن، بەتـەواویی بەرپرسن لـە تـاوانی دەستوپێوەندەكانیان. هـەروەها والاس، عــەریفی پاشــا ئاگاداردەكاتــەوە، كــە ســزادانی تاوانكــاران و قەرەبوكردنەوەی پەلاماردراوەكان دەشێت رێگاچارەسـەری كەیسـەكە بێت، دەنا بەپێچەوانەوە، دژی بابی عالی شكات دەكـات و هـەروەها داواش دەكـات كە لەم ماوەیەدا، پارێزگاری زیاتر بۆمیستەر ناپ و دكتۆر رینۆڵدز تـەرخان بكریت."



جۆن داڤیس (1902-1851)



دکتۆر جۆرج رینۆڵدز



تیۆدۆر فردریك فریلنگویسن (1817-1885)



قەشە ناپ

*Mr. Reynolds to Mr. Wallace.*

BITLIS, *May* 24, 1883.

DEAR SIR: When I had the pleasure, in company with Mr. Williams and others, of calling on you last summer, I told you I wanted you to have a realizing sense that there were American citizens residing in the far interior of the Empire who might some time have occasion to claim your protection. I little thought then, however, that I should have occasion to report such an occurrence as that which I now seat myself to tell you of.

Seven years ago, in the attempt to secure the co-operation of the people in our work, we organized a Domestic Missionary Society, which holds its annual meeting in the spring. This year the meeting was appointed at a village near Moosh. Before leaving Van, to attend this meeting, I called upon our *vali* and asked for a road *bouralty*, and we agreed in the opinion that a *zaptieh* was unnecessary. On reaching Bitlis, with Mr. Knapp, I called on the Bitlis *vali*, and we informed him we were going to start for Moosh the following day. As the road lies across the Moosh plain, where villages are frequent, we are not accustomed to take a *zaptieh*, and the *vali* made no suggestion of any necessity of doing so now.

Our journey to Moosh was without incident, and at noon of Monday, May 21, we started on our return. Seven hours brought us to our night's resting-place at the village of Ghuorie, where resides a noted Koord, Mirza Bey by name. We put up at the *oda* of one of the four Armenians who reside there. As usual on the advent of a stranger the villagers crowded into the room, but owing to our fatigue and the lateness of the hour, we did not feel able to converse with them, and asked them to withdraw. The majority had done so; and Mr. Knapp and I had seated ourselves for our supper, when a few more villagers came in, to whom I noticed the villagers paid some honor; but we had no idea who they were, and kept on with our meal. Our servant came and said one of them was Moussa Bey, the son of Mirza; whereupon I did him the honor to send him a cup of tea, which he declined. You can judge whether there is any connection between this occurrence and subsequent events. He may have considered that we did not pay him sufficient honor.

At 7 o'clock the next morning, May 22, Mr. Knapp and I started on while the men were tying on the loads, intending to stop and feed our horses at the next village we were to pass through, an hour and a half distant (there was another village between, a few minutes from the road), as we had been unable to secure barley at the village where we had staid. Our men were delayed to find an umbrella that had disappeared, so that they were twenty or thirty minutes behind us. The road crosses a spur of the mountain that juts out into the plain, called the "Arzode Nose," and as we began to descend I dismounted and was leading my horse. A few rods ahead we saw three Koords coming towards us on foot, who attracted our attention simply by the fact that one was singing in a peculiarly wild manner. We went on, unsuspicious of danger, and as the singer came up to me, without a word or a demand, or opportunity for remonstrance, he began striking me most savagely over the head with his drawn sword, and kept it up for several seconds. Probably the first blow brought blood, and the ruddy fluid was soon streaming down my face and neck and over my clothes, while in the attempt to ward off the blows or seize the sword my hands were severely gashed as well. At last he let up, and, with one of his companions, threw me to the ground and drew off my boots. Then the idea seemed to occur to them that the place was rather too public, and the two dragged me to the cover of some bushes a little way off. Simultaneously with these events another of the three, seizing Mr. Knapp, began beating him over the head with a heavy club, and compelled him to dismount, and then seized him by the beard and dragged him on, not relaxing his grasp, though Mr. Knapp at once handed him his watch. After another heavy blow on the ankle they threw him to the ground also and drew off his boots, and then dragged him to the bushes.

Here, holding us on the ground and choking us, they rifled our pockets, partly stripped off our clothes, searched us to the skin for money, and then tied our eyes, barely allowing me to staunch the blood a little with the same cloth which was about my eyes. Then they tied our hands behind us and bound our feet, and after pocketing the plunder left us.

When the noise had ceased we informed each other by a "hem!" that we were alive; and as no notice was taken of this, we conversed in a low tone. Then I began to investigate how securely my hands were tied, having striven, when the work was done, to get the cord as high up as possible. It was not long before I had slipped one hand out, and cautiously uncovering my eyes and finding no one in sight, I untied my feet and then released Mr. Knapp. Before this our four men had come up and we could hear their voices, but as they were talking Koordish to some one, we thought our robbers, with accomplices, were repeating the process with them, and that our best course was to keep still and afterwards release them also. When the noise had fully ceased we ventured out from our concealment and searched among the bushes for our companions, but no one could be found, and animals that might be ours

*Mr. Eyres to Mr. Everett.*

VAN, *August* 16, 1883.

SIR: I have the honor to inform you that, in accordance with your instructions, I made inquiries concerning the attack on the American missionaries near Bitlis. My powers of action were much limited by my inability to apply to the authorities for assistance, but I was enabled to obtain the names of three out of the four men who were implicated.

The Christian inhabitants of Kubian (Khavenir), where Moussa Bey, son of Mirza Bey, a powerful Koordish chieftain, resides, asserted that Dr. Reynolds's idea as to the cause of the outrage was perfectly correct—that is, that Moussa Bey considered his honor insulted by the cool reception afforded him by the two missionaries, though they were entirely ignorant at first of his personality. He determined to revenge himself, and carried out his determination in the manner already described by Dr. Reynolds. There were, however, four men engaged in the affair, one being in reserve in the bushes in case he was required. Moussa Bey in person was the leader, but he was so far disguised that he wore the common Koordish costume of black "aba" instead of the dress of a bey. He it was who used the sword and attacked Dr. Reynolds. There were besides a servant of his own village, Kubian, name unknown, and two Koords from the village of Marnik, by name Sheref Oghlon Osman and Asskian Oghlon Hassan.

The governor-general of Bitlis, on hearing of the outrage, sent zaptiehs to Mirza Bey, with orders to arrest the guilty persons. Mirza Bey went with the zaptiehs to the village of Avzout, and pointed out four Koords of another tribe as the guilty men. The zaptiehs arrested them, and remained there the night, during which some person threw a bundle into their room, containing most of the stolen property, though there are still some articles of value missing. This was done probably in order to throw the police off the scent as to what village the real malefactors belonged to.

Dr. Reynolds and Mr. Knapp were, of course, unable to identify any of the four men arrested, but they both agreed that one man much resembled the leader of the band. This man is known to bear a peculiar likeness to Moussa Bey. It seems altogether doubtful whether either of the missionaries could identify the right men, as the whole affair passed so quickly, but Mr. Knapp thinks he would be able to identify the leader of the band. It would naturally be impossible to expect any of my informants of the villages to give evidence in court, as they would most certainly lose their lives if they had the temerity to adopt such a course. Therefore at first sight it would seem difficult to obtain a conviction, if the arrests were made. But even supposing Moussa Bey were not one of the actual perpetrators of the deed, it is unquestionable that both he and his father are responsible for all deeds of violence done in their district. It is a saying amongst the people that a bird cannot fly without their knowledge, and this Moussa Bey is a notorious murderer and robber.

* * * * * * *

With regard to the question of escort, Dr. Reynolds did not ask for a zaptieh to accompany him on his journey, but before starting he inquired of the governor-general of Bitlis if there was any danger on the road, and the answer was that the country was in a state of perfect security. Dr. Reynolds, therefore, did not think it necessary to ask for any escort.

I have only to add that the punishment of Moussa Bey would have a most salutary effect on the Koords in the country around Bitlis.

I have, &c.,

H. C. A. EYRES.

*Mr. Everett to Mr. Wyndham.*

ERZROOM, *August* 31, 1883.

SIR: Extracts which I have read from letters received by the missionaries here from Mr. Knapp, their colleague at Bitlis, together with the contents of a letter which I myself have received from him, seem to indicate that his position, as well as that of the Protestant community at Bitlis, is very far from satisfactory. It appears that both he and the lady teacher stationed there are frequently stoned and insulted, and there is some probability of the inhabitants injuring some buildings which are being erected by the Protestants under *firmans* which they have lately received from the Porte.

Mr. Knapp attributes the present attitude of the people to the absence of any steps to obtain satisfaction for the outrage of June last. I have no doubt that this supposition is in part correct.

I should therefore recommend, with a view to prevent further outrage and possible disorders, that the American minister be advised of the desirability of moving in the matter, and, if his Government takes any interest in the buildings which are being now erected at Bitlis, of the expediency of procuring at an early date a special order to the vali directing him to see that no damage is done to them.

I am expecting by every mail an official report on the subject of the June outrage from Mr. Eyres; in the mean time I am able to inform you that the affair was premeditated and that Moussa Bey, the son of Mirza Bey, is the man who cut down Dr. Reynolds.

I have, &c.,

WILLIAM EVERETT,
*Her Majesty's Consul for Koordistan.*



*Mr. Wallace to Aarifi Pasha.*

UNITED STATES LEGATION,
*Constantinople, September* 10, 1883.

HIGHNESS: It is with the greatest regret I find it necessary to call your attention again to the robbery and attempted murder of Rev. Mr. Knapp and Dr. Reynolds by Koords near Bitlis, and to inform you that the robbers have not been arrested and that the goods and money taken by them have been returned, but in small part.

I beg to say, also, that it is now in my power to give you the particulars of the robbery and of the succeeding action of the governor-general of Bitlis. Mr. Knapp and Dr. Reynolds, putting up for the night in a house, failed to offer a cup of coffee to a person present named Moussa Bey, of the village of Kubian (or Khavenir), and son of Mirza Bey, a powerful Koordish chief. Moussa Bey conceived himself insulted by the cool reception, and though the gentlemen, instantly they found who the man was, politely sent him a cup of coffee, next day he waylaid them as they were traveling along the highway. There were four men engaged in the affair beside Moussa Bey; one his own servant, living in the village of Kubian, and two Kurds of the village of Mornik. The last two mentioned are named Sheref Oghlon Osman and Asskian Oghlon Hassan. Moussa Bey was the leader of the party, and with his own hand cut Mr. Reynolds down, and left him, as he supposed, dead from ten sword wounds. The assistants beat Mr. Knapp with clubs until he was supposed to be in the same condition. Both gentlemen were then dragged into the bushes and left there, after being robbed of their valuables.

Before setting out on the journey the travelers, having been assured by the governor-general that the roads were perfectly safe, went without guards. When the affair was reported to the governor he made show of action and sent zaptiehs to arrest the robbers, putting them in charge of Mirza Bey, the father of Moussa. With the police the father went to the village of Avzout, and there pointed out four Koords of another tribe as the guilty men.

The four thus designated were taken into custody and presented to Messrs. Knapp and Reynolds, who said they were not the robbers.

During the night in Avzout a bundle was thrown through a window into a room occupied by the guard, which, on examination, proved to contain a portion of the stolen effects—all of them which have in fact been recovered. With this the governor rested from his efforts, and reported the felons caught and punished, and the property retaken and returned. Again I emphasize to your highness that the report is not true, and more, the chief of the assassins, Moussa Bey, is at liberty and has been all the time; and still more, your highness, the details I have the honor of submitting to you are current through all the region of Bitlis, having been first given out by Moussa Bey himself.

Out of great respect for the Sublime Porte, which cannot be supposed to sympathize with misconduct in any quarter of the Empire, I refrain from comment upon the course of the governor-general, except to refer to its manifest inefficiency, giving ground to suspect him of using his authority for the protection of the criminals rather than their punishment. Coupling it with the reports of the condition of the vilayet come to me since the affair of Messrs. Knapp and Reynolds, and recalling that the orders already issued by your highness for the punishment of the robbers have been fruitless, I see no hope of accomplishing anything like redress unless a brave and impartial officer be sent there to investigate the governor-general's administration and take the business in his own hands; and that I venture to suggest and even urge upon your highness.

Such a step may serve to save the lives of many Christian people now in serious danger; it will certainly result in securing to them the enjoyment of legal, civil and religious rights of which they are at present denied.

I have also the honor to demand that Moussa Bey and his fellow robbers, Sheref Oghlon Osman and Asskian Oghlon Hassan be arrested and fully punished. It may be, should this be done, that from fear of their lives the people who might testify against the men will not speak out; nevertheless I cannot but think it will do good to prosecute the case with honest effort. In every event Mirza Bey and Moussa Bey in their capacity of chiefs are responsible for the crimes committed by their dependents. Could they be brought to just sentence it would unquestionably lessen the demand for indemnity which otherwise it will be my duty to present against the imperial Government in the connection.

Should the Sublime Porte graciously conclude to act as I have taken the liberty to suggest and demand, it will no doubt see that it will be especially necessary that Messrs. Knapp and Reynolds receive extra protection for some time to come. If


سێر جۆرج هۆگ ویندهام (1916-1836)

لەراستییدا،خویندنەوەی قسەکانی دکتۆر رینۆڵدز پرسیاری زۆر لەلای خوێنەر دەورووژێنێن کە گومانێکی قووڵ لەگێڕانەوەکان دروستدەکات. یەکەم ئەگەر موسابەگ ئەم کارەی کردووە بۆچی مسیۆنێرەکانی جێهێشتووەو نەیکوشتوون؟!پاشتر ئەگەر کەلوپەلی گرانبەهاو بەنرخیان پێ نەبووە کەواتە بۆ باس لەتاڵانیی دەکرێت؟ دواتر رێنۆڵدز بۆ هیچ قسەیەکی لەئامانجی کۆمەڵە مژدەبەرییەکە نەکردووە کە دایانمەزراندووەو ساڵانە کۆبوونەوەیان لەگەڵ کردوون؟! دواتر دوو مسیۆنێرە بەتەواوەتی کۆک نین لەسەر ناسینەوەی موسابەگ وەک هێرشکەری سەرەکیی ئەم رووداوە،بە بەگوێرەی قسەی رینۆڵدزیش پەلامارەکە زادەی ئەو سوکایەتییە بووە کەشەوی رابردوو لەبەرامبەر موسابەگ کراوە!

لەلایەکــی تــرەوە، میســتەر ئێڤــرت کۆنســوڵی بریتــانی لەئــەرزرۆم، لەنامەیەکیدا، لەرۆژی26ی ئۆکتۆبەری 1883دا، میستەر لۆرد دۆفرین ی ئاگادارکردۆتەوە، کە نامەیەکی لەمیستەرناپەوە پێگەیشتووەو هەواڵی ئەوە بەمیســتەرناپ دراوە کــە کەیســەکەی رەوانــەی ئەســتەمبوڵ کــراوەو موســابەگیش بانگێشــتکراوە بچێتەبــەردەم دادگــا، بــەڵام نــاپ ئــەوەی زێدەکردووە، کە ئەم بەڵێنە نایەتەدی. وەرگێڕەکەی پێی وتوە هەتاوەکو عارف پاشا لەپشتی موسابەگ بێت، بەدڵنیاییەوە هەمیشە لەسزا پارێزراوە و چەندیش بانگی بکەن وەڵامیان ناداتەوەو ناچێت. ناپ دەڵێت: نە خۆم و نە هاوڕێکانیشم هیچ هیوایەکمان نییە هەرگیز ئەم پاشایە لەم بابەتەدا شتێك بکات.

ئەوەنـەی لـەبارەی کەسـایەتیی ئـەم عـارف پاشـایەوە درکمـان کـردووە، مەزەنەی ئەوە دەکەین کە هیچ شتێك نەکات و لەبری ئەو پشتگوێخستن و خەمساردییەی، دیارییەکی نایاب لەموسابەگ وەربگرێت، بەڵام هیوامان وایە وەزیرەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان رێگە بەوە نەدات ئەم مەسەلەیە ئاوا تێپەڕێت.

بەڕاستیی ئومێدەوارم بەڕێزیان رێگایەك ببینێتەوە بۆئەوەی ئەم بەرپرسە لەکاربخرێت. "

دروست لەم کاتەدا بوو، کە میستەر هیپ، هەڵسوڕێنەری کاروباری کۆنسـوڵخانەی ئـەمریکیی لـە ئەسـتەمبوڵ، لەنامەیەکیـدا لـەرۆژی 12ی نۆڤەمبــەری 1883، ســەبارەت بــەو خەمســاردیی و پشتگوێخســتنەی بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی خەلافەت ، بەتایبەت عارف پاشای والی بدلیس لەهەمبەر کەیسی هێرشکردنەسەر دوو مسیۆنێرەکە و سزانەدانی موسابەگ نواندوویانە، نیگەرانی خۆی گەیاندە عەریفی پاشای وەزیری دەرەوەی عوسمانیی.

میستـەر هیـپ دەڵێـت:" پـاش ئـەو پـەلامارەی کراوەتـە سـەر ئـەو دوو مسـیۆنێرە لـەنزیك گونـدی غـواری لەناوچـەی بـدلیس و کەلوپەلـەکانیان تـاڵانکراوەو بریندارکراون، ئـەوان هیچ کاتێکیـان بـەفیڕۆ نـەداوە تـاوەکو شکاتی خۆیان بەرنە بەردەم عارف پاشای والی بدلیس لەو رووداوەی کە لەناوچەکـەی ئـەودا قـەوماوە. بـەڵام ئـەو هیچـی بـۆگرتنی جـەردەکان نەکردووە، هەرچەندە ئەوانە چ وەك کەسیایەتیی و چ وەك ناو ناسراون.

هەرچەندە بەهۆی ئەو فشارە زۆرەی كراوەتە سەر عارف پاشا، ناچار رازیبووە كە موسابەگی سەرۆكی باندەكە لەگەڵ میستەر ناپدا رووبەڕوو بكرێنەوە و میستەر ناپیش ئەوی بە یەكێك لەپەلامارەدەرەكان ناساندووە، بەڵام لەگەڵ ئەم بەڵگەی تاوانكارییەشدا، هیچ كات عارف پاشا رێگەی بە گرتن و دادگاییكردنی موسابەگ نەداوە، ئەو ناوبانگە زۆر نالەبارەی ئەم والیە هەیەتی، وادەكات تەنانەت ئەگەر موسابەگیش دادگایی بكرێت و وەك تاوانبار رابگەیەنرێت، ئەم ئامادەیە گرێنتی بداتە موسابەگ كە سزا نەدرێت و پارێزراوبێت.

ئێمە وەك كۆنسوڵخانە، زانیاریی وردمان لایە سەبارەت بە نارەزایەتیی و نەهامەتیی هەریەك لەتوێژەكانی خەڵكەكە بەدەست كارەخراپەكانی عارف پاشاوە و بێبایەخوەرگرتنی مافەكانی خەڵك، ئەوانەی رێگەی بەكارهێنانی تەلەگرافیان لێ قەدەغەكراوە تاوەكو سوڵتان لە نەهامەتییەكانی خۆیان ئاگاداربكەنەوە، بەڵام مەبەستی من دەرخستنی كەسایەتیی عارف پاشا نییە، بەڵكو گرتنەبەری باشترین رێگایە بۆ مسۆگەركردنی شەرەف و كەرامەت و بەرژەوەندیی دانیشتووە ئەمریكییەكانی ئەم ناوچەیەیە كەلەسایەی قەڵەمڕەوی والیدایە."

لەكۆتایی نامەكە، میستەر هیپ، جەخت لەوەدەكاتەوە كە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، بەوردیی چاودێریی بەڕێوەچوونی كەیسەكە دەكات، داواش لەبەرپرسانی باڵای دەوڵەتی عوسمانیی و وەزارەتی دەرەوە دەكات، كاربكەن بۆ سزادانی موسابەگ و تاقمەكەی لەسەر تاوانەكانیان، دەنا حكومەتی وڵاتە یەكگرتووەكانە ناچاردەبێت داواكاریی موحریج پێشكەش بكات.

ئەگەر عارف پاشاش لەپۆستەكەی لانەبرێت، ئەوە پێویستە دادگایی موسابەگ بهێنرێتە ئەستەمبوڵ، بەو هیوایەی ئەم داوا ماقوڵانانە پەسەند بكرێت."

قەشە ناپ بۆخۆی لە 12ی نۆڤەمبەری 1883دا، میستەر هیپی هەڵسورینەری كاروباری كۆنسولخانەی ئەمەریكی لە هەڵوێستی عارف ئەفەندی پاشای والی بدلیس و رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ موسابەگ كردووەو دەڵێت كە پاش رووداوەكەی 22ی مایۆ، پەیوەندی بەعارف پاشاوە كردووەو ئەویش پێی وتووە كە لێپرسراوانی ئەستەمبوڵی لەوە ئاگاداركردۆتەوە كە موسابەگ ئەو كەسەیە پەلاماری دكتۆر رینۆڵدزی

داوە، ئـەو وتــی کـە فـەرمان هـاتووە موسـابەگ بانگبکـەین و ئەگــەر وەك هێرشبەر نەتناسی ئەوا ڕێگەی پێدەدەین بڕوات، بەپێچەوانەشـەوە دەیگرین و زیندانیی دەکەین.
لـە4ی ئۆکتۆبـەردا، پاگندەیـەك بڵاوبۆتـەوە کـە موسابەگ ڕووی لـەچیاکانی باشووری گوندەکەیـەوە کـردووە، دواتـر ئـەو زانیارییـە واگـەڕاوە کـە بـەگ نەخۆشە و توانای هاتنی بۆ بدلیس نییە.لە 22ی ئۆکتۆبەردا، کە پێنج مـانگی تەواو بەسەر پەلامارەکەدا تێپەڕی، بانگکرامە لای مودیری حکومیی تاوەکو پەلاماردەرەکە بناسێنم.
دواتـر مستەر نـاپ دەڵێت کـە وێڕای ئـەوەی زۆریش نـەخۆش بووە بـەڵام بڕیاری داوە لەگەڵ دوو خزمەتکارو وەرگێڕێکدا بچێتە دادگـای بـدلیس. پـاش ئەوەی کاتژمێرو نیوێك لەدادگا ماوەتەوە، پرسیاریان لێکـردووە کـە ئاپا پـاش پێنج مانگ لەو پەلامارە دەزانێت کێ پەلاماری داوەو دەیانناسێتەوە، ئـەویش وتویـەتی کـە هـەموویان ناناسـێت و لـەوانەیـە دکتـۆر رینۆڵـدزی هـاوڕێی باشـتریان بناسـێتەوە، ئـەو بۆخـۆی نـاوی کەسـی نـەداوە، بـەڵام ئـەو کەسـە دەناسێتەوە کە شمشێرەکەی وەشاندووە.
" پــاش ئـــەوەی پیاوەکـــان لەلایـــەن پاســـەوانەکانەوە هێنرانـــە ژوورەوە، بـەوردیی سـەیریانم کـرد و دەسـتم خستەسـەر دانەیـەکیان و وتـم: ئەمـە ئـەو پیاوەیە من دەموچاوی دەناسمەوە. ئەو پیاوە کە هاتەژوورەوە بێباك و رەنـگ و ڕووی ئاسـایی بوو،بـەڵام هـەر ئەوەنـدە پەنجـەم بـۆ ڕاکێشـا ئیـدی لــەپڕ سوور هەڵگەڕا. ئەو باڵایەکی ناوەنجی و ڕوویەکی سوورو سمێڵێکی کاڵ و قژێکـی رەشـی هـەبوو، تەمـەنی نزیکـەی سـی سـاڵێك دەبـوو، بـەرگێکی فشـی رەنگاورەنگی لەبـەردابوو، لەگـەڵ پاڵتۆیـەکی گـەورەو پێڵاوێکـی بەرزیشـی لەپێدابوو . وتم بەڵام من ئەمـەم بینیوە بـەرگێکی تـری لەبـەردابووە. لێکۆڵـەر وتــی کــە شــتی وانابێــت چونکــە ئەمــە ئــەو پۆشــاکەیە کــە ئــەو هەمیشــە لەبەریدەکات. دەبوو بموتایە: ئەمە ئەو پیاوەیـە کە شمشێرەکەی بـەکارهێنا، دادخـواز ناوەکـەی نووسـی: موسـابەگی کـوڕی میرزابـەگ. ئنجـا پرسـیارم لێکرا : لەو شوێنەی کە لێی وەستابوون شـەوێك پێشتر ئـەم پیاوەتـان بینیوە؟! وەڵامم بەنەخێر دایـەوە، باشـە چۆن دەبێت ئـەو بیتـە ژوورەوەو تۆ نـەیبینی؟ وەڵامـم دایـەوە کـە ژوورەکـە زۆر تاریـك بـووەو تـەنیا رونـاکی مـۆمێکی تێدابووە و منیش زۆر ماندوو بووم و تێبینیی هیچ کەسێکم نـەکردووە و پـاش چاخواردنەوەکە کە دکتۆر پێیدام، یەکسـەر بۆ حـەوانـەوە پـاڵم لێدایـەوە. هـەر

ئەوەنە ئەو قسەیەم کرد، دەستبەجێ پەلاماردەرەکەم قسەی پێبڕیم و وتی :
ئەوە زۆر سەیرە کە تۆ منت نەبینیوە!! ئەو کات پێی وترا بێدەنگ بێت...وردەکاری دەرکەوتنی سێ کەسەکەم بەدادگا وت، کاتێك کە لەپشت گردەکەوە دەڕۆیشتن گۆڕانییەکی سەیریان دەوت، ئەو کات بەخۆمم وت ئەبێت سیمای ئەم رووخسارە تا نێو گۆڕەکەم لەگەڵ خۆم هەڵگرم و بڕواشم وایە ناکرێت هەڵەبم.

لەو سیانەی تریش کە هێنایان، هیچیانم نەناسیەوە، وتیان کە یەکێکیان خزمەتکارەکەی موسابەگ بووە، دوانەکەی تریش کە نەناسراوبوون بەمەبەستی سەرلێتێکدان هێنابوویانن.

پاش دوورخستنەوە زیندانییەکان، دادخواز ئاوڕی لێدامەو وتی: لێکۆڵینەوەکەی 23ی مایۆ، کاتێك قسەکانمان وەرگرتی وتوتە موسابەگ شەوی 21ی مایۆ بانگێشتی کردوون، ئێستا چۆن دەڵێیت نەمبینوە؟! منیش وەڵامم دایەوە کە من هەرگیز نەمبینیوە تاوەکو بیناسم، هەتا ئێستاش بەناو نایناسم، ئەو کاتەی قسەمان وەرگیرا، من و دکتۆر رینۆڵدز بووین، لەوانەیە ئەو وتبێتی کە موسابەگ بانگێشتی کردووین بەڵام ئەوسا من قسەی وام نەکردووە...

پاش گەڕانەمان بۆماڵ لە بارۆن هاناتوڤای وەرگێڕەکەم پرسی کە ئەو کەسە کێ بوو کە من ئاماژەم پێدا کە پەلاماردەرەکەبێت؟ وتی ئەو کەسە خودی موسابەگ بوو، ئا ئەو کاتە دڵنیابوومەوە کە ئەوە پەلاماردەرەکە خۆی بوو.

لەکاتی لێکۆڵینەوەکە، لەژوورێکی چاوەڕوانییدا، پیاوێکی لێ بوو بەخزمەتکارەکەمی وتبوو کە ئەو لەو بڕوایەدایە کە موسابەگ پەلاماردەرەکە بووبێت، ئەوەشی وتبوو کە کاتی خۆی موسابەگ برایەکی کوشتوم. هەروەها ئەوەشم پێوترا کە موسابەگ کاتێك هەرزەکاربووە کوردێکی کوشتووە، بیروڕای گشتی بەوشێوەیە بوو کە ئەو هێرشکەری سەر دکتۆر رینۆڵدز بووبێت.

موسابەگ تالێرەبوو زیندانیی نەکرا، ریگەی پێدرا بچێتەوە ماڵەکەی خۆی و لەژێر چاودێرییدا بێت."

میستەرناپ، لەکۆتایی نامەکەیدا، داوادەکات سوپاسی بگەیەننە میستەر واڵاس و دوعای بۆدەکات خوا دەست بەباڵییەوە بگرێت بۆ ئەو هەوڵانەی

لــەپێناو پاراســتنی مســیۆنێرە ئەمریکییــەکان لەدەســتدرێژیی رەعییەتــەکانی تورك دەیدات.

*Mr. Everett to Lord Dufferin.*

ERZROOM, *October* 26, 1883.

MY LORD: On the receipt of Mr. Wyndham's dispatch of the 18th ultimo I wrote to Bitlis for information as to the effect produced there by General Wallace's representation to the Porte.

By the last mail I received a letter from Mr. Knapp, dated the 15th October, in which he tells me that the *vali* intimated to him that his case had been referred to Constantinople, and that Moussa Bey was to be summoned for his identification. "But," Mr. Knapp adds, "that promise has not been fulfilled, and my interpreter tells me that unless the pasha assures the bey that he will certainly escape punishment he will never come in response to any summons whatever. I have no hope, nor have any of my friends, that this pasha will ever do anything in this matter."

From the knowledge we possess of Arif's character, it may fairly be assumed that he will not do anything beyond asking a handsome present from Moussa Bey as the price of his inaction; but it is to be hoped that the United States minister will not allow the matter to drop.

I wish indeed that his excellency could see his way to obtain the dismissal of this official.

* * * * * * *

I have, &c.,

WILLIAM EVERETT,
*Lieutenant-Colonel.*

*Mr. Heap to Aarifi Pasha.*

UNITED STATES LEGATION,
*Constantinople, November* 12, 1883.

HIGHNESS: I regret that I am again compelled to ask your highness's attention to the supineness or indifference, not to use a harsher term, of some of the imperial authorities in Asia Minor in the discharge of their duty of protecting from oppression and injustice American citizens residing in that region.

The Government of the United States has appointed no consuls to reside in the inland provinces of Turkey, confiding the safety and interests of their citizens residing in the interior to the integrity, sense of justice, and respect for treaties of the Turkish authorities. I have to state with deep regret that this confidence has received a rude shock.

Your highness is aware that two peaceable American citizens, while traveling on the 22d of May last, near the village of Ghusrie, in the region of Bitlis, were attacked by a band of highwaymen, and after being brutally maltreated and dangerously wounded were robbed of all their valuables. For the details of this outrage I beg to refer your highness to the dispatch of his excellency General Wallace, dated the 10th of September last.

Messrs. Reynolds and Knapp, the victims of this outrage, lost no time in laying their complaint before Arif Pasha, the *vali* of Bitlis, in whose district it occurred; but this functionary made no effort to secure the robbers, although they were well known to him both by reputation and by name.

Subsequently, in consequence of pressure brought to bear on Arif Pasha, the leader of the gang, Moussa Bey, who had cut Mr. Reynolds down and left him for dead, was, with reluctance, allowed to be confronted with Mr. Knapp, who identified him as one of their assailants. But even with this evidence of guilt Arif Pasha has not allowed Moussa Bey to be tried, and the very unenviable reputation of this *vali* gives cause for apprehension that even if Moussa Bey is tried and found guilty he has already obtained from the pasha assurances of immunity from the consequences of his crime.

In this connection it is proper to state that this legation has official information that the disaffection or rather exasperation of every class and creed of the population in consequence of the rapacity and oppression of Arif Pasha, and his entire disregard of the rights of the people, is exceedingly great. The use of the telegraph has been denied to them and the mails have been rifled to prevent the grievous wrongs of the afflicted people of Bitlis from reaching His Majesty the Sultan.

But my object is not so much to show the unworthy character of Arif Pasha as to appeal to your highness to take such measures as in your wisdom you may consider best to secure the honor, the safety, and the interests of Americans residing within this *vali's* jurisdiction.

The imperial ministry of foreign affairs has, I am happy to say, given repeated assurances that this as well as other kindred complaints should receive prompt and fair consideration, but although these assurances gave evidence of the friendly feeling of the ministry, the legation is aware of no sensible progress in the settlement of these grievances. Some of these questions are of so unpleasant a character and have been so long pending in your highness's department that anxiety may well be felt that a longer delay in their settlement might give rise to claims of an embarrassing if not irritating nature.

I therefore respectfully and earnestly request that your highness will cause orders to be given that Moussa Bey and his accomplices be at once tried for their crimes, and if it be decided to maintain Arif Pasha at his present post, that the criminals be transferred to Constantinople for trial.

In the confident hope that these reasonable requests will be granted, I beg, &c.,

G. H. HEAP.

لــەوەڵامی هــەموو ئــەو فشــارو داوایانــەی بەرپرســانی ئــەمریکی بــۆ بەدەمـــەوەچوونی جــدیی کەیســی پەلامارەکــەی 22ی مــایۆو ســزادانی تاوانکاران، عەریفی پاشای وەزیری دەرەوەی دەوڵـەتی عوسمانیی، لە 8ی دیسەمبەری 1883دا، نامەیەکی ئاراستەی میستەر هیپ کرد و تێیدا دڵنیایی دایە کـە چەسپاندنی دادپـەروەریی لـەو کەیسـەدا پشـتگوێ نـەخراوەو والـی بدلیس داوای لێکراوە روونکردنـەوە لەسـەر کەیسـەکە بدات، لەوەڵامدا والـی ئەستەمبوڵی لـەوە ئاگادارکردۆتـەوە کـە دەزگـا دادوەرییـەکانی ئـەو هەرێمـە بەجدیی لەکەیسەکە دەکۆڵنەوەو کەمتەرخەمیی و پشگوێخستنیان نەنواندووە. سـەبارەت بەموسـابەگیش، کـە لەلایـەن شـکاتکارانەوە بـە سـەرکردەی پەلاماردەران ناسێنراوە، دەستبەجێ نـاوبراو رادەستی دەسـەڵاتداران کراوە، سـەبارەت بـە عوسـمان و حەسـەنیش کـە بـەهاوکاریی پەلاماردانەکـە تاوانبارکراون، ئەوانە مەحالە قۆڵبەستبکرێن چونکە نە شوێنی ئەوانـە هێشتا دیارییکراون و لەکاتی قسەوەرگرتنیشدا قەشە ناپ وتویـەتی ئەوانـە ناناسێت و هیچ داوایەکیشی لەسـەر ئەوانـە نییـە. هەربۆیـە دادگا ناچاربووە کەیسـەکە رابگرێت هـەتاوەکو زانیـاریی پێویست لەرێگـەی دادوەری گشـتیی وانـەوە لـەدکتۆر رینۆڵدزەوە وەردەگیرێت ،کەبۆخۆی لەوشارە نیشتەجێیە. دواجار عـارف پاشـا دلنیـایی داوە کـە هیچ شتێك پشـتگوێ ناخرێت و دادپـەروەریی رێچکەی خۆی دەگرێت".

پـاش دووڕۆژ، واتــە لــە 13ی دیســەمبــەری 1883دا، میسـتەر هیـپ، لـەوەڵامی نامەکـەی وەزیـری دەرەوەی عوسـمانییدا، خۆشـحاڵیی خـۆی لـەو هـەوڵ و کۆششـە لەلایـەن بەرپرسـانی عوسـمانییەوە بـۆ بەدەمـەوەچوونی کەیسی پەلامارەکەی 22ی مایۆ دەربڕی. پاشان میستەر هیپ دەڵێت کە ئـەو هەواڵانـەی کـە سـەبارەت بـەو بابەتـە بەدەستی گەیشـتوون لەگـەڵ قسـەکانی جەنابی وەزیری دەرەوەی عوسمانییدا یەك ناگرنەوە، چونکە موسابەگ وەك تاوانباری سەرەکیی هێرشەکەی سەر نـاپ و رینۆڵدز، کە برینـی کوشندەی کردۆتـە جەسـتەی ئـەوەی دواییـان، وێـرای ئـەوەی بانگێشـتی دادگـا کـراوەو پاش رووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ مستەر نـاپ وەك پـەلاماردەر ناسێنراوە، کـەچی لـەبری ئـەوەی دادگایی بکرێت و قۆڵبەست بکرێت، لەلایـەن عـارف پاشاوە رێگەی دراوە بگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی.

بـەداخیکی زۆرەوە پێویسـتە بڵـێم کـە هـەنگاوەکانی ویلایـەتی بـدلیس لـەم کەیسـەدا جێگـای داخـەو خـەمساردیی و بێباکیی زۆری پێوە دیارە کـە بـاس

Her Majesty's Consul at Erzeroum is particularly well-fitted by his intelligence, experience, and tact for so delicate an inquiry, and I am sure that, even if he were not able to collect any new data, the very fact of a visit from him and the interest just displayed by Her Majesty's Government would be conducive to much good in those disturbed districts.

Should your Lordship authorize me, by telegraph, to instruct Colonel Chermside accordingly, there would be some advantage in his commencing this tour before the hot season begins.

I have, &c.
(Signed) W. A. WHITE.

*Memorandum.*

MR. MARINITCH reports that on Wednesday the 2nd instant, when the Council of the Armenian Gregorian community held its usual sitting under the presidency of the Patriarch at Koum-Kapou, a large crowd assembled outside the churchyard, consisting of a deputation from Moosh (Vilayet of Diarbekir), and of most of the Constantinople Armenians originally from that place, who had come to complain of outrages committed by Moussa Bey, an influential local Kurdish Chief. The Patriarch having called some of them before him, they stated that Moussa Bey had been imprisoned on a charge of oppressing the Armenians, but had managed to escape, and, in revenge, had collected his Kurdish followers and fallen upon the Armenian villagers, plundering houses, violating girls, and torturing and murdering the population, some of whom he had burned alive after pouring petroleum over them.

Whilst these statements were being made to the Patriarch, a telegram was handed to him confirming them, from the inhabitants of Moosh. It had come by the post, its senders having been afraid to entrust it to the telegraph office. The Patriarch endeavoured to calm the people, and decided to report the matter to the Grand Vizier, with a view to obtaining redress, and, at the same time, to send two or three of the deputation to his Highness for reference in case of necessity. They were followed to the Vizirate by the greater part of the crowd, which was, however, dispersed by the police without resistance. The Minister of Police is said to have reported fully to the Sultan on the incident, which, it is asserted, has created a certain impression at the Palace, and has led to the secret dispatch of some officials to the spot to make inquiries.

Sir A. Sandison inquired of the Grand Vizier on the 9th instant as to the so-called "Armenian demonstration." His Highness admitted that a deputation of some seventy or eighty persons had appeared at his Department, but he professed himself unable to understand the real meaning of their proceedings. It was, however, apparently to complain of certain murders of Armenians at Moosh, laid to the charge of Moussa Bey of that place. He added that he did not see how a crime committed at Moosh could affect the Armenians at Van, Ismid, and Constantinople, who had joined the deputation, the real object of which, in his view, was to create a sensation, and afford subject matter for the foreign press.

*Constantinople, May* 13, 1889.



كولونېل سېر ھېربېرت چېرمسايد

*Vice-Consul Devey to Consul Chermside.*

Sir, *Bitlis, April 27, 1889.*

I HAVE the honour to acquaint you of the escape while under arrest of Moussa Bey, of Khuit, which took place four weeks ago.

Moussa Bey is about 30 years of age, the son of Mirza Bey, who was killed in a Kurdish feud at Bulanyk four years ago; one of Mirza Bey's wives was the sister of Bahri Pasha, Mutessarif of Pera, at the capital; the "Ijra Memur" of Bitlis Vilayet is also a cousin of Moussa Bey. Born at Khevian, a village near Mush town, beyond the Caza of Khuit, his rule is absolute over five or six large Kurdish villages of Khuit, and he is able to do much as he likes both there and in the Mush Plain between Bitlis and Mush; it is said nearly 1,000 armed men are under his orders, and 110 at present hold the roads, and are preventing the villagers from taking their corn to be ground at the mills and from moving about. It was Moussa Bey who wounded two American missionaries in May 1883.

His escape has greatly troubled the local authorities. The Tabur Aghassi, who was responsible for his detention, was put in prison, and is now under interrogation, and it may bring about the dismissal of the Vali.

Moussa Bey, it appears, had been continuing a career of violence, and had committed divers actions of oppression and lawlessness for several years past. The villagers of the Mush Plain appealed for redress to the local authorities, and, finally, to Constantinople, but could obtain no satisfaction. Of late only their complaints were taken into consideration, and orders were issued from the capital for inquiry. But Moussa Bey enjoys great influence in this town, and is a close friend of the Sheikhs Haji Nejmeddin Effendi, of the Idaré Council, Yusuf Agha, and other prominent members of the Government, and the orders were put aside. Further, Moussa Bey was residing all the winter in the town, and had not of late been committing excesses, nor did any one venture to bring any charge against him for past misdoings; on the contrary, he had rendered valuable service to the Government in buying the tithes of Khuit for £ T. 500, and collecting them himself to his own advantage, whereas the Government would have been able to do very little if left to their own resources. During the winter Mehemet Ali, Mutessarif of Mush, was making various efforts to bring Moussa Bey to justice; soldiers were even sent to arrest him, but perhaps their behaviour was not very exemplary. The conduct of the Mutessarif is variously interpreted; it has been affirmed that he was persecuting Moussa in order to extract a bribe from him, but I am inclined to believe he is an honest man, and was really striving to keep order and administer justly. Moussa Bey was angered at the Mush Christians for the complaints they were forwarding against him, which possibly were not entirely true; a certain Ohan of Akhavank village, resident at Mush, had taken a prominent part in forwarding these complaints; having occasion to come to Bitlis about six weeks ago, Ohan carefully kept his intention secret, but Moussa, however, learnt his presence here, and placed four or five men on the road near this city, who captured him, though fleeing by night to escape observation; they took him to Gotni, a Kurdish village on the Mush road, and there put him to death by fire, under circumstances of appalling torture. Hereupon a fresh order was received from Constantinople for Moussa's arest and exile; the Government then attempted to carry this out, but Moussa Bey promptly made his escape from the Tabur Aghassi's house and the midst of the zaptiehs, saying that the local authorities were not acting honestly and openly by him. He went at once to the village of Harix, where he plundered the house of a certain Mouro, absent at Mush, abducted a young daughter of his, and slew her grandfather. He was then said to be threatening to pillage the post if the sum of £ T. 700 he had given as bribes to the authorities was not returned. He has just written a letter to the authorities expressing his willingness to return to reside at Bitlis under guarantee (from them), and maintaining that he is innocent of crime, and that, as was seen here, no one had any suit to bring before the Law Courts.

Some members of the Local Government and others now blame the Vali for attempting to arrest Moussa forcibly and openly, and say he should have been persuaded to withdraw voluntarily to Constantinople, as though by the Sultan's desire, and that this would still be the best course to adopt, and is practicable. The Government is indeed miserably feeble at the moment; the vilayet force of zaptiehs consists of 520 (200 are horse), but Moussa Bey would smile at the futility of any attempt on their part to seize him.

I have, &c.

(Signed) GEORGE POLLARD DEVEY.

*Sir W. White to the Marquis of Salisbury.—(Received June 4.)*

My Lord, *Constantinople, May* 30, 1889.

I HAVE the honour to forward to your Lordship the copy of a despatch received by me from Trebizond from Colonel Chermside, and inclosing one he received from Her Majesty's Vice-Consul at Van from Bitlis, giving an account of Moussa Bey and of his outrages.

I have likewise the honour to inclose a copy of the telegram I have just received from Colonel Chermside from Trebizond on the same subject.

I shall not fail to act on your Lordship's telegraphic instruction of yesterday's date.

I have, &c.
(Signed) W. A. WHITE.

*Consul Chermside to Sir W. White.*

(Extract.) *Trebizond, May* 24, 1889.

I HAVE the honour to forward to your Excellency, in confirmation of my telegram of this day's date, two copies of a despatch by Mr. Devey, which, though dated Bitlis, 27th April, only reached Erzeroum on the 18th May, and were received by me here on the 23rd. Mr. Devey has recently visited Bitlis with my sanction, but at his own expense. I have also received news from Mr. ———, and from other sources, relative to the doings of Moussa Bey.

Since the occurrences mentioned in Mr. Devey's despatch, news has been received of Moussa Bey's having killed two men at Akhlat, on Lake Van. In his despatch Mr. Devey states Ohannes of Akhavank to have been killed at Moussa Bey's instigation; but according to the information which reached me direct he was killed by Moussa Bey with his own hand under circumstances of atrocious cruelty, and it was this which led to the Government deciding to make the arrest from which he at once escaped. I have also been informed by travellers that Moussa Bey's Kurds hold all the roads near Mush, and that traffic has consequently to make a considerable détour.

The Vilayets of Van and Bitlis are in a very unsatisfactory state as regards the impunity which outrages and crime enjoy, and the supineness, apathy, or culpable negligence of the Governors.

*Bitlis, May* 7, 1889.

MOUSSA BEY, a young man of 30, but old in iniquity, spent this last winter as a guest of one of our Kurdish Sheikhs; it happened that an Armenian Headman of Arkavan, eleven hours from here, on Mush Plain, came on business to this city; Moussa had a grudge against him because he had signed a Petition to have the Bey arrested; the latter went in pursuit in the night and found his victim in lodgings and asleep, eight hours from here. First he ignited powder he had poured into the right hand and one of the pockets—the one used to sign said Petition, and the other in which he had conveyed it. Afterwards he stabbed him and threw him on a bonfire which he had ordered made. To a bystanding Kurd, on remonstrance with him at inflicting such cruelty, he replied, "Let me not hear a word from you, or I will treat you in the same manner." The Pasha summoned the Bey on his return to the city, but allowed him to make his escape to his village on Mush Plain. This was during the first week of last month, since which he has created terror by robbing caravans, and murdering those against whom he had a grudge, or the wealthy for their money. Week before last a cotton caravan, of some fifty animals and twenty men, were passing on their way from Karpoot to this city. Two of them, natives of the village of Tchme, were singled out, taken to the Bey's village, and stripped of their clothing; but as they proved not to belong to this Pashalic, their clothing was restored to them. These men came and told us their story. Within four days past a caravan, on their way from Aleppo, viz., Karpoot, with goods for Van, while passing through the Mush Plain, were attacked; seven animals, with their goods, were seized, and three men, some say six, were killed.

——— writes us from Mush, on the 3rd instant: an Armenian and son were plundered near the village of Darpan; in a village near Horhannes Monastery two men have been murdered. When Moussa Bey was asked why such proceedings were allowed, he replied that the Mutessarif of Mush had robbed them, the Kurds, of 1,200 animals, and they were determined to murder an Armenian for every animal taken, that Moussa Bey affirms that he has given our Pasha from £ T. 800 to £ T. 1,000 bribe, and that he will requite himself by plundering tenfold that sum from the Christians, &c. The Bey with thirty-five horsemen fell upon Bastavank and killed its Reis, or Headman, and also his father, and such cruelty was exhibited that two lads, grandchildren of the latter, died from fright on the spot.

This was on the night of the 27th ultimo. Threats of similar treatment were sent to other places in that (Aklate) province, and ——— writes us on the 13th ultimo from Purkhus [*sic*], where he lodged, that the night was rendered hideous from the screams of the villagers who were warding off attacks upon their threatened village, which is one hour from Bastavank. By reason of this threat a few are fleeing to this city for protection: a Petition by 150 Armenian signers here was prepared last Saturday, and, at an expense of 500 piastres, sent by telegraph to the Sublime Porte, begging for protection. But it is the opinion of the more knowing that such a Petition will never reach the Porte, and if it does will prove of no avail.

*Vice-Consul Devey to Colonel Chermside.*

(Extract.) *Van, May* 18, 1889.

WITH reference to my letter of the 27th ultimo, I regret to have to draw your further attention to the very dangerous condition obtaining in the Mush Plain, consequent on the escape of Moussa Bey.

Outrages of the gravest nature are being daily perpetrated with impunity, nor am I aware that any steps have been taken by the authorities to re-establish public security.

News from Mush only filters through to Van, and it is possible that some of Moussa Bey's crimes may be reported in exaggerated terms here; but it is certain that more than one Van merchant has suffered very heavy loss from caravans being plundered on the Mush-Bitlis road, and I am told that on one occasion some lives were lost. An Aleppo caravan of Aleppo people was also plundered, but the things stolen were restored on the grounds that Moussa Bey had no spite against strangers. Moussa Bey frequently commands these forays in person, and I believe that he personally applied the fiery tortures by which the man Ohan was so cruelly put to death. His Kurds are said to dress themselves as women, and, approaching unprotected groups of village women when in the open country, to seize and violate them. Lastly, Moussa Bey is levying blackmail on the neighbouring villages of from £ T. 20 to £ T. 50 apiece in a lump sum. In one village, of Akhlat, where his demand met with a refusal, the Kiaya and another man were killed on the following day. The state of alarm is said to be so great that the villagers in some parts leave their houses, and hide from sunset to sunrise.

It is true that Moussa Bey has served his Government in various ways, and was for a considerable time Mudir of Khuit Nahiyyé, and this even after proven crimes had been condoned; at the time he seemed to have reformed. But his late defiance of the Government, not to say open revolt, and his "Khunkyar"-like disposal of the property, lives, and honour of the Mush Armenians are matters that cannot be overlooked, least of all in Bitlis Vilayet, where Moslem fanaticism in every quarter has recently taken fresh root.

P.S. *May* 19.—I learn that a Sheikh of Bitlis (probably Sheikh Emin) and Haji Nejmeddin Effendi personally induced Moussa Bey to return to Bitlis, where he was received with honour, and lodged as a guest in the Sheikh's house. It is added that, by Imperial Iradé, Moussa Bey and his family will reside within, and not leave the limits of Bitlis city.

لێرەشایەنی باسە، کۆلۆنێل چێرمساید لە ٢٧ی مایۆی ١٨٨٩دا، ئەو هەواڵانەی کە لە میستەردیڤیەوە سەبارەت بە هەستی ئەرمەنییەکان لەناوچەکە وەریگرتبوون، بەتەلەگراف گەیاندییە میستەر وایت لەئەستەمبوڵ ، لەم تەلەگرافەدا باسیش لەو هەواڵە ناڕاستانە کراوە کە کۆمەڵەو تاقمە ئەرمەنییەکان لەدەرەوە بڵاویاندەکردەوە. چێرمساید ناوی بڵاوەکراوەیەکی ئەرمەنیی بەناوی "هایاسدان" بردووە کە لەوبارەیەوە چەواشەکاریی زۆری کردووە. بەتایبەت سەبارەت بە کاری حکومەتی تورکیی. لەوسەربەنەوە داوای لە میستەر**دیڤی** کردووە راپۆرتێک لەوبارەیەوە ئامادەبکات.

چێرمساید دەڵێت:" مەسەلەی بێزارکردنی تەنگەتیلانەی ئەرمەنەکان لەهەریمی وان بابەتێکە مایەی پەژارەیە، خەڵکی ئەرمەنی ئەو هەرێمانە بەناڕازیی و ورووژاو دەزانم، بەلام لانیکەمی ئەوەیان هەیە کە ببنە هۆکاری هەرە گرینگی مەترسییدار بۆ حکومەتی تورکیی. گومانی تێدا نییە کە پاش رێکەوتننامەی بەرلین، برێکی زۆر لەهاندانی شۆڕشگێڕانە لەئارادایە، ئەوەی چوارپینج ساڵ گەیشتە ترۆپک و لەبواری هەوڵێکی شکستخواردوودا بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی نهێنیی هاوشێوەی ئەوەی لەبولگاریا هەبوو لەپێش ساڵی ١٨٧٧. هەروەها لەپێناو بەدەستهێنان و کڕینی چەکدا.
هەرێمەکانی وان و ئەرزڕۆم لەبنەڕەتدا کاریگەریی ئەو جوڵانەوەیەیان لەسەرە، بەڵام لەناوچەکانی ئەرزنجان و خەرپوت و دیاربەکر ئەوەندە کەمە کە زۆر بەدەگمەن لەو بارەیەوە بزانم. جوڵانەوەکە هێندە نییە کە بتوانێت بۆخۆی مەترسییەکی جدیی لەسەر حکومەتی عوسمانیی پێکبهێنێت. هەنگاوە سەرکوتکارەکانیش رێگەیان لەهەر دەسەڵاتێکی رێکخراو و هاوبەستەگیی ئەرمەنیی گرتووە و نەیانهێشتووە. هەستی خۆرسکی ناڕەزایەتیی دژی حکومەتە موسوڵمانە تورکییەکە هەمیشە شتێکە دەمێنێت."
ئینگلیزەکان لەکوردستان لەهەوڵی بەردەوامدابوون بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر موسابەگ و رەوشی بدلیس و ناوچەی دەشتی موش، لەو رووەشەوە، سەرچاوەیەکی نهێنیی لە بدلیس لەرۆژی ٩ی مایۆی ١٨٨٩دا، راپۆتێکی داوەتە میستەر**دیڤی**، لەو راپۆرتەدا هاتووە:" بەو دواییە، لەبری جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی ماوەیەکی زۆرە لەبابی عالییەوە هاتووە بۆ قۆڵبەستکردنی موسابەگ بەزیندوویی یان بەمردوویی، پاشا دوو سێ کەسی مەدەنیی، نەک هێزی سەرباز، ناردۆتە لای موسابەگ بۆئەوەی قەناعەتی

پێیکەن بێت بۆ شار، بەڵام هەوڵەکەیان بێهودە بوو. وەڵامی ئەو ئەوەبوو کە تەواو ئامادەیە مل بۆ فەرمانی حکومەت کەچ بکات، بەڵام ئەو نایەوێت خواستی پاشای والی جێبەجێبکات. : " ئێ باشە بۆچی رێگای پێدام هەڵبێم؟! لەکاتێکدا وەڵامی بانگێشتەکەیم دایەوە! نا نا، ناچم بۆلای، با ئەو و ئەوانەشی لەشارن، کە ۱۰۰۰ لیرەم پێداون، بیگەڕێننەوە، دەنا هەمووی لەو بارەی لوت و گوێی کریستیانییە قوربانییە سەربڕاوەکان وەردەگرمەوە، هەرچەندە هەواڵی ئەوەش هەیە کە پێرێ شەو هەستابێت بەسەردانێکی خێرای پاشا...

پاشتر راپۆرتەکە، باس لەو کارانەی موسابەگ دەکات بۆداخستنی رێگای هاتوچۆی گوندەکانی ناوچەکەو ئەو گەمارۆیەی کە بەسەریدا سەپاندووە، گوایە ئەو لەسەرە رێگاکانی هاتوچۆ بۆ شاری بدلیس، بازگەی داناوەو کاروانەکان رووت دکاتەوەو سەرانە دەستێنێ، بەشێوەیەک کە کەس بآ سەرانەدان ناتوانێت هاتوچۆبکات و تێپەڕێت، ئەوەش وایکردووە کە بازرگانیی بەتەواوی پێچراوەتەوە.

پاش ئەوەی راپۆرتەکە باسی سەرانەسەندن و تاڵانکردنی هەندێک لەگوندەکان دەکات و ئاماژە بەو ترس و تۆقاندنە دەکات کە لەناوچەی موش و بدلیس بڵاوبۆتەوە، دەڵێت:" دوێنێ، ئەو شێخەی کە پێشوازیی لەموسابەگ کردووە، ژمارەیەکی زۆر لەدەستوپێوەندی تورک و کریستیانیی بەدواوەبووەو دووبۆ سآ کاتژمێر دوور لەشار رۆیشتوونو موسابەگیان بەرێزو شکۆیەکی زۆرەوە هێناوە بۆ شاری بدلیس، پێمان وتراوە کە ئەم شێخە لەگەڵ پاشای والی، لەموسابەگ خۆشبوون و ئەمڕۆ موسابەگ بەشەقامەکانی شاردا دەسوڕێتەوە!! هەموو ئەمە مانای چییە؟! ئێمە دەپرسین و لەوەڵامیشدا پێمان وتراوە کە باجی هێوریی و ئارامییە، لەکۆتاییدا تۆپەڵێک دۆخی ناوازەمان هەیە کە هەر لەسەردەمی جەنگەوە کە دوازدەساڵ پێشترە هەبووە."

هەر لەم سەربەنەوە، کۆلۆنێل چێرمساید لە ۳۰ی مایۆی ۱۸۸۹دا، میستەر وایتی لەئەستەمبوڵ لەوە ئاگادارکردەوە کە موسابەگ لەشەقامەکانی بدلیس دەرکەوتووە بێئەوەی دەسەڵاتداران پەنجەی بۆبەرن. تەنانەت هەواڵی ئەوەش هەیە کە لەلایەن ئەوانەوە بەباشیش پێشوازیی کراوە."

میستەر وایت کە لەئەستەمبوڵ ئاگاداریی بەشێک لەو سیاسەتانە بوو کەلەنێو بابی عالیدا بەڕێوەدەچوو، لەرۆژی ۱۷ی جونی ۱۸۸۹دا، وەزیری

دەرەوەی بریتانیی لەوە ئاگادارکردەوە کە هەوڵی ئەوە هەیە موسابەگ و دەسەڵاتدارانی بدلیس، لەو تۆمەتانەی ئاراستەیان کراوە بێتاوان پێشانبدرێن، گوایە ئاکاری ئەوان تەواو پێکدژە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی گوایە لەسەرچاوە بڕواپێکراوەکانمانەوە هاتوون، وەک ئەوانەی لەهەرێمەکەدا نیشتەجێن، لەگەڵ ئەفسەرانی کۆنسوڵییەتەکەی خاوەنشکۆ. وایت دەڵێت:" من دڵنیانم کە موسابەگ لەڕییە بەرەو ئەستەمبوڵ، هەروەها نابینم هیچ شتێکی تر بکرێت هەتا ئەو کاتەی دڵنیا دەبینەوە لەوەی کەبەڕاستیی گەیشتووە، ئەوەی کە هێشتا هەندێک گومانیان لێی هەیە. ئەوەی کە دەبێت چی بکات کاتێک کە بگاتەئێرە، کەخۆی لەهەموو ئەو تۆمەتانە پاکبکاتەوە کەدژی ئەو هەن."

دیارە میستەر وایت، سالسبوریلەوە ئاگادارکردۆتەوە، کە لە١٥ی جوندا، لەلایەن بابی عالییەوە بانگێشتکراوەو لەوێ کامیل پاشای وەزیری دەرەوەی بینیوە، ناوبراو بیرخەرەوەیەکی حکومەتەکەی بەزمانی فەرەنسیی داوەتە میستەر وایت و ئەویش رەوانەی لەندەنی کردووە. نێوەرۆکی بیرخەرەوەکە ئەوەیە کە حکومەتی سوڵتان بەبایەخێکی زۆرەوە دەروانێتە ئەو عەرزوحاڵ و هەروەها هەواڵانەی بڵاوکراوەکان سەبارەت بە ئەرمەنەکانی ئەنەدۆڵ بەگشتیی و ئەوانەی وان و بدلیس بەتایبەتیی بڵاویانکردۆتەوە. ئەوانەی گوایە سەبارەت بەبەدماڵەکردنی ئەرمەنەکانە. حکومەت بەهەموو ئەوانەدا راگەیشتووەو لێکۆڵینەوەی کردووەو زۆربەی ئەو قسانەش بێبنەمان و ئەسڵیان نییە، ئەوانەی دیکەش شتگەلێکن لەهەموو وڵاتێکدا روودەدەن، هەرچەندە دادپەروەریی لەئەنجامدا لەئەرکی خۆیدا شکستیی نەخواردووە.

بەودواییە، ئەرمەنەکان،موسابەگیان بەئەنجامدانی توندوتیژیی و بەدکاریی تۆمەتبارکردووە، بۆنموونە، تاوانبارکردنی بەسووتاندنی ئەرمەنییەک بەزیندوویی و ئەنجامدانی کوشتن و تاڵانکردن لەموش. ئەم تۆمەتبارکردن و قسانە ناتوانرێت قبوڵ بکرێت. موسابەگ سەبارەت بەو قسەڵۆک و تۆمەتبارکردنانە زۆر بێزارەو هەربۆیە خۆشی رادەستی دەسەڵاتداران کردووەو پەنای بۆ دادوەریی بردووە. تائێستا هیچ شتێک نەهاتووە دەریبخات کە موسابەگ ئەم تاوانانەی ئەنجامداوە.

تەنانەت ئەو کاتەشی کە روودانی ئەم شتانە باسکراون، موسابەگ هەر لەشاری بدلیس بووەو ئەوێی جێنەهێشتووە. ئەمە بەسە بۆئەوەی بێتاوانی موسابەگ بسەلمێنێت. وێرای ئەوەش، ئۆهانس، ئەو کەسەی کەدەوترێت

موسابەگ سووتاندویەتی، بەمردوویی لەگوندێک دۆزراوەتەوەو بەدوای بکوژەکەیدا دەگەڕێن. هەروەها سەبارەت بەو کچەی کە دەوترێت لەکاتی زەماندو ئاهەنگی بوکێنییەکەیدا فڕێنراوەو دواتر دەستدرێژیی سێکسیی کراوەتەسەرو لەمەنجەڵێکدا کوڵێنراوە، شتێکی خەیاڵیی و تراویلکەیەو هیچ بناغەیەکی نییە، هیچ نموونەیەک بۆتاوانی بەوشێوەیە نییە لەنێو ئیمپراتۆرییەکە، ئاین دژی ئەوەیە کەسێک بەزیندوویی بسوتێنرێت. موسوڵمانان دژی ئەوەن تەنانەت مەترسییدارترین ئاژەڵیش بخەنە نێو ئاگر. ئەو زانیارییانەی کەلەلای کۆنسوڵی ئینگلیز لەوان هەیە کە بۆ ماوەی چوار رۆژ لەبدلیس بووە، هیچ بنەمایەکی نییە.

دەسەڵاتی سوڵتان، هەمیشە پێ لەسەر چەسپاندن و ئارامیی گشتیی دادەگرێت و هەروەها "بابە گارابێد"ی نوێنەری ئەرمەنە کاسۆلیکەکانی بدلیس، باسی لەو هەوڵە زۆرەی دەسەڵاتداران کردووەلەپێناو پاراستنی ئاسایشێکی نموونەیی ناوچەکە کە هێمنیی و ئارامیی تێدا بەرقەرارە. ئەو نوێنەرە دەڵێت کە ئەم هەواڵانە لەلایەن چەند کەسێکەوە بڵاودەکرێنەوە کەبەرژەوەندییان لەشێواندنی راستیی و خولقاندنی بێسەروبەریی و پشێوییە لەمەملەکەتدا."

لەلایەکی ترەوە، سورەیا پاشای سکرتێری یەکەمی سوڵتان، نامەیەکی بڵاوکراوەی ئەرمەنییەکانی ئمپراتۆرییەتەکەی داوەتە کۆنسوڵی بریتانیی لەئەستەمبوڵ، ئەو نامەیەی کە لەرۆژنامەی "تەریق/رێگا"ی فەرمیی عوسمانییدا بڵاوکراوەتەوە و ناوو مۆری ژمارەیەکی بەرچاو لەکەسایەتییەکانی ئەرمەنی تێدا هاتووە. ئەوانە لەو نامەیەدا کە لەرۆژی ١٢ی جونی ١٨٨٩دا، بڵاوکراوەتەوە، تەواوی ئەو هەواڵانە بەدرۆ دەخەنەوە کە رۆژنامە بێگانەکان لەدەرەوە بڵاویدەکەنەوە لەبارەی ئەنجامدانی تاوانی گەورەو بەدکاریی لە ناوچە ئەرمەننشینەکانی دەوڵەتی عوسمانییدا.، گوایە خەڵکی وڵات بەربوونەتە گیانی یەکترو هەمیشە کورد ئەرمەن دەکوژێت و ژمارەیەکی زۆر لەئەرمەنەکان گوایە گیراون. هەروەها گوایە بەگ و ئاغاکانی کورد بەزۆر ژنی ئەرمەن دەبەن و لاقەیان دەکەن! هەموو ئەم هەواڵانە بێبناغەن و پیاوانی ناوچەی موش، وێڕای کوردەکان، دژی ئەو درۆو هەڵبەستنانەن کەلەلایەن ئەو رۆژنامانەوە بڵاودەکرێنەوە. ئێمە خەریکی کارو ژیانی ئاسایی و بازرگانیی خۆمانین و تێکەڵاویی لەنێوانماندا هەیەو هیچ دوژمنایەتییەک لەنێوانماندا نییە.

هەموو ئەو درۆو هەڵبەستنانە بۆئەوەیە کە پەیوەندیی تورکیا بەوڵاتانی بیانییەوە تێکبچێت و کۆنسوڵخانەکانی وڵاتانی ئەوروپیی بشڵەژێن و متمانەو گیانی پەیوەندیی نیوان خەڵک لاوازبێت."

شایەنی باسە ئەوانەی ئەم نامەیەیان مۆرکردووە، بەشێکی زۆرن لەسەراف و بازرگان و کەسایەتییە ناودارەکانی ئەرمەن و لەبری هەموو ئەرمەنەکانی ولایەتی وانیش واژۆکراوە.

پێویستە بوترێت، کە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەنجامدانی تاوانکاریی دژی ئەرمەنەکان لەکوردستان، بەتایبەت لەبدلیس و موش، هەروەها خراپیی دۆخی ئەرمەنەکانی تەواوی ئیمپراتۆرییەکە هەوڵێکی یەکجار زۆری لەلایەن رێکخراو و گروپە ئەرمەنییەکانی دەرەوەو ئەوروپای رۆژئاوا بۆ تەرخانکرابوو، ئەوانەی لەدەرگای هەموو حکومەت و سیاسەتکارانی ئەروپییان دەداو رۆژنامەکانیان بەهەواڵی قەبەو نادروست پڕدەکردو شەپۆلێکی توندیان دژی کوردو موسابەگ و سوڵتان و حکومەتی عوسمانیی دەستپێکردبوو.

لەوبارەیەوە، کەسایەتیی ناوداری ئەرمەنیی، ج. هاکوبیان، نامەیەکی ئاراستەی وەزیری دەرەوەی بریتانیی کردبوو، تێدا هاتبوو کە چەند نوێنەرێکی ئەرمەن، کەبەشێوەیەکی کاتیی لەپایتەختن، لەبری ٥٠٠ کەس لەئەرمەنەکانی موش، عەرزوحاڵیان داوەتە سەدری ئەعزەم داوای سزادانی موسابەگ دەکەن، کە سەرۆکێکی بەدناوی کوردە. ئەوەی بەفەرمانی ئەو گیراوەو بەو زووانە رەوانەی تەڕابلوسی دەکەن!!

لەوەش زیاتر، لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە بیستوویانە کە، موسابەگ ئەو کۆنەتاوانکارەیە کە تائێستا دووجار لەسەر بەدکاریی و توندوتیژییەکانی دەستگیرکراوە. جاری یەکەم کە گیرا، بەهۆکارێکی نادیار بەخشرا، لەجاری دووەمیشدا، خۆی لەسزادان و لێپرسینەوە رزگارکرد. لەوکاتەشەوە ئازادە، ئەو هاوری و پاڵپشتی بەهێزی لەئەستەمبوڵ هەیە."

هاکوبیان لەکۆتایی نامەکەیدا، دوا لەوەزیری دەرەوەی بریتانیی دەکات پشتی گەلەکەی بگرن و لەبەدیهێنانی مافەکانیان هاوکارییان بکەن.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆبکرێت ئەوەیە کە، ئەو هەواڵانەی سەبارەت بە چەوساندنەوەی ئەرمەن و بەدکارییەکانی موسابەگ لەبڵاوکراوە ئەرمەنییەکان و رۆژنامە ئەوروپییەکاندا، بەتایبەت سووتاندنی ئۆهان بەزیندوویی و فڕاندن و کوڵاندنی کچە ئەرمەنییەک لەکاتی

زەماوەنددا، بڵاودەکرانەوە، بەشێکی ئەو دانیشتن و گفتوگۆیانەی بەخۆیەوە سەرقاڵکردبوو کە لەپارلەمانی بریتانیا **(House Of Common)** ئەنجامدەدران. هەموو ئەوانەش لەئەرشیفی دانیشتنەکاندا تۆمارکراون.
لەم رووەوە، لەدانیشتنی ٢٨ی مایۆی ١٨٨٩دا، میستەر برایس، ئەندامی پارلەمان، وتارێکی درێژی لەسەر دۆخی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی و دەوڵەتی عوسمانیی پێشکەشکردو سەرنجی ئامادەبووانی بۆ ئەو راستییە راکێشا کەبەگوێرەی پەیماننامەی سان ستیڤانۆو بەندی ٦١ی پەیماننامەی بەرلین و هەروەها ئەو رێکەوتنە دوولایەنەی لەنێوان هەردوو وڵاتدار کراون، بەرپرسانی بابی عالی دەبوو ئەرمەنەکان لەکوردان و چەرکەس بپارێزن و چاکسازیی لەناوچەکەدا بەقازانجی ئەرمەن بکەن، بەڵام کەبەرپرسانی عوسمانیی خۆیان لەهەر هەوڵێک دزیوەتەوەو بەڵێنەکانیان نەبردۆتەسەر، ئێستاش ئەگەر دۆخەکە وەک وەک ساڵانی پێشووتر نەبێت، ئەوە خراپتریشە. میستەر برایس وتی کە ئەوان وەک بریتانیا دەبل ماف و دەبڵ پابەندبوونی ئەخلاقییان سەبارەت بەکەیسی کریستیانییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی هەیەو پێویستە رۆڵیان هەبێت.
دواتر میستەر برایس، سەرنجی هەمووانی بۆ ئەو دڵڕەقیی و تاوانانە راکێشا کەلەلایەن حکومەتی و بەرپرسانی عوسمانییەوە دەرحەق بەئەرمەن دەکرێت و لێرەدا قامکی خیستۆتە سەر ئەو پەلامارانەی کەلەلایەن کوردانی موسوڵمانی کۆچەرەوە دەکریتەسەر گوندەکانی ئەرمەن و جگەلەوەی ئاماژەی بەناوی موسابەگ داوە کە گوایە چەند هەفتەیەک پێشتر، سەرۆک گوندێکی ئەرمەنی بە بنەدارێکەوە بەستۆتەوەو نەوتی پێداکردووەو سووتاندویەتی. ئەو دەڵێت:" ئێستا موسابەگ کە ئەم کارەی کردووە هاوڕێی والیە تورکەکەی هەرێمەکەیە، هەربۆیە حکومەت خۆی لەگرتن و سزادانی بەدوورگرتووە، ئەوەی زۆر قێزەونە ئەوەیەکە حکومەت هەوڵێک نادات رێگە لەم بەربەرییەتە بگرێت. ئەم تاوانانە، رووداوەکانی پێشووی بولگاریامان بیردێنێتەوە، کە ئەو کات رای گشتی ئەوروپای لەدژ راستببۆوە. هەروەها حکومەتی تورکیی بەئاشکرا لەتەواوی نکۆڵیی لەتەواوی ئەم چرۆکە ناشرینانە دەکات. چ هۆکارێک لێرەدا هەیە کە بڕوا بە هەر قسەیەکی باڵیۆزی تورکیی لێرە بکەین؟! ئەو لەلایەن حکومەتەکەیەوە بۆ هەڵخەڵەتاندن و سەرلێشێواندنی ئیمە نێردراوە! ئەو بیانووەی کە ئەو بەلۆرد سالسبوریوتووەو ئەویش بآ شەرم لەشوینەکانی

دیکە دووبارەی دەکاتەوە، ئەوەیە کە کوردەکان جڵەوناکرێن، چونکە ئەوان لەودیوی سنورەکانەوە، لەئێرانەوە دێن، ئەمەش ناتوانرێت بەسەر ئەو پەلامارانەدا جێبەجێبکرێت کەلەلایەن موسابەگەوە ئەنجامدراون، چونکە بارەگای موسابەگ سی رۆژەڕێ لەسنوری ئێرانەوە دوورە، دەشتی موشیش کە ئەم تاوانانەی تێدا ئەنجامدراوە، ١٩٠ میل لەسنوورەوە دوورە."

لەوەڵامی ئەم قسانەی میستەر برایسدا، میستەر سێرجی فێرگوسن سکرتێری پەیوەندییە دەرەکییەکان رایگەیاند کە بەداخەوە لەگەڵ قسەکانی میستەر برایسدا نییەو مەسەلەکان بەو شێوەیە نییە کە قسەیان لێدەکرێت. چونکە مەسەلەی چاکسازیی لەئاسیای بچووک رێگایەکی درێژی لەبەرەو چ خودی سوڵتان و چ بەشێک لەنیو حکومەتی عوسمانیش، خواست و خولیای چاکسازیی و پاراستنی ئەرمەنەکانیان هەیە.

سەیریش نییە ئەگەر هەندێک رووداوی تایبەت بەشێوەیەکی مەزن زێدەڕۆیی تێدا بکرێت. ئەندامانی بەریزی پارلەمان لەوانەیە رۆژنامەکانیان خویندبێتەوە سەبارەت بە پەلامارێک کەلەلایەن کوردانی بکوژەوە دژی گوندێکی ئەرمەنیی ئەنجامدراوە، بەدیارییکراویش: کوڵاندنی بوکێک بەزیندوویی! هۆکاری ئەوەم هەیە باوەڕبکەم کە شتێکی ئەوتۆ هەرگیز روویندەداوە، پەلامار، کوشتن، دڵرەقیی ناوبەناو هەیە، ئەمە کەیسەکەیە. ئەندامانی بەڕیز گلەیی ئەوە دەکەن کە زانیاریی نوێ نییە، بەدڵنیایەوە راپۆرتی نوینەرەکانی دەوڵەتی خاوەنشکۆ ناوبەناو هەیە، هەروەها حکومەت لەلەئاسیای بچووک و ئەرمینیا لەلایەن ئەفسەرانێکەوە راژەدەکرێت کە باش دەتوانن و لیاقەتی ئەوەیان هەیە راستیی لەناڕاستیی جیابکەنەوە."

سالسبوری، وەزیری دەرەوەی بریتانیا، لەرۆژی ١٨ی جونی ١٨٨٩دا،میستەر وایتی لەئەستەمبوڵ ئاگاداركردۆتەوە، کە هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی میستەر وایتی خستۆتەبەردەم شاژنی بریتانیا، کە کردوویەتی لەپێناو راکێشانی سەرنجی سوڵتان بۆ بەدکارییەکانی موسابەگ.

شایەنی باسە، سورەیای سکرتێری یەکەمی سوڵتان لە ٥ی حوزەیراندا، سوڵتانی لەم قسەو باسەی پارلەمانی بریتانیا و گفتوگۆکانی نیوان میستەر برایس و هەروەها قسەکانی گلادستۆن ئاگاداركردۆتەوەو دەقی ئەو قسانەی بە وەرگێڕاوی پێشکەش کردووە، وێڕای رۆژنامەی ستاندەردی بریتانیی و بەشێک لە بڵاوکراوە ئەرمەنییەکان. پاشتر جەخت لە وە کراوەتەوە کە

وێڕای ئەو ئارامیی و هێمنییەی لەمەملەکەت هەیە بەشێک لەئەرمەنەکان خوازیاری دروستکردنی هێزی چەکداری ملیشیایین و هەوڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و خستنەوەی پشێویی دەدەن.

هەروەها لێرەدا سورەیا دەڵێت : ئەوەی تا ئێستا دیار نییە ئەوەیە بۆچی بریتانییەکان پشتگیریی ئەم هەوڵەی ئەرمەنییەکان دەکەن."[25]



[25] BOA, #. DAH#L#YE, 89065 From : OSMANLI BELGELERNDE ERMENI-INGILIZ ILISKILERI (1845-1890) , Ankara, 2004. P174-175



سێر جێمس فێرگوسن (١٨٣٢-١٩٠٧)



میستەر برایس (١٨٣٦-١٩٢٢)

هەر لێرەدا دەکرێت کورتە ئاماژەیەک بۆ هەندێک لەو هەواڵە ورووژێنەرانە بدەین کە لەرۆژنامە بیانییەکانی جیهاندا بڵاودەکرانەوە، ئەوانەی زیاتر ئەو هەواڵ و بابەتانەیان بڵاودەکردەوە کە لەرۆژنامە بریتانییەکاندا چاپ دەبوو، ئەوانیش زیاتر پشتیان بەدوو سەرچاوەی هەوال دەبەست کە هیچیان بەتەواویی بێلایەن و دەقیق و بڕواپێکراوو جێگای متمانە نەبوون، یەکەمیان بڵاوکراوەو ئەو زانیارییانەی کۆمەڵەی ئەرمەنیی لەلەندەن وەک پرۆپاگەندە بلاویان دەکردەوە، کەژمارەیەک رۆژنامەنووس و پارێزەری ئەرمەنیی دۆستی حیزبی موحافزین و شەخسی گلادستۆن بوون و ئابونەو لایەنگریان بۆ کۆدەکردەوە، دووەمیشیان بریتیبوو لەو راپۆرت و تەلەگراف و نامە نهێنییانەی دپلۆماتکاران و کۆنسوڵەکانی ئینگلیز لەکوردستان و ئەستەمبول رەوانەی لەندەنیان دەکردو ئەویش سەرچاوەکەی ئەرمەنەکانی ناوچەکە بوون.

رۆژنامەی بریتانیی **( RHYI Record )** کە لەرۆژی ١٨ی مایۆی ١٨٨٩دا،چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەبابەتێکیدا بەناونیشانی "پەلاماری جەردەکاریی قێزەون" دەڵێت کە سەرچاوەی باوەڕپیکراو لەئەستەمبوڵەوە، ئەم زانیارییە تایبەتانەی لەسەر جەردە موسابەگ داوەتە پەیامنێری "دەیلی کرۆنیکڵ" ، ئەوەی پەلامارەکان واپێدەچیت کە ئەرمینیای بەرەو راپەرینێک ئاراستەکردبێت بەهۆی ئەو نەهامەتییەی کە خەڵکەکەی ماوەیەکی زۆرە دەیچێژن. موسابەگ کردەو کوڕی میرزا بەگە، ئەو میرزابەگەی دڵرەقییەکەی لەلای دانیشتووان ئەرمەن هەرای لێ پەیدابوو. میرزابەگ لەیەکێک لەپەلامارەکانیدا گوندی نۆرک ی تەختکرد. دوای ئەوەی رێگەی لەگەڕانەوەی خەڵکەکەی گرت و بەوهۆیەشەوە سی کەس لەئاگردا سووتان و گیانیان لەدەستدا. لەبەرئەوە میرزابەگ لەئەستەمبول بۆماوەی ١٥ ساڵ سزای زیندانیی درا. بەدڵنیاییەوە ئەو بەخێرایی لەزیندان هەڵات و پێش ٣ ساڵ لەمەوبەر کوژرا، کاتێک لە هەڵمەتێکیدا بەدوای چەتەیەکی کورد رۆیشت کە وڵاتەکەی لەدەروبەری دیاربەکر خستبۆ پەشێوییەوە. موسابەگ بەو تەمەن گەنجەیەوە شوێنپێی باوکی هەڵگرت، تەنانەت پیش مردنی باوکیشی وەک چەتەیەکی بەدناو و دڵرەق ناسرا. ئەو لماوەیەکدا وەک فەرمانڕەوای ئازاخنیور دانرا، کارەکەشی راوەدونانی ئەو جەردانە بوو کە خۆی سەرۆکیان بوو. کاتێکیش دەسەڵاتەکەی سنووردارکرا، ئەو بۆخۆی کاری جەردەیی گرتەبەرو لەماوەی دوو ساڵی

پێشوو بەدکاریی زۆری ئەنجامدا. ئەرمەنەکان هەستیان بەوەکرد، نە ماڵ و سامانیان و نە شەرەفی ژن و کچەکانیان پارێزراوە. دواجار فشاریانکرد بۆئەوەی حکومەت بە ئەرکی خۆی هەستێت، ئەوەی لەئەستەمبوڵەوە فەرمانی بۆ گرتنی موسابەگ دەرکرد.

پاشان ڕۆژنامەکە، باس لەوەدەکات کە چۆن موسابەگ بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ بەرپرسان و بەهۆی بەرتیلدانەوە خۆی لەچەسپاندنی یاسا و چوونەزیندان دزیوەتەوەو ئەو ماوەکەمەشی لەبدلیس گوایە زیندانیی بووە لەنێو حەریمدا بووەو پاشتریش ئەسپیان بۆزینکردووە تاکو هەڵبێت و قۆناغیکی مەترسییدار لەوەرزی بەهاردا لەکوشتن و تاوان دەستپێببکاتەوە. لەم ماوەیەشدا، ئۆهانی بازرگانی ئەرمەنی کوشتووەو ئەشکەنجەی داوەو نەوتیان پیداکردووەو سووتاندویانە، دواتریش چوونەتە گوندێکی دیکە لەوێش پیاویکیان کوشتووەو کچەکەشیان هەڵگرتووەو پاش ئەوەی باندەکەی زۆر دڵرەقانە تێیبەربوون، ئەوسا کوشتویانە."

هەروەها، ڕۆژنامەی بریتانیی ( The Abrestiwith Observer ) کە لەرۆژی ٢٥ی مایۆی ١٨٨٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەهەواڵێکیدا نووسیویەتی کە موسابەگ، یەک لەسەرکردەکانی ئەنجامدەری بەدکارییەکان لەئەرمینیا، دەوترێت کە خۆی رادەستی والی بدلیس کردووە و لەوانەیە رەوانەی ئەستەمبوڵ بکرێت. والی سێواسیش گەمارۆی قوتابخانە یەسوعییەکەی داوە کە لەژێر چاودێریی فەرەنسییەکانەو و خویندکارەکانی پەرتەوازە کردووە.

لەلاپەڕە ٧ی رۆژنامەی (ST. JAMES S GAZETTE) کە لە٧ی مایۆی ١٨٨٩دا، چاپکراوە، هاتووە:" سوڵتان فەرمانیکردووە سەرۆکە کوردەکە موسابەگ و دەستوپێوەندەکەی، کە هەواڵی ئەوە هەیە لەنزیک موش بەدکارییان ئەنجامداوە، پێویستە قۆڵبەست بکرێن. "

ڕۆژنامەی ( The Cardigan Observer ) یش، کە لەرۆژی ١٥ی جونی ١٨٨٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لە لاپەرە ٤دا،لە ژێر ناونیشانی "هەرای ئەرمینیا" دەڵێت :" وەختی ئەوە هاتووە رێوشوێنی توند دژی هەڵگیرساندنی ئاگرێکی مەزن لەئەرمینیا بگیرێتەبەر، موسابەگ هێشتا بەرەڵایەو ئەو سەرکردەی ٥٠٠ چەکداری کوردەو کۆنترۆڵی وڵاتەکەی کردووە. گوندەکان تاڵاندەکات و سەرانە لەخەڵکی بیدیفاع دەستێنێت. بەوەش ریگەی هاتوچۆو پەیوەندیی لەدەشتی موش بەتەواویی وەستاوە. هەواڵەکان

باس لەوەدەکەن کە ئەم سەرکردە کوردە، پیاوێکی خانەدانی دیکەی تاکو مردن سووتاندووە، لاشەکەشی لە پارچە قوماشێکەوە پێچاوەو ناردوویەتی بۆ هاورێ و هاوپشتەکەی، بۆ والی بدلیس. سەدری ئەعزەم لەڕیی بەحری بەگەوە، کە بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەستەمبوڵەو مامی موسابەگیشە، فەرمانی گرتن و دوورخستنەوەی دەستبەجێی موسابەگی بۆ تەرابلوس لە ئەفریقا، دەرکردووە. فەرمانی گرتن دەرچووە بۆ ئەو ٥٠٠ ئەرمەنەی کە بەم دواییە بۆ دەربڕینی بێزاریی دژی وەحشییەگەریی کوردان خۆپێشاندانیان کردووە. ئەرمینیا لەژێر گەمارۆی راستیینەدایە. بەرپرسانی پۆست فەرمانیان بۆ دەرچووە کە هەر نامەیەک دەچێت بۆ ئەرمینیا بیکەنەوەو بیخویننەوە."

دەشێت مەترسیدارتین بابەت لەقۆناغە مێژووییەدا سەبارەت بە موسابەگ، کە دەنگانەوەو ورووژاندێکی گەورەی لەجیهاندا خولقاند، ئەو بابەتە بێت کە خودی سەرەک وەزیرانی بریتانیا، میستەر گلادستۆن لەئوتی ١٨٨٩دا، لەدەیلی نیوزدا بڵاویکردەوەو جگەلە رۆژنامەکانی تری بریتانیا، زۆرینەی رۆژنامەکانی جیهان، هەر لەئەمەریکاوە هەتاوەکو ئوسترالیا و نیوزلەندا، لەوکاتەدا دووبارە بڵاویانکردبۆوە. ئەوەی هۆکارێکی گەورەی زەقبوونەوەی ناوی موسابەگ و بەدناوبونێتی لەسەراسەری جیهاندا. هەر لەم رووەوە رۆژنامەی بریتانیی ( **Gloucester Journal** ) کە لەرۆژی ٣١ی ئوتی ١٨٨٩دا،چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەژێر ناونیشانی " میستەر گلادستۆن و بەدکارییەکانی تورکیی لەئەرمینیا" دەڵێت: " میستەر گلادستۆن، نامەیەکی لەدەیلی نیوسدا سەبارەت بەدڵڕەقیی تورکیی لەئەرمینیا نووسیوە. هاوکات لەگەڵ نامەکە قسە لەو پێشیلکاریی و تاوانانە کراوە کە گوایە لەلایەن موسابەگ و جاسۆی برایەوە ئەنجامدراون. ئەو زانیارییانەی کەوتویەتی لەلایەن سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە پێیگەیشتووە. لەوەی بڵاوکراوەتەوە دەوترێت کە مانگی مارتی پێشوو، موسابەگ بەهاوەڵی جاسۆی برای و عومەربەگی ئاوەڵزاوای و باندێکی گەورە لە لەپیاوەکانی کە نزیکەی ١٠٠ کەسێک بوون، خۆیان کوتیوەتە ماڵی ئاغاچیان لەگوندی خارس کە ١٨ میل لە موشەوە دوورە و دەکەوێتە نیواموش و بدلیسەوە. یەکەمجار باوکی ئاغاچیانیان بە گولەی تفەنگی مارتینی کوشتووەو ئنجا دزەیان کردۆتە ئەور ژوورەی ئەندامانی خیزانەکەی تێدا خەوتووەو بەتەقە وەخەبەریانهێناون. هەموو ئەوشتانەیان بردووە کە پێیان هەڵگیراوەو پاشتریش ژنەکەی ئاغاچیانیان (ئاڵۆتون) و

هەروەها کچەکەیان (گولیزار) هەڵگرتووە کە تەمەنی ١٥ ساڵە. ئەوەی دواییان پێی پەتیی بووەو هەر جلی شەوی لەبەردابووە، بەفریش هەتا ئەژنۆ باریوەو هەوایەکی زۆر ساردی هەبووە. دوای ئەوەی ئاڵتونی دایکی گلیزار نەیتوانیوە را بکات و کەتۆتەسەرزەوی، کاتژمێریک رۆیشتوون و گولیزار بەتەنیا ماوەتەوەو لێیان پاڕاوەتەوە وازی لێبێنن بڕوات، بەڵام ئەوان لێیانداوەو بەقژ رایانکێشاوە، پاش ئەوە ئیدی لەوە زیاتر توانای رۆیشتنی نەماوەو لەسەر بەفرەکە کەوتۆتە سەرزەوی. پاش ئەوەی ئەوان لەرووبارەکە پەڕیونەتەوە، هەندێک جلوبەرگیان پێداوەو لەرۆیشتوون بەردەوامبوون هەتاوەکو گەیشتوونەتە گوندی زەنگاچبار، لەوێ کە چەند ماڵێکی لێبووە کە موڵکی موسابەگ بووە. شەویان لەو گوندە بەسەر بردووەو هەر لەوێش بۆ یەکەمجار موسابەگ لاقەی کچەکەی کردووە.

پاش سێ رۆژ ئەوان گەیشتوونەتە گوندی پاریسانک، کچەکە لەلایەن دوو کوردەوە براوەتە ماڵی شێخ محەمەد، لەوێ کچە خۆی فڕێداوەتە بەرپێی شێخ و داوای لێکردووە لەدەستی ئەو تاوانکارانە رزگاری بکات. شێخیش چۆتە لای موسابەگ و لێی پاڕاوەتەوە واز لەو کچە بهێنێت، بەڵام ئەو وتویەتی ئەوە مەحاڵەو ئەو کچە بۆیە فڕینراوە کە بکرێتە ژنی جاسۆی برای. لەوساتەدا جاسۆ گەیشت و موسابەگ فەرمانی بەشێخ کرد کچە لەجاسۆ مارەبکات. شێخ وتی کە کچە کریستیانییەو مارەیی نایەت! ئەوسا موسابەگ کێردی دەرهێناو ویستی کچەکە بکوژێت، بەڵام هاوەڵانی نەیانهێشت. بەپێچەوانەی قسەی شێخەوە، جاسۆ کچەکەی هەڵگرت و بردییە گوندی ئاڤیدیک، لەوی چوونە ماڵی سەفەری مێردی میهری خوشکی موسابەگ. لێرە گولیزار لە میهری پاڕایەوە ئازادی بکات، بەڵام بێسوودبوو، وتیان ئەگەر کچەکە شوی بە جاسۆکرد بۆخۆی دەبێتە موسوڵمان!

کچەکە، بۆماوەی مانگێک لەگەڵ جاسۆ لەو گوندە مایەوە، لەکاتێکدا موسابەگ و دەستوپێوەندەکەی بۆ چەتەیی روویان لەچیاکان کردبوو. لەکۆتایی مانگەکە، کچە لەگەل جاسۆ چوون بۆ گوندی شێخ هۆڤوران، لەوی شەش رۆژ لەماڵی شێخ ماونەتەوەو دواتر چوون بۆگوندی خیڤنیا، ئەو گوندەی موسابەگی لێ دەژی و لەوێش سێ هەفتە ماونەتەوە.

لەم ماوەیەدا، حاجی زیاب لەموشەوە، لەگەڵ دوو ژاندارم هاتبوو، چوونە ماڵی جاسۆ و داوای کچەکەیان کردەوە...دواتر کچەکە رادەستی ئەنجومەنی

ئەرمەنیی کرا، ئامادەکاریی کرا لەگەڵ ئەوانی تردا رەوانەی ئەستەمبوڵ بکرێت بۆئەوەی بەڵگەو شایەتیی دژی موسابەگ بدات.
پاشتر، گلادستۆن لەم بابەتەیدا قسەی لەو پەلامارو بەدکارییانە کردووە، گوایە موسابەگ لەدژی ئەرمەنەکان ئەنجامیداوەو کوشتنی ئۆهانس و هەروەها مانوکی وەک نموونە هێناوەتەوەو سەرزەنشتی دەسەڵاتدارانی حکومەتی بابی عالیی کردووە، سەبارەت بەوە چەکی دەستی ئەرمەنەکان دادەماڵن، هەروەها داوای لەسوڵتان کردووە کە بەگوێرەی رێکەوتنی نێوانیان، کار بۆ رێگریی لەم جۆرە پەلامارانە بکات و تاوانکاران بەسزای خۆیان بگەیەنێت.
رۆژنامەی نیوزلاندی (Bruce Herald) کە لەرۆژی ٢٣ی جولای ١٨٨٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "زانیاریی تاوانەکان لەئەرمینیا " لەزمانی پەیامنێری مۆرنینگ پۆستەوە باسی ئەوەدەکات کە راپۆرتەکان هەواڵی چەندین تاوانیان لە دەوروبەری شاری موش راگەیاندووەکە پێویستیان بە گەڕان و لیکۆڵینەوە و بەدواداچوونە. راپۆرتەکان باس لەوەدەکەن کە موسابەگی سەرکردەی کورد ئەرمەنییەکی لەگوندێکی نزیک موش فڕاندووەو بەزیندوویی سوتاندوویەتی دوای ئەوەی نەوتی بەسەر جەستەیدا کردووە. دەوترێت موسابەگ لەکاتی ئەشکەنجەو مردنی قوربانیەکانی بەخوینساردییەوە دارجغارەکەی دەگریت بەدەمییەوە و بەهیواشی قومی لیدەدات!یەکێ تر گێڕایەوە کە ئەو ئێسکی پیاوە مردووەکان کۆدەکاتەوەو لەبەردەم ماڵی والی موش دایدەنێت. چیرۆکی دیکە باس لەحاڵەتی دوو کوشتن دەکەن نەک یەکێک، ئەوەی دووەم کەیسی کچێکە گوایە کوڵێنراوە! راستییەکان لەرێگای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە تیشکی دەخرێتەسەر، ئەویش ئەوەیە کە ئەرمەنییەک بەناوی ئۆهانس بەمردوویی لەنزیک موشەوە دۆزراوەتەوە. بەڵام هیچ تاوانێکی دیکە لەوبەشەی ئەو وڵاتەدا نەبیستراوە. پیاوەکە نەسوتێنرابوو بەڵکو بەچەقۆ لێیدرابوو. دەسەڵاتدارانی لۆکاڵیی و پۆلیس بەدوای پیاوکوژەکەدا دەگەڕێن بەڵام تاوەکو ئێستا نەیاندۆزیوەتەوە.
رۆژنامەی ئوستورالیی (The Australian Star) کە لەرۆژی ٢٧ی ئوتی ١٨٨٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "تۆمەتەکان دژی موسابەگ"دا، باسی لە عەرزوحاڵیکی موسابەگ کردووە کە بۆ سوڵتانی ناردووەو باسی لەوەفاداری خۆی کردووە بۆ دەوڵەت هەر لەگەنجێتییەوەو

هەروەها داوای ئەوە دەکات ئەو تۆمەتانەی لەسەری بڵاودەکریتەوە راست نییەو پیویستە رووبەروو بێتەوە لەگەڵ ئەوانەی بۆیان هەڵبەستووە. ئەگەر ئەو تۆمەتانە راستدەرچوون ئەوا با دادگا سزای بدات. سوڵتانیش فەرمانی بۆ بەڕێوەچوونی دادگایەک بۆلێکۆلینەوە لەو تۆمەتانە داوەتە وەزیری داد. هەروەها فەرمانیش بەوالی بکلیس دراوە کە شکاتکەرەکان لەسەر حیسابی حکومەت رەوانەی ئەستەمبوڵ بکات و ئەرکەکەیان حکومەت بیگریتە ئەستۆ. "

لە لاپەرە دووی رۆژنامەی فەرەنسیی ( **Le Siècle**) یش، کەلەرۆژی ٢٩ی ئوتی ١٨٩٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "نامەیەک لەتورکیاوە" ، بابەتێکی گرنگی لەسەر موسابەگ و کێشەی ئەرمەن و هەلوێستی زلهیزەکان بۆ قۆزتنەوەی ئەو کەیسە دابەزاندووە. بابەتەکە موسابەگی وەک هاوڕیی سوڵتان ناساندووە، کە خۆی و میرزابەگی باوکی بەهۆی ئازایەتییان و بەشداریان لەشەڕی رووسیادا، هاوکارییەکی گەورەی سوڵتان و حکومەتی عوسمانییانداوە. هەروەها باسی وروژاندنی ئەرمەنی لەناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەکە کردووە، بەتایبەتی لەناوچەی وان، بەهۆی دزەکردنی باندی ئەرمەنیی کە لەرۆوسیاو سنورەکانەوە دینە هەکاری و وان و چەکدارن بە تفەنگی بەردان و مارتینی و شەڕی چەتەگەریی دەکەن، بەو دواییەش بەهۆی موسابەگ و خەلیلی بەگی والی وانەوە، یەکێک لەو سەرۆک باندانە بەناوی (کولاکزیان ) کە خەڵکی یەریڤانە لەئەرمینیای روسیی. هەروەها رۆژنامەکە باسی نفوزی زۆری ئەرمەن دەکات لەئەستەمبوڵ و ئەو پێگانە کە لەنێو حکومەتدا هەیانە وەک وەزیری دارایی و دەزگای دادوەریی .

لەهەمووی گرنگتر، ئەم رۆژنامە فەرەنسییە قامکی، خستۆتەسەر ئەو هاوپەیمانییەی کە ئینگلیزو ئەڵمانەکان بۆ وروژاندنی ئەرمەن و دەستوەردان لەکاروباری عوسمانیی دژی روسیای گرتویانەتەبەر. هەروەها ئاماژەی بەرۆڵی کۆنسولەکانی ئینگلیزو مسیۆنێرە پرۆتستانتەکان و لیژنەی ئەرمەنیی لەلەندەن، لە هاندانی ئەرمەن دژ موسابەگ و نووسینی عەرزوحاڵ بۆسوڵتان بەمەبەستی لەقاودانی تاوانەکانی. لەهەمووی سەمەرەتر بەشیک لەئەرمەنی ئەستەمبوڵ بەرگرییان لەموسابەگ کردووە لەپێناو راکێشانی سەرنج و هاوسۆزیی سوڵتاندا.

رۆژنامەی ئەڵمانیی ( Pustertaler Bot ) کە لە ١٣ی سێپتەمبەری ١٨٨٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەدوو لاپەڕەی جیاوازدا، هەواڵی سەبارەت بە موسابەگ و تاوانەکانی لەبدلیس بڵاوکردۆتەوە. لە لایەک بەشێک لەوتارەکەی گلادستۆنی سەبارەت بەفڕاندنی گولیزارو لاقەکردنی لەلایەن موسابەگەوە راگواستووەو لە لاپەرە شەشیشدا، باسی لەچۆنیتی کوشتنی ئۆهانس و ئەشکەنجەدانی بە شیشێکی ئاگرین و پاشتر فڕێدانی لاشەکەی لەسەرشەقام لەبدلیس. جگەلەوەی مەسەلەی پەلاماردانی گوندی داباڤانک و کوشتنی مانوکی باوکی هاگوپی، لەلایەن موسابەگ و جیزۆی برایەو عومەرئاغاوە باسکردووەو چۆنێتی کوشتنی دوو منداڵی بەوپەڕی دڵرەقییەوە لەلایەن موسابەگەوە گێڕاوەتەوە، ئەو زانیارییانەی کە هیچ پشتڕاستکردنەوەیەکی لەرووی مێژووییەوە بۆ نەکراوە.

رۆژنامەکانی نیوزلەنداش پڕن لەبابەتی جیاواز لەسەر موسابەگ. رۆژنامەی ( THAMES STAR) ی نیوزلەندی کە لەرۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" دەبێت کورد سزابدرێن" باسی لەوە کردووە کە سەدەها روسیی و ئەرمەنیی بەپەنامەکیی و ناوی حەجکردنەوە سنوری تورکیایان لەئاسیا تێپەڕیون بەمەبەستی سزادانی کوردان کە خێڵەکەی موسابەگن لەسەر ئەو بەدکارییانەی دژی دانیشتووانی ئەرمەن ئەنجامیانداوە.

تەنانەت رۆژنامەی ( NEW ZEALAND HERRALD ) لەژمارەیەکیدا هەواڵی کوشتنی موسابەگی بڵاوکردبۆوە.

رۆژنامەی ئەمریکیی ( Portland Daily Press) کەلەرۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٩دا، چاپ و بلاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :"موسابەگ ستەمکاری ئەرمینیا"دەڵێت کەپەیامنێری دەیلی نیوز لەئەستەمبوڵ قسەی لەسەر دادگاییەکەی موسابەگ کردووەو وتویەتی کە کۆنسوڵخانەی ئەمریکیی لەلای وەزیری دادی عوسمانیی نارەزایەتییان لەوە دەربڕیوە کە دەستەی دادوەریی مەرایی بۆ موسابەگ دەکەن و شایەتەکان دەتۆقێنن. لەوەڵامدا وەزیریش وتویەتی کە ئەوە راست نیە و هەوڵدەدەن هەر لادانێک راست بکەنەوە.

رۆژنامەی (THE DAILY ASTORIAN) کە لە رۆژی ٢٤ی ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "چەوساندنەوەی ئەرمینیا" باس لەوەدەکات کە هەرایەک لەناوەندی کاربەدەستان روویداوە کاتیک

دەرکەوتووە کە روسەکان بەڵگە لەبارەی چەوسانەوەی کریستیانییەکان لەئەرمینیا لەلایەن تورکانەوە کۆدەکەنەوە. سوڵتان فەرمانی دەرکردووە بۆ قەرەبوکردنەوە نەهامەتییەکانیان، موسابەگی حاکمی ئەرمینیا دەبی سزابدرێت."

هەروەها رۆژنامەی ئەمریکیی (The Waterbury Evening) کەلەرۆژی ٢١ی نۆڤەمبەری ١٨٨٩دا، چاپ و بلاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "سوڵتان ملی دا" دەڵێت:" ئەگەر سەردانەکەی ولیەمی ئیمپراتۆری ئەڵمانیی بۆ ئەستەمبوڵ لەهیچ روویەکی دیکەوە بەرهەمەدار نەبووبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە شێوازێک بووە بۆ هاندانی سوڵتان، تاوەکو موسابەگی جەردەو پیاوکوژی کورد، کە هیچ بەدکاریی و خراپەیەک نەماوە لەو ناوچەیە نەیکات کە هەمیشە لەژێر ترس و تۆقاندنیدا بووە، رووبەڕووی ئەو سزایە ببێتەوە کە شایەنێتی. دەرکەوتووە کە یەکیک لەو خاڵانەی کە قەیسەر لەکاکی گفتوو راوێژیی لەگەڵ سوڵتاندا جەختی لێکردووە بریتیبووە لەوەی بەزووترین کات موسابەگ بهێنرێتەبەردەم دادگا، ئەگەر خەتاباربوو ئەوە دەبێت بآ دواکەوتن سزابدرێت، ئەوەی کە سوڵتان بەڵێنی جێبەجێکردنی داوە. یەکەمین هەنگاویش بۆ بەدیهێنانی بەڵێنەکە قۆڵبەستکردنی ئەم کورد ە شەرەنگێزەیە.

رۆژنامەکە باس لەوە دەکات کە موسابەگ بەئەنجامدانی تاوانی گەورە تۆمەتبارەو بەو دواییەش ٢٠ شایەت لەئەلبانیاوە چوون بۆ ئەستەمبوڵ، بۆئەوەی دژی ئەو گەواهییبدەن، بەڵام بەشێوەیەکی عەجیب لەرێگادا یاخود کاتی گەیشتنیان بۆئەوێ، دیارنەماون."



ولیەم گلادستۆن سەرەک وەزیرانی بریتانیا



گولیزار

## SICKENING BRIGAND ATROCITIES.

From a trustworthy source in Constantinople, a correspondent of the *Daily Chronicle* received the following particulars of the brigand Moussa Bey, whose outrages seem at length to have driven the Armenians as near rebellion as that down-trodden and long-suffering people can become. Moussa is the son of a Kurd, Meuza Bey by name, whose cruel exploits are related with horror by the inhabitants of Armenia. Meuza Bey in one of his expeditions burned to the ground the village of Nork, after cutting off the retreat of the inhabitants, so that 30 of them perished in the flames. For this act he was sentenced at Constantinople to [illegible] years' imprisonment. Of course he quickly escaped, but he was killed about three years ago by an expedition which was sent against Kurdish robbers who were disturbing the country around Diabekir. The son, Moussa, at an early age began to tread in his father's footsteps, and long before the latter's death he had made himself notorious as a cruel and daring brigand. He was at one time appointed Governor of Azakhpeur, and while in office made a shew of [illegible] for the law. His authority was simply used to shield the brigand bands whose chief he was. Freed from the restraints of office, he placed himself at the head of the banditti, and during the last two years has perpetrated a series of sickening atrocities which can scarcely be credited. The Armenians, finding that neither property nor the honour of their wives and daughters was safe, ultimately brought such pressure to bear on the Government that peremptory orders were sent from Constantinople for the arrest of Moussa Bey. He was promptly arrested during one of his visits to Moush, where he kept a harem. The arrest was a mere farce. According to the account which Moussa gave, he paid £50 to the officers of his guard, and they released him. At any rate, he was detained for only a few days. During summer and autumn of last year, when the outcry against him became too loud to be disregarded, other farcical attempts were made to suppress the band, at one time 70 troops being sent in pursuit. Warned by his friends in authority, however, Moussa has always had ample time to get off with his followers and their effects. On the approach of last winter Moussa betook himself to Bitlis, where he announced his intention of squaring the authorities and making himself comfortable for the winter. There, accordingly, was the Bey calmly walking the streets of Bitlis until the appearance of spring brought him another season of outrage, murder, and pillage. Once, indeed, during the winter, an abortive attempt was made to imprison him, but he escaped. Almost before the Governor's door a horse was awaiting him, and he was allowed to ride off in face of the soldiers. The first use he has made of his liberty is to revenge himself on the man who organised the last petition against him. This was an Armenian merchant named Ohan, mayor of Arkevank. The brigands encamped some distance out, and the first time Ohan left the village he was seized. Having gagged him, they stripped him of his clothing. They then collected a pile of faggots, saturated them with petroleum, and, placing their victim bound and helpless upon them, burned him alive. Since this inhuman deed Moussa has visited a small village, murdered one of the inhabitants, carried off his daughter, and the band, after submitting her to the grossest outrages, foully murdered her.

jumped off, and a joiner named Houghton fractured his skull and died shortly afterwards. Others were injured.

Moussa Bey, one of the chief perpetrators of the recent outrages on Armenians, is stated to have given himself up to the Governor of Bitlis, and will probably be sent to Castamouni. The Governor of Sivas surrounded the Jesuit College, which is under French protection, and dispersed the pupils.

The Pope, in a consistorial address, will protest strongly against the erection of the monument to Giordano Bruno, which will be unveiled with great solemnity on June 9. Deputations of students from all the Italian Universities will be present, as well as a deputation from the University of Paris.

At the annual meeting of the Northumberland Miners' Union, on Saturday afternoon, Mr. T. Burt, M.P., was re-elected secretary, and it was decided to ask the owners for an advance of 10 per cent. in wages, and to send a cablegram to Germany expressing sympathy with the miners in that country.

Lord Lytton underwent on Sunday the surgical operation the performance of which was one of his objects in coming to London. The same night the following bulletin was issued: "His Excellency the Earl of Lytton has undergone an operation this day for the removal of a small tumour, and is progressing satisfactorily.—(Signed) Thomas Smith, Malcolm Morris."

It will be a quarter of a century on May 30 since the Comte de Paris was married to Princesse Marie Isabelle, daughter of the Duc de Montpensier, at the Catholic Church, Kingston-on-Thames. On that date, therefore, their Royal Highnesses will celebrate their silver wedding. There is to be a commemoration mass at St. Raphael's, and after the religious services a succession of festivities, extending over a week, and including a ball, a garden party, and a banquet. It is

## GENERAL NEWS.

The Queen has been pleased to approve the appointment of the Rev. Thomas Hamilton, M.A., D.D., to be President of Queen's College, Belfast, in the room of the late Rev. Dr. Porter.

In order to enable as many ships as possible to take part in the forthcoming naval review and manœuvres, it has been directed that any vessels which may be ready, save so far as their breech-loaders are concerned, shall be provisionally armed with muzzle-loaders.

It is stated that the Chancellor of the Exchequer will not bring forward his measure dealing with gold coinage, unless there is a reasonable prospect of being able to carry it through, in the present session.

The Russian Government has, it is stated, by an indirect communication, advised Queen Natalie not to return to Servia until after the departure of King Milan, who is expected back in Belgrade shortly.

